# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

پێنجشەممە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ _ ١٩ فێوریەی ٢٠١٥

ژمارە ٦٥٠

www.kurdistanukurd.com





لە ڕۆژهەڵاتەوە

## بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک

ڕۆژی شەممە سەعات ٢/٣٠ی پاشنیوەڕۆ خەڵکی شاری بۆکان و دەوروبەر بە جلوبەرگی کوردییەوە لەسەر گلکۆی شاعیری نەمر سوارە ئیلخانیزادە لە گوندی حەمامیان کۆدەبنەوە و بە شێعر و مۆسیقا وپەخشان خوێندنەوە ڕێز لە زمانەکەیان زمانی کوردی دەگرن. چالاکانی مەدەنی ڕێکخەری ئەم بەرنامەیەن.

# ژینگە پارێزیی ئێوە، لە خۆشەویستیی نیشتمانەکەتانەوەیە

## بۆنەیەک بۆ دەنگهەڵبڕین دژی سەرکوتی نەتەوەیی و زمانی

قادر وریا

بۆ ئەو نەتەوەو مرۆڤانەی بە دوور لە هەر چەشنە بەربەستو سەرکوتیک بە زمانی خۆیان دەدوێن، دەخوێننو دەنووسن،ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، ڕۆژی جێژنو شادینواندنو شانازیکردن بە زمانەکەیانە. بۆ ئەو نەتەوەو مرۆڤانەش کە زمانەکەیان بەڕەسمی نەناسراوەو ناتوانن بە زمانی خۆیان بنووسن، بخوێننو لە دامو دەزگای ڕەسمیو دەوڵەتیو زانستی دا پێی بدوێن، ئەم ڕۆژە، واتاو ڕۆڵیکی دیکەی هەیە. بۆ ئەوان ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، ڕۆژی بەداخبوون لە چارەنووسی خۆیانو زمانەکەیان، ڕۆژی وەبیرهێنانەوەی بێمافیو ستەملێکراوییەکانیانو، ڕۆژی دەنگهەڵبڕێن دژی هەڵاواردنو بەجێمان لە کاروانی پێشکەوتنو ئازادڕیانە.

بەم پێیە، بۆ نەتەوەکانی ئێران کە فارسزمان نینو هەتا ئێستاش لە سەرەتاییترین مافە نەتەوەییەکانیان، یەک لەوان مافی بەڕەسمی ناسرانی زمانەکەیان بێبەشن، نزیکبوونەوەو هاتنی ڕۆژی ٢١ی فێوریەی هەر ساڵێک، یانی ڕۆژی نوێبوونەوەو دووپاتبوونەوەی ئەم پرسیارەیە کە ئەم بێبەشیو بێمافییە هەتا کەی؟ تاڵیی بەڕەوڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم پرسیارە لەوە دایە کە بزانین و ببینین ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران، خاوەنی هەر سیستەمو ناوەرۆکێک بن، لە ئاست پرسی مافە نەتەوەییو زمانیەکانی نەتەوەکانی ئێران، هەر یەک سیاسەتو ڕوانین وگوتاریان هەیە. چ ڕێژیمی شایەتیی هەڵگری ئیددیعای میراتی شارستانیەتی چەند هەزارساڵە لە سەر کار بێ، چ نیزامی ئیسلامیی بە ڕواڵەت لایەنگری عەدلی ئیلاهی، بەشی نەتەوەکانی ئێران هەر ئەوەیە کە ئەگەر داوای بە ڕەسمی ناسرانی مافە نەتەوەییەکانیان بکەن، لە گەڵ سەرکوت بەرەوڕوو دەبن.

ئێران، سەرەڕای ئەو هەمووە پێهەڵگوتنەی شۆڤێنییە ڕەنگاورەنگەکانی بە شارستانیەتو مێژووی وڵاتەکەو پێشەنگایەتیی ئێرانییەکان، لە ڕووبەڕووبوونەوەو چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەییو زمانیدا، لە دواوەی هەموو وڵاتانی دراوسێی خۆشییەتی. هەموو ولاتانی دراوسێی ئێران کە لەوانیش دا، نەتەوەو زمانی جیاواز پێکەوە دەژین، ملیان بۆ بەرەسمی ناسینی زمانە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەیانو قبووڵی مافەکانی تایبەت بە هەر زمانێک ڕاکێشاوە. لەم بارەیەوە دەتوانین عێراق، پاکستانو ئەفغانستان بە نموونە بێنینەوە. لە عێراق، دوو زمانی کوردیو عەرەبی، هەر دوویان وەک زمانی ڕەسمی لە ئاستی هەموو عێراقدا ناسراونو زمانەکانی تورکمانیو ئاشوورییش لە شوێنو ناوچەی ژیانی ئەو کەمایەتییە نەتەوەییانەدا، ڕەسمیەتیان هەیە. لە پاکستان، دوو زمانی ئۆردووو ئینگلیسی، زمانی ڕەسمیو سەرانسەرینو زمانەکانی پەنجابی، بەلووچی، پەشتوون، سیندیو سرائیکی لە ئاستی ناوچەکان دا، بەرەسمی ناسراون. لە ئەفغانستان زمانەکانی دەریو پەشتوون هەر دوویان لە ئاستی وڵاتدا، زمانی ڕەسمینو کۆمەڵێک زمانی دیکەش لە ئاستی هەرێمو ئەیالەتەکان دا، بە ڕەسمی ناسراون.

ل ٣




ڕۆژی هەینیی ڕابردوو ٢٤ی ڕێبەندان، خەڵکی وشیارو بە هەڵویستی شاری مەریوانو ناوچەکانی دەوروبەر، لاپەڕەیەکی گەشی دیکەیان خستە سەر مێژووی خەباتی جەماوەری و مەدەنیی خۆیان. ئەوان بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە خەمساردیی کاربەدەستان لە ئاست چارەنووسی گۆلی زرێبار لە نزیک ئەم گۆلە کۆ بوونەوە. لە ژێر دروشمی «ڕۆژێکم بۆ زرێبار»، ئەنجومەنی سەوزی چیا لە ڕۆژی جیهانیی پەنگاوەکان(تالاوەکان)دا خەڵکی شاری مەریوان و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی گەورە دا بانگەواز کردبوو. لەو حەرەکەتە مەدەنییە بە شکۆیەدا کە نزیک بە دە هەزار کەس تێی دا بەشدار بوون، باسی ئەو هەڕەشەو گرفتانە کرا کە گۆلی زرێبار بەرەوڕوویان بۆتەوە.

لەم کۆبوونەوە جەماوەرییە دا جگە لە پەیامی ئەنجومەنی سەوزی چیا، پەیامی ئەنجومەن و ڕێکخراوە ژینگە پارێزەکانی شارەکانی سنە، سەقز، بانە، کامیاران و جوانڕۆخوێندرانەوە. لە بڕگەکانی دیکەی ئەم کۆبوونەوە یە دا، وێڕای پێشکەشکرانی چەند پارچە مۆسیقا، شانۆیەکیش لەسەر سروشت و ژینگە لە لایەن هونەرمەندانی شاری مەریوان، پێشکەش کرا.

خەڵکی وشیارو بەهەڵویستی مەریوان، لە حەرەکەتێکی یەکگرتوانەو لە هەڵویستیکی یەکدەنگانە دا ڕایانگەیاند کە ئێزن نادەن گۆلی زرێواریش تووشی چارەنووسی گۆلی ورمێ بێت.



رۆژی جیهانیی زمانی دایک، دەرفەتێک بۆ زمانی کوردی

٤



شۆرشمان نەکرد بۆ دواوە بگەرێینەوە

٥



هەناردەی شۆڕش یا دژی شۆڕش

٦



نزیکبوونەوە لە دواساتەکانی دانووسانە ئەتۆمییەکەی ئێران و ڕۆژئاوا

٨



بەلارێداچوونی شۆڕشێک

٩

## بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدامی سامان نەسیم بە شێوەی کات ڕاگیراوە

سەرچاوەیەکی نیزیک لە بنەماڵەی سامان نەسیم لە لێدوانێکدا بۆ ناوەندی هەواڵی کوردستان و کورد ڕایگەیاند کە جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامی سامان نەسیم بەشێوەی کاتی ڕاگیراوە.



ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی ڕێبەندان سامان نسیم لەگەڵ ٥ زیندانیی سیاسیو مەزهەبی مەحکووم بە ئێعدام بە ناوەکانی: یونس پەیرەوان، حەبیبوڵڵا ئەفساری، عەلی ئەفشاری، سیروان نژاوی و ئیبراهیم شاپووری، لە بەندی ١٢ی زیندانی ناوەندیی ورمێ براونەتە ژووری تاکەکەسی و مەترسیی حوکمی ئێعدامیان لەسەرە نزیک بۆتەوە. بە پێی هەوالو قسەی هاوبەندییەکانی ئەو زیندانیانە، بردنیان بۆ ژووری تاکەکەسی ئەگەری ئەوە هەیە حوکمەکەیان لەسەر بەڕێوە بچێ. سپای پاسداران پێداگرە لەسەر حوکمی ئێعدامی سامان نسیم.

کومیتەی نێونەتەوەیی دژی ئێعدام نیگەرانی و بێزاری خۆی لە حوکمی ئێعدامی ئەو زیندانیانە دەربڕیوە و داوای لە کۆمەڵگەی جیهانی کردوە دژی حوکمی ئەو زیندانیانە ڕاوەستن. لەم پێوەندییەدا یەکیەتیی ئورووپا خوازیاری هەڵوەشانەوەی هەرچی زووتری حوکمی ئێعدامی ئەو زیندانیانەیە و ئەم داوایەیان بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران ناردوە.




خوێندن بە زمانی دایک، پردی پێوەندیی نێوان خۆشەویستیی دایکو قوتابخانەیە

# سەردانی دوو سیاسەتمەداری فەڕانسە لە سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



لە دانیشتنی نێوان هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و دوو سیاسەتمەداری گەورەی فەڕانسەوی‌دا گرینگترین پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە کورد و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تاوتوێ کران.

ڕۆژی شەممە، ٢٥ی ڕێبەندان (١٤ی فێوریەی ٢٠١٥ ) دوو سیاسەتمەدارو نووسەری فەرانسەوی بە ناوەکانی «بێرنارد هێنری لیڤی» و «گیلێس هێرت زۆگ»، سەردانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب و هەیئەتێکی هاوڕێی پێشوازییان لێکرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێک پرس و بابەتی جۆراوجۆری سیاسی هاتنە بەر باس و پێکەوە دوو لایەن ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لە سەر کرد کە باسێک لە سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کوردستانی عێراق و شەڕی داعش، مەسەلەی کورد بە گشتی و پێگەی کورد لە ناوچە داو دۆخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەو باسانە بوون.

لەو دیدارەدا هەروەها دوولایەن بە دوورو درێژی لە سەر بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پرسی کورد لە پارچەکان و بە تایبەت باشووری کوردستان قسە کرا کە بە هەموو توانای خۆی لە بەرانبەر بە پەلاماری تێرۆریستی داعش ڕاوەستاوە و لەو نێوەش دا ئاماژە بە هەڵوێستی حیزبی دێمۆکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراو لە درێژەی باسەکان‌دا بابەت و چەمکەکانی دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ و فەرهەنگی تۆلێرانس و پێکەوە هەڵکردن لە ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتەوە قسەی لەسەر کرا کە خوازیارە بە شێوەیەکی سیاسی و مەدەنی پرسی کورد لە ئێراندا چارەسەر بکا.

هەر لەو دیدارەدا باسێک لە مێژووی پێوەندییەکانی حیزبی دێمۆکرات و وڵاتی فەرانسە و خەڵکی فرانسە هاتەوە بەر باس و بۆ جارێکی دیکە باس لە پەرەپێدانی ئەو دۆستایەتییە بەگشتی کراو پێداگری لە سەر کرایەوە.

# حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کۆبوونەوە



لە دیدارێکی هاوبەشی نێوان دوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دا، دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکەو کوردستان تاوتوێ کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپرستی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی باشووری کوردستان کرد و لە لایەن شاندێکی باڵای یەکگرتووی ئیسلامی‌یەوە بە سەرپەرەستی مامۆستا محەممەد فەرەج، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی کوردستانەوە ، پێشوازییان لێکرا .

لەو دیدارەدا کۆمەڵێک باسی پێوەندیدار بە پرسی کورد بە گشتی و بارودۆخی سیاسیی پارچەکانی کوردستان و بە تایبەتی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دوایانەی هەرێمی باشووری کوردستان وەک: هێرشی تاقمی تێرۆریستیی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هۆکارەکانی ئاراستەکردنی هێرشەکانی داعش لە ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە بەرەو هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی وڵاتانی زلهێزی ناوچەیی لەو هاوکێشانە، ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شەڕڤانانی کورد لە ڕووبەڕوو بوونەوە بەرانبەر بە تێرۆر و هەروەها هاوهەڵوێستی خەڵک و هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەرانبەر بەم پرسە هاتە بەر باس و قسەیان لە سەر کرا .

لە کۆتایی ئەم دیدارەدا هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پێداگرییان لە سەر درێژەدان بە پێوەندییەکانیان کردوە.

کۆیە

# کۆبوونەوەیەک لە لایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلات بۆ ژنانی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان





کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی تاوتوێکردنی دۆخی هەنووکە کۆبوونەوەیەکی بۆ قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی پێک هێنا.

ڕۆژی ٢٣ی ڕێبەندان قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات کۆبوونەوەیەکی بۆ ژنانی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکێک لە سالۆنەکانی حیزب پێک هێنا.

سەرەتای کۆبوونەوەکە قادر وریا باسێکی لەسەر سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆریستیی داعش کرد کە لە ماوەیەکی کورتدا دەستی بەسەر بەشێکی زۆری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتەکانی عێراق و سووریەدا گرتووە و لەم بەینەدا هێرشی کردۆتە سەر ناوچە کوردنشینەکانی باشوور و ڕۆژاوای کوردستان و بەداخەوە بەشێکیش لەم ناوچانەی داگیر کردووە و هێزی پێشمەرگە و شەرڤانانی یەپەگە لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان خۆڕاگرییەکی جانانەیان کردووە و ناوچە کوردنشینەکانی باشووریان لەچنگی داعش ڕزگار کرد و لە کۆبانێش پاش چەند مانگ خۆڕاگری داعشیان تێک شکاند و ئیرادەی نەتەوەیی گەل سەرکەوت.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی باسکەی خۆیدا ئاماژەی بە کار و چالاکییەکانی حیزبەکان کرد و گوتی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا چوونەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکییان نواند کە بەداخەوە ئەم چالاکییانە تێچووی گیانیشی بەدوادا بوو، بەڵام ئەوەی کە ئێمە حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان دەبێ کارو چالاکییەکانمان لە هەموو بوارەکاندا ڕوو بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ لەگەڵ ئەوەی دا کە لە بەرامبەر کێشە و گرفتی کورد لە هەموو بەشەکان خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین و لەم ماوەیەدا نیشانمان داوە و ئامادە بوونی خۆمان بۆ بەرگری کردن لە هەرێمی کوردستان دەربڕیوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕۆژهەڵات لە بیر بکەین.

قادر وریا لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: جووڵانەوەی کورد ئەو کاتە تەزمین دەبێ کە تێکۆشان لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە گۆڕێ دابێ و بەهێز بێ. هەر لەم پێوەندییەدا بوو کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا کە لە بەرامبەر زوڵم و زۆریی ڕێژیمدا هەڵوێست بگرێ و ڕێگا نەدا دژی گەلییەکان لە نەبوونی پێشمەرگەدا سەرکوتی خەڵک بکەن و لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی لە دامەزرانی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات کرد و داوای لە لاوەکان کرد کە هاوکارییان بکەن و خۆیان لە ڕیزەکانیدا ڕێک بخەن.

بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا هاتە سەر کێشەی دێموکراتەکان و بە ئومێدەوە باسی داهاتووی دوو لایەنی دێموکرات کرد و ئەوەی کە هەر دوو لای دێموکرات لە ئاستی سکرتێر و دەفتەری سیاسیدا بەیەکەوە دانیشتوون تا ڕێگەچارە بۆ حەلی کێشەکان و یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان بدۆزنەوە. قادر وریا گوتی: ئەوە خاڵێکی بەهێزە بەڵام دەبێ بە شێوازێک بێ کە هەموولایەک تێیدا هەست بە ئاسوودەیی بکەن و بە هی خۆیانی بزانن و کەس لە پەڕاوێز نەخرێت و یەکگرتنەوەیەک بێ کە چارەسەری هەموو ئەو کێشانەی کردبێ کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا که نزیک ٢ کاتژمێری خایاند، بەشداربووان کۆمەڵێک باس وپرسیاریان هێنایە ئاراوە کە لە لایەن کۆڕگێڕەوە بە وردی وڵامیان درایەوە.

# حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی کوردستان کۆبوونەوە



بە ئامادەبوونی هەردوو سکرتێری حیزبی دێموکرات و حیزبی شیوعی، کۆمەڵە بابەتێکی تایبەت بە پرسی کورد لە ناوچەکە تاوتوێ کران.

ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕێبەندانی ٩٣ ( ١٨ی فێورییەی ٢٠١٥) هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرەستی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستانیان کردو لەلایەن شاندێکی حیزبی شیوعییەوە بە سەرپەرەستی بەڕێز کەماڵ شاکر، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی ئەم حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا .

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا کاک خالید عەزیزی لەپێوەند دەگەڵ بارودۆخی حکوومەتی هەرێم و باشووری کوردستان ئاورێکی لە ڕووداوەکانی ئەم دوایانە و بەتایبەت هێرشی هێزەکانی داعش بۆ سەر باشوری کوردستان و چۆنیەتی پێوەند دانەوەیان بە کۆماری ئیسلامی دایەوەو هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕانە هێنایە بەرباس و لەو پێوەندییەدا، ئاماژەی بە ترسی ڕێژیمی ئێران لە حزورو دەرکەوتنی حیزبی دێمۆکرات کرد .

لەبەشێکی دیکەی قسەکانی دا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات ئاماژەی بە ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی لەمەر چۆنیەتی خولقاندنی قەیرانگەلی جۆراوجۆر لە عێراق و وڵاتانی ناوچەکە لە پێناو جێگیرکردنی زیاتری پێگەی خۆی و بەتایبەت هەڵسوکەوتی ناتەبای ڕێژیم و سیاسەتە جیاوازەکانی سەبارەت بە پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەدا کرد. بەڕێزیان لەم پێوەنییەدا وتیان کە؛ «پشت بەستن بە ڕێژیمی کۆماری کوردستان لەو ڕوانگەوە کە پێمان وابێ یاریدەدەری پرسی کوردە، هەڵەیەکی گەورەیە.»

هەر لەو پێوەندییەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکرات باسی لە سیاسەت و ڕوانگەو بۆچوونەکانی حیزبی سەبارەت هەڵوێست و سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و کەڵک وەرگرتن لەدەرفەتەکان لە پێناو مەرتەح بوون و هێنانەگۆڕی زیاتی پرسی کورد لەشکڵ و شێوەی جۆراوجۆر لەڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا کرد.

لە درێژەی دیداری نێوان هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی کوردستان دا بەڕێز کەماڵ شاکر، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی کوردستان سەبارەت بەتەوەر و بابەتەکانی ئاماژەپێ کراو و هێندێک پرسی دیکەی پێوەندیدار بەکورد و ناوچەکەو بۆچی حیزبەکەی هێنایە گۆڕێ و بە گشتی دەگەڵ زۆربەی زۆری لێکدانەوەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکرات و سیاسەت و بوچونەکانی حیزب لەمەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و بەتایبەت ڕوانگەی حیزب لەسەر ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باقی پارچەکانی دیکەی کوردستان، هاوڕا بوون.

بەریتانیا:

# پێشوازیکردنی سکرتێری یەکەمی باڵیوزخانەی ئەمریکا لە نوێنەری حیزبە کوردستانییەکان



ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٠ی فێوریەی ٢٠١٥ کاتژمێری ٣ی پاشنیوەڕۆ هەیئەتێک بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانییەکان سەردانی باڵیوزخانەی ئەمریکایان لە شاری لەندەنی پایتەختی بریتانیا کرد و لە لایەن جاناتان پیسیا (Jonathan Peccia) سکرتێری یەکەمی باڵیوزخانەوە پێشوازییان لێکرا. سەرەتای چاوپێکەوتنکە بە کورتە باسێک لەلایەن وتەبێژی کۆمیتەکە لە بارەی وەزعی سیاسی کوردستان و ڕووبەڕووبونەوەی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆریستان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی نارەزایەتی و دڵگرانی لایەنە سیاسییەکان و گەلی کورد لە پێوەندیی دەعوەت نەکردنی نوێنەری کورد لە کۆنفرانسی لەندەن کە تایبەت بو بەرووبەڕووبونەوەی تیرۆر و لە ڕۆژی ٢٢-١-٢٠١٥ گرێدرا گەیەندرایە باڵوێزی ئەمریکا، تاکوو ئەویش لای خۆیەوە بیگەیەنە دەستی کاربەدەستانی وڵاتەکەی. پاشان «جاناتان پیسیا» دوای گوێگرتن لە داوا و پێشنیارەکان وەڵامی نوێنەرانی کوردی دایەوە. سەرەتا سەرجەم داوا و پێشنیارەکانی بە ئیجابی هەڵسەنگاندو بەڵێنی دا کە بە زوترین کات وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی لێ ئاگاداردەکاتەوە . لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارە دا مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا، کورتە باسێکی سەبارەت بە باردۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کێشەکانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هێنایە بەرباس و ئاماژەی بەوە دا کە لە ئێستا دا کێشەی کورد لە ئێراندا لە تەوەری کاری کۆشکی سپی دا نیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە کورد کێشەی نیە. هەروەها باسێکی لەسەر هاتنە سەرکاری حەسەن روحانی و دانیشتنەکانی ئێران و گروپی (٥+١) و هەروەها پێشلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و بەتایبەت کوردستان کرد. سوارە لە درێژەی قسەکانی دا گوتی بۆ خەڵکی ئێران و کوردستان ئەوە کێشەی سەرەکی نیە. نەتەوەکانی ئێران ماف و ئازادییەکانیان لێ‌زەوت کراوە و دێموکراسی و ئازادی تاک بۆ خەڵک گرینگن. بەشێکی دیکەی باسەکان مەسەلەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و مەترسی لەسێدارەدانی زیاتر لە پەنجا زیندانی سیاسیی کورد بوو، کە لەو پیوەندیەدا نامیلکەیەک بەنێو و ناسنامەی زیندانیەکانەوە پێشکەشی باڵوێزی ئەمریکا کرا و ئەویش بەلێنی دا کە ئەو نامیلکە بگەینێتە دەستی بەرێز جۆن کێری وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی. پاش زیاتر لە دوو کاتژمێر وتووێژ و دانووستان، کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهات.

# بەشداریی هەیئەتەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕێورەسمی یادی دامەزرانی کۆمەڵەدا

سلێمانی

**لە سەر بانگهێشتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵە بەشداریی لە یادی ڕۆژی کۆمەڵەدا کرد.**

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ڕیکەوتی ٢٥ی ڕیبەندان، هەیتەتێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان، خالید وەنەوشە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، تاهیر قادرپوورو عەبدوڵڵا مەتاعی دوو کادری حیزب، بەشدارییان لە ڕێورەسمی ٣٦ ساڵەی تێکۆشانی کۆمەڵە دا کرد.

هەر لەو پێوەندییەدا دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ٢٤ی ڕێبەندان، وەفدێکی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان؛ حەسەن شێخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و حەسەن خۆشکەلام، ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی لە سەر بانگهێشتی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە ڕێورەسمی ڕۆژی کۆمەڵەدا، بەشداری کرد.

ئەو ڕێورەسمە کە لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی شەهید بوونی کاک حەمە حوسێن کەریمی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بەڕێوەچوو.

دانمارک

ڕۆژی شەممە ١٨ی ڕێبەندان، هەیئەتێکی کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی رەحیم خالیدنژاد، بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لەم وڵاتە، لە دانمارک، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی دامەرزانی ئەو ڕێکخراوەدا کرد.

هەروەها ڕۆژی ١٩ی ڕێبەندان هەیئەتێکی دیکەی کومیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم وڵاتە، لەسەر بانگهێشتی ڕەسمیی کومیتەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دانمارک، بەشداریان لە سیمینارێک‌دا کرد کە بە بۆنەی ساڵیادی دامەرزانی ئەو ڕێکخراوەیە، بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵە کاک عومەر ئیلخانیزادە ڕێک خرابوو.

هەئیەتی کومیتەی حیزب پەیامی پیرۆزبایی و چەپکە گوڵی ڕیزلێنانیان پێشکەشی بەڕیوەبەرانی سیمینارەکە کرد.

کۆمەڵەکان ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی، بە ڕۆژی ئاشکرا بوونی تێکۆشانی خۆیان دەزانن و هەموو ساڵێ بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم، یادی ئەو ڕۆژە بەرز رادەگرن.

فینلاند

# ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٦٩هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٠١٥/٢/٧ی زایینی، لە لایەن کومیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان لە فینلاند، بە بۆنەی ٦٩هەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان لە مەهاباد، ڕێوڕەسمێکی تایبەت لە شاری تورکو لە وڵاتی فینلاند بەڕێوە چوو.



ڕێوڕەسمەکە بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسیو مەدەنیەکانی ئەندام لە کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان، کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبو دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد.

بەشی یەکەمی ڕێوڕەسمەکە تەرخان کرابوو بۆ باسو بابەتەکانی هەر کام لە بەڕێزان، حەیدەر کاکەزادە، حەسەن حاتەمی، سالار ئاشناگەرو شاخەوان نەقشبەندی کە هەر کام لە ناوبراوان، سەبارەت بە چۆنیەتیی دامەزرانو ڕووخانی کۆماری کوردستان، پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان لەگەڵ ئازەربایجان، هەلومەرجی ناوچەیی‌و جیهانی لە سەردەمی کۆماردا باسو بابەتەکانی خۆیان پێشکەش کردو هەروەها ئاماژەیان بە تایبەتمەندی‌و خاڵە بەهێزو لاوازەکانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان کرد.

پاشان هەر بەم بۆنەیەوە، پەیامی ئەو ڕێکخراوەو لایەنانە پێشکەش کران:

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی ڕوژهەلاتی کوردستان- فینلاند

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە فینلاند

بزووتنەوەی گۆڕان ـ فینلاند

بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان ـ فینلاند

پەیامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان ـ فینلاند

پەیامی کەمپەینی یەکی بەفرانبار ـ فینلاند

لە بەشەکانی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، بەڕێزان ڕەئووف گوڵبەدەن‌و عەبدوڵڵا حاجی پەخشان‌و شیعریان خوێندەوەو هونەرمەند فەرهاد ئالانی، بە سرودێک بۆ کۆمارو پێشەوا، بەشداریی ڕێوڕەسمەکە بوو.

بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەش، تایبەت بوو بە پیشاندانی فیلمێکی ٤٥ دەقەیی سەبارەت بە دامەزرانی کۆماری کوردستان کە لەلایەن بەڕێز سمایل مامڵێوە ئامادە کرابوو و جێی ڕەزامەندیی بەشدارانی یادی کۆماری کوردستان بوو.

نۆرویژ _ ترۆندهایم

# بەڕێوەچوونی ٦٩یەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان

کوردانی شاری ترۆندهایمی وڵاتی نۆرویژ لە ڕیوڕەسمێکدا، یادی ٦٩یەمین ساڵی دامەزراندنی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٨ی ڕیبەندان ڕیوڕەسمێک لە لایەن کوردستانیانی دانیشتووی شاری ترۆندهایمەوە بە بۆنەی ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەڕێوەچوو.

سەرەتای بەرنامەکە بە سرووودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و چەند خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەستی پێکرد. دواتر مۆمی ٦٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان و بنەماڵەی شەهیدانەوە داگیرسا. پاشان پەیامی کوردانی شاری ترۆندهایم بەم بۆنەوە لە لایەن کاک «بێکەس بەرواری»یەوە خوێندرایەوە.

ناوبراو لە پەیامەکەیدا وێرای باسکردن لە ڕۆڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشەوا «قازی محەممەد» لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا، ئاماژەی بە دەستکەوتەکانی کۆمار لە باری سیاسی، کلتووری، فێرکردن و ...کرد و کاریگەری هەنگاوەکانی کۆماری کوردستانی



لەسەر داهاتووی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورددا بەرز نرخاند.

دواتر هونەرمەندان بە سروود، گۆرانی و شێعر شۆڕشگێڕی ڕیوڕەسمەکەیان ڕازاوەتر کرد.

بەشی دووهەمی ڕیوڕەسمەکە شاعیری لاو «کاوە حەسەنپوور» شێعرێکی کورتی سەبارەت بە کۆمار خوێندەوە.

لە کۆتایی ڕیوڕەسمەکەدابۆ بە شایی و هەڵپەڕکێی کوردی کە ئەم بڕگەیە تا درانگانی شەو بەردەوام بوو.

# چاوپێکەوتنی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێکخراوی ئازادی لاوان

سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٥/٢/١٠ شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەشاری سلێمانی سەردانی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانیان کرد. شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتی، سەردانی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانیان کردو لە لایەن شاندێکی ڕێکخراوی ئازادی لاوان بە سەرپەرەستی هێمن حەمید سکرتێری ئەم ڕێکخراوە پێشوازییان لێکرا. سەرەتای دانیشتنەکە سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوان وێڕای بەخێرهاتنی شاندی یەکیەتیی لاوان، پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی حەوتەمی لە شاندی لاوان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ بەڕیوەبەری نوێ خواست. سکرتێری ڕێکخراوی ئازادی لاوان سەبارەت بە کۆنفڕانسی داهاتووی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست کە بە هاوکاری ڕێکخراوی ئۆلۆف پالمە لە شاری سلێمانی بەڕێوەدەچی باسێکی کرد. پاشان سکرتێری یەکیەتیی لاوان ئاماژەی بە چەند بابەت کرد و گوتی : «ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست هەمیشە سەکۆیەک بووە بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بە کۆمەڵگای نێودەولەتی، ئەمجارەشیان بە گرتنی ئەم کۆنفڕانسە



لاوانی ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست و ڕێکخراوی ئۆلۆف پاڵمە لەپێناو ئاسایشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و گەیشتن بە تەبایی گەلان لە ناوچەکە، دەتوانن یارمەتیدەر بن بەدۆخی ئیستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دڵنیام کە بە یەکدەنگی و هاوئاهەنگی هەموو لایەک دەتوانین بەگرتنەبەری میکانیزمی گونجاو لەبەرامبەر تۆندئاژۆیی ئیسلامیدا بوەستینەوە. بەم هیوایە ئەم کۆنفڕانسە سەرەتایەک بێ بۆ کاری هاوبەش لە پێناو هوشیاری هەرچی زیاتر لەنێو لاوانی کوردستان.» دوای کاتژمێرێک ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە کەشێکی دۆستانەدا، دانیشتنەکە کۆتایی هات.

سلێمانی:

# بەشداری شاندێکی یەکیەتیی لاوان لە کۆنفڕانسی نێودەوڵەتی « ڕێگای ئاشتی و دێموکراسی»

لەسەر بانگهێشتی ڕێکخراوی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست و ڕێکخراوی ئۆلۆف پاڵمە شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتیی ڕێکخراو لە کۆنفراسی نێودەوڵەتی « ڕێگای ئاشتی و دێموکراسی - میانەڕەوی دژ بە توندڕەوی» دا کە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی٤ی ڕیبەندان لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو بەشدار بوون.

لە سەرەتای کۆنفڕانسەکە دا وێڕای ساتێک وەستان بۆ ڕێزگرتن گیانی پاکی شەهیدان‌و پاشان پەیامی ڕێکخراوی ئۆلۆف پاڵمە لەلایەن «ئێزابێل لاندیبێن»خوێندرایەوەو پەیامی لاوانی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست لەلایەن ئەڤین ئەنجیر پێشکەش کرا.

پانێلی یەکەمی کۆنفرانس لەژێر ناوی «ئەو قەیرانە تازانەی ڕووبەڕووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبنەوە» لەلایەن مەلا بەختیار، کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکیەتیی نیشتمانی یەوە پێشکەش کرا.

ئەو کۆنفرانسە لە چەندین پانێل پێک هاتبوو کە لەواندا باسی و «کاریگەری سیاسی و ئایدۆلۆژی و گەشەکانی هەرێمی و ناوچەیی لەسەر قەیرانەکان»، «ڕۆڵی کورد و دەرئەنجامەکانی پرسەکانی کورد کە لە هەرچوار بەشی کوردستان» کە نوێنەری لاوانی هەرچوارپارچەی کوردستان



قسەیان تێداکرد.

پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسێکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و ئاماژەی بە کۆمەڵێک بابەتی گرنگ و پێوەندیدار بە کورد و کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد کە لە قسەکانیدا هاتبوو لەو دۆخەدا ئەوەی لەسەرشانمانە ئەوەیە کە یەکەم بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی لەناوچەدا پێرەو بکەین و لەڕووی سیاسیشەوە ئابووری و سیاسەت وەکوو دووانەیەکی لەیەک دانەبراو لەیەک نزیکتر بکەینەوە، بۆ ئەوەی کەس خەمی نانی نەبێت بۆ تێرکردنی ئێستا و دوارۆژی و پەنا بۆ هیچ ئایدۆلۆژیایەک نەبات.»

کۆنفڕانس پاش سێ ڕۆژ کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

دانمارک

# سمینارێک لە ژێر ناوی خەسارناسی لێکدابرانی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٨ی فێورییەی ٢٠١٥ی زایینی، لە شاری ئاڵبۆرگی وڵاتی دانمارک، ماڵی کورد سمینارێکی سیاسی لە ژێر ناوی (خەسارناسی لێکدابرانی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی حیزبی دیموکرات)، بۆ هەر دوو بەریزان ئەحمەد لبادی و عبدوڵڵا حیجاب پێک هێنا. سمینارەکە لە دوو پانیل پێک هاتبوو، لە پانیلی یەکەمدا عبدووڵڵا حیجاب ڕوانگە و بۆچوونی خۆی بۆ بەشداربووان باس کردو بە شێوەیەکی گشتی باسی لە قەیرانەکانی جیابوونەوەی ناو حیزبی دێموکرات کرد و گوتی کە پێویستە لە ناو حیزبی دێموکرات دێموکراسی ناوخۆیی حیزبی بەهێزتر بکرێ و لە هەمان کات‌دا پەرە بە کولتووری یەکتر قەبوڵ کردن بدەین. لە لایەکی دیکەوە بەڕێزیان ئاماژەی بە فیرۆچوونی وزەی دێموکرات لەو هەشت ساڵەدا کردو دڵخۆش بوو کە ئەمڕۆ بەدەنە و ڕێبەرایەتی هەر دووک لا بەو قەناعەتە گەیشتوون کە حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو دەتوانێ لە داهاتوودا پێگەی بزووتنەوەی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا بەهێزتر بکات و کاریگەری خۆی هەبێت لە ناو هاوکێشە سیاسییەکانی ئەوڕۆ و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە کۆتایی پانێلی یەکەم پەیامی کەمپەینی ١ی بەفرانبار کە بەم بۆنەوە بۆ ماڵی کورد ناردرابوو خوێندرایە. لە بەشی دووهەمی سمینارەکەدا کاک ئەحمەدی لبادی لە سەرەتای باسەکەدا یەکێک لە هۆکارەکانی لێکدابڕانی ناو هێز و لایەنە سیاسییەکان و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لە ئاکامی ئاڵوگۆڕەکانی ئەمڕۆی جیهان و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە ناو هەرکام لەو هێزو لایەنانەدا کۆمەڵێک پرسیار دروست بووە کە هەتا ئێستاش بێ وڵام ماونەتەوە هەر ئەوەش وایکردووە کە تێروانینی جیاواز لە بەڕێوەبەری حیزبە سیاسییەکان بێتە کایەوە. لە بەشێکی دیکەی باسەکەدا لبادی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هێز و لایەنە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیانتوانیوە خوێندنەوەیەکی نۆێیان بۆ نەوەی نوێی کۆمەڵگای کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا هەبێ کە ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان وشیار بوونەتەوەو ڕادەی خوێندەواری چۆتە سەر و بەشداریی ژنان لە پرسگەلی جووڵانەوەی کورد بەگشتی وهێزە شۆڕشگێرەکان دا ئەوەمان پێ دەڵێ کە نەمانتوانیوە وەڵامدەر بین.

ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە با هەموومان ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین بزانین لە ئاکامی ئەو لێکدابرانانەدا، ئێمە وەکوو هەر دوولای دێموکرات چ قازانجێکمان کردووە؟ بزووتنەوەی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چ نوقتەیەک گەیشتووە؟ لە کۆتایی باسەکە دا بەشداربووان، بە پرسیارو تێبینی‌یەکانیان سمینارەکەیان دەوڵەمەندتر کرد. شایانی ئاماژە پێ کردنە کە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی هەر دوو بەشی دیموکرات ئامادەی سمینارەکە بوون.

# کۆمەڵێکی دیکە لە لاوانی کوردستان بەریزی پێشمەرگەکانی دێموکراتەوە پەیوەست بوون

بە پێی هەواڵێک لە فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گەیشتوە، ڕۆژی سێشەممە ٢٨ی ڕێبەندان پۆلێکی دیکە لە کچان و کوڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ریزی پێشمەرگایەتی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیوەست بوون. لەڕێورەسمێکدا کە بۆ بەشدارنی ئەو دەورەیە کە ٢١٠یەمین دەورەی فێرگەی سیاسی نیزامی بوو پێک هات، خالید حەسەن خاڵی ڕاپۆرتی فێرگەی لەسەر کاری فێرگەو وانە سیاسیەکان و تەواوبوونی دەورەکە پێشکەش کرد. پاشان برایم چووکەڵی جێگری کۆمیسیونی سیاسی نیزامیی پەیامێکی پێشکەش کرد. ناوبراو وێرای پیرۆزبایی لە بەشدارنی دەورەی ٢١٠ی سەرەتایی، ئاماژەی بە ئەرکەکانی داهاتووی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە کرد و هەروەها لەپێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی ئەمرۆی کوردستان و پاریزەرانی ڕۆژهەڵات بۆبەشداران دوا. پاشان



پەیامی بەشدارانی دەورە لە لایەن ئازاد کەریمی یەکێک لە بەشدارانی دەورەکەوە پێشکەش کراو دواتر خەڵاتی فێرگە بەسەر بەشدارانی دەورەکە دا دابەش کرا.

دریژەی:

# بۆنەیەک بۆ دەنگهەڵبڕین دژی سەرکوتی نەتەوەیی و زمانی

وڵاتێکی دیاری دیکەی ناوچە کە دراوسێی ئێرانیشەو نەتەوەو زمانی جۆراوجۆری تێدایەو ساڵانێکی زۆر وەک ئێران سیاسەتی زاڵکردنی یەک زمان بە سەر زمانەکانی دیکەداو سەرکوتکردنی نەتەوەو زمانەکانی دیکەی بەڕێوە بردوە، وڵاتی تورکیایە. بەڵام تورکیاش ڕێگای چاوخشاندنەوە بەو سیاسەتە لەمێژینەیەی گرتووەتە بەرو چاوەڕوان دەکرێ ئەم کێشە دێرینەیە بە سەرنجدان بە ڕێوشوێنەکانی پەیماننامەکانی یەکیەتیی ئورووپا کە تورکیە لە مێژە هەوڵی پەیوەستبوون بەوانی هەیە، چارەسەربکا.

ڕێژیمی ئێران، لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ کێشەی لەمێژینەی سەرکوتی نەتەوەیی‌و زمانی لە نێو ئەو وڵاتەکەی‌دا، کە بەردەوام سەرچاوەی ناکۆکی‌و شەڕو ئاڵۆزیی نێوان نەتەوە بندەستەکان‌و دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بووە، هەتا ئێستاش هەر لە سەر سیاسەتی ئینکارو هەڵخەڵەتاندن‌و خۆبواردن دەڕوا. تەنیا لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکان‌دا بەربژێرەکانی سەربەو ڕێژیمە سووکە ئاوڕێک لەو کێشەیە دەدەنەوە، ئەویش نەک بۆ گەڕان بە دوای چارەسەرو دابینکردنی ویستی لە مێژینەی نەتەوە بندەستەکان‌و ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە، بەڵکوو بۆ ڕاکێشانی دەنگدەرانی سەر بەو نەتەوانە بۆ سەر سندووقەکانی دەنگو بۆ وەرگرتنی دەنگەکانیان بە قازانجی سەرکەوتنی خۆیان. ئەوە کە دەنگدەرانی سەر بەو نەتەوانە، ئاوڕدانەوەو بایەخدانی بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌و پارلمانی لە پرسە نەتەوەیی‌و زمانییەکان، دەکەن بە مەرجو پێوەرێک بۆ هەڵویستی خۆیان لە هەڵبژاردنەکان‌دا، شتێکی دروست‌و لە جێی خۆی دایە. بەڵام ئەوە کە دوای هەڵبژاردنەکان، هەم ئەوانەی بەم ناوە دەنگی خەڵکیان وەرگرتوەو هەم ئەو دەنگدەرانەی بە نیازی پێکهێنانی گۆڕان لە سیاسەتی نەتەوەیی‌و زمانیی دەسەلاتی وڵات دەنگیان داوە، بەڵێن‌و چاوەڕوانیی خۆیان لە بیر دەبەنەوە، شیاوی توندترین ڕەخنەن. سەرکۆمار، نوێنەرانی مەجلیس‌و هەر کەسێک لە هەر ناوەندێکی قانووندانان‌و سیاسەتدانان‌و بەڕێوەبەرێتیی وڵات‌دا، ئەگەر پێشتر هیچ دروشم‌و بەڵێنێکیشیان لە بارەی پرسێکی گرنگی وەک سەرکوت‌و هەلاواردنی نەتەوەیی‌و زمانی نەدابێ، لە ئاست کێشەو گرفتە لەمێژینەکان‌و داوارەواکانی خەڵکی وڵات‌دا،هەر بەرپرسیارن. بەڵام ئەگەر کاربەدەستەکە، وەک سەرکۆماری ئیستا بە بەڵێنی دابینکردنی بەشێک لە مافە پشتگوێخراوەکان، زۆرترین دەنگی لە نێو نەتەوە بندەستەکانی ئێران‌دا کۆ کردبێتەوە، بەرپرسیارەتیەکەی لە ئاست پرسی نەتەوەیی‌و زمانی، زۆر زیاترو، هەر بەم پێیە لە بیربردنەوەو خۆلێبواردنیشی، شتێکی زۆر قورس دەبێ.

**

سەپاندنی بێبەشی لە مافی نەتەوەیی‌و، سەرکوت‌و هەڵاواردنی نەتەوەیی‌و زمانی بە سەر خەڵکدا، ئەگەر بۆ دەسەڵاتداران، مایەی نەنگو شوورەیین و مەحکوومن، قەبووڵکردنیشیان بە تایبەت لە لایەن ئەو خەڵکەی بەرەوڕووی ئەو جۆرە بێبەشی‌و ستەم‌و هەڵاواردنانە دەبنەوە، شیاوی لۆمەو ڕەخنەیە. ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، دەتوانێ‌و پێویستە بکرێتە دەرفەتیک بۆ نا گوتنەوە بە قبووڵی سووکایەتی بە زمان‌و شوناسی نەتەوەییمان.

لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک‌دا، پیرۆزبایی لە هەموو ئەوانە دەکەین کە ڕێز لە زمانەکەی خۆیان‌و زمانە جیاوازەکان دەگرن. سڵاو بۆ ئەوانە دەنێرین کە لە ئاست سەرکوت‌و هەڵاواردنی نەتەوەیی‌و زمانی لە ئاستی ئێران‌دا، بێدەنگ و بێهەلویست نین. دەسخۆشی و پیزانینیشمان بۆ هەموو ئەو کەسانە هەیە کە لە سەختترین هەلومەرجەکانیش‌دا، ساتێک لە پاراستن‌و خزمەتی زمانی کوردی غافڵ نین.

# ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، دەرفەتێک بۆ زمانی کوردی



مستەفا مەعروفی

لە ١٧ی ئۆکتۆبری ١٩٩٩ەوە ڕۆژی ٢١ی فێوریە لەلایەن یۆنیسکۆوە وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دیاری کراوە. کۆمەڵێک هۆ لە دیاری کرانی ڕۆژێک بۆ گرنگیدان و ڕێزگرتن لە زمانی دایک دەوریان هەیە، بەڵام دیاریکرانی ڕۆژی ٢١ فێوریە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێکی خوێناوی لە وڵاتی بەنگلادیش. لەو ڕۆژە لەساڵی ١٩٥٢دا بزووتنەوەی ڕووناکبیران و خوێندکارانی بەنگلادیشی بە ئیعتراز لە سەپاندنی زمانی ئۆردوویی لە لایەن پاکستانی ڕۆژئاواوە کەوتە بەر هێرش و ژمارەیەک خوێندکاری بەنگلادیشی کوژران. ئەو کات بەنگلادیش بەشێک بوو لە وڵاتی پاکستان کە بە پاکستانی ڕۆژهەڵات ناوی دەبرا. خەڵکی بەنگلادیش کە زیاتر لە ٨٠٪یان بە زمانی بەنگالی دەدوان خوازیاری بە ڕەسمی ناسرانی زمانەکەیان بوون کە بزووتنەوەکەیان کەوتە بەر هێرش. پاش ئەوەی بەنگالییەکان لە ساڵی ١٩٧١دا سەربەخۆییان وەرگرت هەوڵەکانیان بۆ بە جیهانیکردنی ئەو ڕۆژە ، لە ساڵی ١٩٩٩دا بە ئاکام گەیشت.

### هۆکارەکانی دیاریکرانی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک

جگە لە ڕووداوی سەرەوە وەک هۆی دیاریکرانی ئەو ڕۆژە، بێگومان هۆکاری دیکە بۆ ڕۆژێکی ئەوتۆ گرنگیی خۆیان هەبووە؛ بە گوێرەی سەرچاوە زمانەوانییەکان ٦ تا ٧ هەزار زمان لە جیهان دا هەن. لەبەر ٣ هۆی سەرەکی زۆر زمان لە مەترسیی لە نێوچوون دان: یەکەم، هێژەموونیی ئابووری و بازرگانیی وڵاتانی پیشە سازی بەسەر جیهان‌دا کە دەبێتە هۆی ئەوەی زمانیان لە سەرتاسەری جیهان‌دا بڵاو بێتەوە. دووەم، هۆی سیاسی لەو وڵاتانەدا کە لەرووی جۆراوجۆریی نەتەوەییەوە دەوڵەمەندن بەڵام لە رووی فەرهەنگی دێموکراسییەوە زۆر لە دوایەن. لەم جۆرە وڵاتانە دا دەسەڵاتی سیاسی زیاتر نوێنەرایەتیی نەتەوەیەک و فەرهەنگێک دەکا کە سەردەستە و لە زۆەبەیان‌دا بە کردەوە کارێک دەکەن کە یارمەتی بە ڕەوتی ئاسیمیلە بوونی نەتەوە و خاوەن زمانە جیاوازەکانی دیکە دەکا. سێیەم، ئەو نەتەوانەی کە خوێندن و نووسیانیان بە زمانی خۆیان نیە، واتە ئەو زمانانەی کە پێیان ناخوێندرێ و نانووسرێ و زیاتر زارەکین هەر بۆیە بەرگەی شەپۆلی پێوەندییە خێراو بەردەوامەکانی ئەم سەردەمە ناگرن و مەترسیی لەنێوچوونیان لەسەرە. لەبەر ئەم مەترسیانە بوو کە یۆنیسکۆ بە مەبەستی دەرخستنی گرنگیی زمانەکان لە جیهان‌دا ئەو ڕۆژەی دیاری کردوە.

### گرنگیی ئەر ڕۆژە بۆ زمانی کوردی

لە نزیک بە ٤٠ میلیۆن کورد جگە لە ٥ میلیۆن کوردی باشووری کوردستان کە لە عێراق دا بە شێوەی قانوونی و بە ڕەسمی مافی خوێندن بە زمانی خۆیان هەیە، لە هیچ کام لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان لە نێوان‌دا دابەش کراوە، کورد مافی خوێندن بە زمانی دایکیی خۆی نیە. لەو حەشیمەتە ٤٠ میلیۆنییە جگە لە ڕێژەیەکی کەم کە خوێندنەوەو نووسینیان بە زمانی کوردییە، بۆ زۆربە زمانی کوردی تەنیا زمانی بنەماڵە و زمانی زارەکییە. تەنانەت بۆ زۆر کەس خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی شتێکی بە دوور لە زەین و ڕەنگە سەیریش بێ! خەڵکی زۆر ناوچەی کوردستان کە لە منداڵییەوە لە ئێراندا بە زمانی فارسی، لە تورکییە بە زمانی تورکی و لە سووریە بە زمانی عەرەبی دەخوێنن، ڕەنگە لەسەر ئەو باوەڕە هەڵەیە بن کە زمانی نەتەوەی باڵادەست شایانی خوێندن و پێنووسینە. دیاریکرانی ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ئەو دەرفەتە پێک دێنی کە بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوە زانیاری لەبارەی کێشەکانی زمان و زمانە بێ‌ناز و پەراوێزخراوەکان زیاتر بێ و ببێتە هۆی وشیاریی فەرهەنگی و وەخەبەر هاتنی زەینی نووستووی ئەو کەسانەی کە بە بێ‌تەفاوەتی بە پەنا زمانی دایکیی خۆیاندا ڕادەبوورن.

### مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی

ئەو مەترسیانەی لەسەرەوە باس کران کە هەڕەشە لە زمانێک دەکەن ـ کەم و زۆر بە هێندێک جیاوازی لە ناوچەیەکی کوردستانەوە بۆ ناوچەیەک لە پارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی دیکە ـ لەسەر زمانی کوردییش هەن:

**هۆی ئابووری و بازرگانی:** جگە لە باشووری کوردستان کە تاک و تەرا هێندێک کاڵاو بەرهەمی کارگەکان هەن کە ڕێنوێنی و کاتالۆگەکانیان بە زمانی کوردین، ئەگینا کورد ئەو کاڵا و شت و مەکە بازرگانیانە بەکار دێنێ کە بە زمانانی بێگانە لەسەریان نووسراوە. پێداویستیی ڕۆژانە، خۆراک و کەلوپەلی نێوماڵ بە زمانی ئینگلیسی یان زمانی یەکێک لەو نەتەوانە ڕێنوێنیان لەسەر نووسراوە یان ناویان لەسەر دانراوە کە زمانی ڕەسمیی یەکێک لە دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان‌دان. منداڵێک کە دراوی ڕۆژانە لە دووکان و فرۆشگاکان خەرج دەکا و خۆراکی دڵخوازی خۆی دەکڕێ بە زمانی فارسی، تورکی یان عەرەبی لەسەری نووسراوە، هەر لە منداڵەتییەوە یەکێک لەو زمانانە تێکەڵ بە چێژ و خۆشییەکانی منداڵی کورد دەبێ، وەک دەڵێن فرچکی پێوە دەگرێ. هەر لەو کاتەوە هێژەموونی و گەورەیی ئەو زمانە وەک زمانی دووەم بەسەر منداڵی کورد دا دەسەپێ. زمانی یەکەم واتە زمانی دایک لەبەر چاوی ئەو خاوەنی هیچ کام لەو تایبەتمەندیانە نابێ کە لە زمانی زاڵ دا هەن. ئەگەر وڵاتانی دیکە و نەتەوە خاوەن بڕیار و سەربەخۆیەکانی جیهان نیگەرانی ئەوەن کە بەرهەمە ئابووری و کاڵاکانی وڵاتانی پیشە سازی بە سەدان و هەزاران وشەش لەخۆیاندا دێننە نێ زمانەکەیان، زمانی کوردی سەرباری ئەمەش لەم ڕێگایەوە سەدان و هەزاران وشەی فارسی، تورکی و عەرەبیی دێتە نێو زمانەکەی. ئەو سێ نەتەوەیە ئەگەر هەوڵ دەدەن وشەکان بکەن بە زمانی خۆیان خێریان بۆ زمانی کوردی نیە و دێنە نێو زمانی کوردییەوە، چونکە کورد دەرفەتی ئەوەی نیە وشەی پێویستیان بۆ دابنێ.

**هۆکاری سیاسی:** جگە لەوەی کە کورد لە ئێران، تورکیە و سووریە هەر کامەی بە جۆرێک لە ڕوانگەی سیاسەت و ئیدئۆلۆژیی حکوومەتەکانی ئەم وڵاتانەوە حاشای لێکراوە، هەر کامەشیان سیاسەتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانیان بە جۆرێک دارڕشتوە کە زمان و فەرهەنگی کورد لە نێو زمان و فەرهەنگی ئەوان‌دا بتوێتەوە. لە هەر جێگایەک کورد لەگەڵ یەکێک لەو نەتەوانە کە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیان بەدەستە، تێکەڵە باڵادەستیی سیاسی باڵادەستیی زمان و فەرهەنگیشی بەدواوە بووە. زمان و فەرهەنگی نەتەوەی سەردەست لە دۆخی هێرش دایە و زمان و فەرهەنگی کورد لە دۆخی بەرگری. ئەگەر ئاوڕێک لە جوغرافیای ناوچە کوردنشینەکان لە ڕابردووی کۆن‌دا بدەینەوە گەلێک ناوچە لە دراوسێیەتیی نەتەوەکانی دیکەدا پێشتر کوردنشین بوون، بەڵام ئەمڕۆ ئاسەوارێکیان لە کورد تێدا نەماوە یان بە دەگمەن کوردیان لێ دژی. ناوچەی ئەتۆش هەن کە چەند دەیە لەوە پێش پێکهاتەی دیموگرافیان بە زەرەری کورد گۆڕاوە. بێگومان ئەو گۆڕانانە بە شێوەی سیستماتیک ڕوویان داوە و ئاکامی گۆترەکاری و ڕێکەوت نین، ئەگینا جارێک لە جێیەک دەبوو پێچەوانەی ئەم ڕووی دابووایە.

گرنگترین و گەورەترین بەڵگە بۆ ئاسیمیلە کردنی زمانی کوردی لە لایەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستانەوە ئەوەیە کە ڕێگا نادەن تاکی کورد هەر لە منداڵییەوە بە زمانی دایکیی خۆی بخوێنێ. سیاسەتی فەرهەنگی و پەروەردەیی ئەم وڵاتانە ڕاست و ڕەوان لە پێناوی زاڵکردنی زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی ناوەندی کە نوێنەرایەتیی نەتەوەی باڵادەست دەکا لە لایەک و تواندنەوە و کەم بایەخکردنی زمانی دایکیی نەتەوەکانی دیکە لە لایەکی دەکەوەیە. سیاسەتی زمانیی ئەو دەوڵەتانە بەم جۆرەیە کە زمانی ئەوان زمانی فەرمی، زمانی خوێندن، سیاسەت، ماف، زانست، کارو ڕاگەیاندن و هتدە. زمانی ئەوان گرێ دراوە بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و بە لایەنە گرنگەکانی ژیانی خەڵک، بە جۆرێک کە بەبێ ئەو زمانە هیچ کارێک بۆ هیچ کەس نەچێتە پێش. کەوابوو زمانی ئەون جێگای نرخ و بایەخ دەبێ، بەو ڕادەیەش ئەو زمانەی کە پێشگیریی لێ کراوە کە پێی بخوێندرێ و لە بوارە جیاجیاکانی ژیان‌دا کاری پێ بکرێ نرخ و بایەخی خۆی لەدەست دەدا و تەنیا لە چوارچوەی زمانی بنەماڵە دا و بە شێوەی زارەکی بەرەو داهاتوویەکی نارووت دەڕوا. درێژەی ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێندێک کەس بە چاوێکی نزم سەیری زمانی دایکیی خۆیان بکەن و زمانی دووەم لە لای ئەوان خاوەنی پرستیژ و ئیعتیبار بێ. لە خۆڕا نیە دیاردەی بە فارسی و بە تورکی و بە عەرەبی قسەکردن لە نێو بنەماڵە کوردەکان‌دا لە هەر چوار وڵاتی ئێران، تورکیەو سووریە و عێراقدا دەبینرێ.




### ئاسۆی ڕوونی زمانی کوردی

وەک باس کرا یەکێک لەو مەترسیانەی هەڕەشە لە زمانێک دەکەن، ئەوەیە کە ئەو زمانە شێوەی خوێندنەوە و نووسینی نەبێ. تەنیا بە شێوەی زارەکی هەبێ. ئەم دەبێتە هۆی ئەوەی شێوەزارەکانی ئەو زمانە لە ناوچە جیاوازەکان ئەوەندە لێک دوور بنەوە کە ئیدی هەرکامەیان وەک زمانی سەربەخۆ دەرکەون و لە ئاکامدا زمانەکە بفەوتێ. لە مێژوودا گەلێک زمان بەم جۆرە فەوتاون و زۆر زمانی دیکەش بەرەو ئەو چارەنووسە دەچن. بەڵام نەتەوەی کورد سەرەڕای کەندوکۆسپی حکوومەتانی زاڵ بەسەر کوردستان‌دا لە مێژە هەوڵ دەدا زمانەکەی بگەیەنێتە ئاستی نووسین و مەترسیی فەوتان و لە نێچوونی لەسەر لا بەرێ. نووسین زمان جێگیر و تۆمار دەکا و پێش بە فەوتانی دەگرێ. زیاتر لە ٣٠٠ ساڵە ئەحمەدی خانی سەبارەت بە نووسینی «مەم و زین» بە زمانی کوردی گوتوویەتی:

*دا خەلق نەبێژن کو ئەکراد*
*بێ مەعریفەتن، بێ ئەسل و بونیاد*
*ئەنواعی میللەت خودان کتێبن*
*کرمانج تەنێ د بێ حسێبن*

*نالی شاعیری گەورەی کورد لە سەدەی ١٩دا سەبارەت بە نووسینی شێعرەکانی بە زمانی کوردی دەڵێ:*

*کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە، خۆ کودییە*
*هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا*

دەیان نموونەی دیکە لەم چەشنە لە نێو شاعیرانی گەورەی کورد لە ڕابردوودا بەر چاو دەکەوێ. لەم بارەیەوە چ لە ڕووی شێعر و چ لە ڕووی چیرۆکەوە کورد شان بەشانی نەتەوەکانی دەورو بەری ڕۆیشتوە.

هەتا دەوڵەتان لە ناوەندا بەهێزتر بوون و وڵاتانی دەوروبەر بەرەو سانترالیزەبوون ڕۆیشتوون ڕەوتی گەشەکردن و هەڵدانی خوێندن و نووسینی کوردی شل بۆتەوە. بەڵام لەبەرامبەر ئەمەشدا کورد لە ڕووی نووسین و خوێندنەوەوە بە زمانی خۆی دەستی هەڵ نەگرتوە. بۆیە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨دا لە دەرەوەی کوردستان و لە قاهیرە چاپ و بڵاو بۆتەوە. هەر کاتێکیش دەرفەتی بۆ ڕەخسابێ لە ڕێگای نووسینەوە خزمەتی بە زمانی خۆی کردوە و نەی هێشتوە بفەوتێ. بزووتنەوەکانی کورد لەم بارییەوە دەوری هەرە سەرکیان دیوە. ڕێکخراو و جەمعییەتە کوردەکان لە سەربەندی شەڕی

> **سیاسەتی فەرهەنگی و پەروەردەیی ئەم وڵاتانە ڕاست و ڕەوان لە پێناوی زاڵکردنی زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی ناوەندی کە نوێنەرایەتیی نەتەوەی باڵادەست دەکا لە لایەک و تواندنەوە و کەم بایەخکردنی زمانی دایکیی نەتەوەکانی دیکە لە لایەکی دەکەوەیە**

یەکەمی جیهانی لە باکووری کوردستان چەند بڵاوکراوەیان بە زمانی کوردی دەرکردن. بزووتنەوەی شێخ مەحموود لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بە دەرکردنی ڕۆژنامەکانی «امید استقلال» و «بانگ حق»، بزووتنەوەی سمکۆ بە دەرکردنی ڕۆژنامەی ‹ڕوژکرد› و چەندین کۆڤار و ڕۆژنامە لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی نموونەی بەر چاون.

### ڕۆڵی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان

پاش شەڕی دووەمی جیهانی بە دامەزرانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی نووسین بەزمانی کوردی لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕاگەیاندنی ئەحزاب‌دا پەرەی گرت. هەرچەند ئەمە جێگای خوێندان و نووسینی سیستماتیک لە چوارچێوەی سیاسەتی حکوومەتدا ناگرێتەوە بەڵام مەترسیی نەمان و فەوتان لەسەر زمانی کوردیی لابردوە. باشووری کوردستان لەم بارەیەوە دەسکەوتی قانوونی و سیاسیی هەبووە، بەڵام لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەوە ئەحزابی سیاسیی کوردن کە بە دەرکردنی ڕۆژنامە، بەرنامەگەلی ڕادیۆیی و ئێستاش تەلەڤزیۆنی تارادەیەکی زۆر بۆشایی خوێندن و نووسینی کوردی پڕ دەکەنەوە.

شانبەشانی سیاسەتی فەرهەنگی و زمانیی ئەحزابی کوردی ناوەندە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی کورد و ئەنجومەنە ئەدەبییەکانیش خزمەتێکی زۆر بەم بوارە دەکەن کە ئەویش لەگەڵ شەپۆلەکانی توندو تیژی و بێدەنگەی حکوومەتی ناوەندی لە هەڵکشان و داکشان دان.

کورد کە لە ناوچەی خۆی‌دا دەرەتانێکی کەمی بۆ ماوەتەوە بە جۆرێک لە ئابلۆقەی دەوڵەتانی دەروبەری دایە، بۆنە و ڕۆژە جیهانییەکان دەرفەتێکن بۆ هێنانەگۆڕی کێشە و مەسەلەکانی، گرێدانی کێشە و مەسەلەکانی کورد بە بۆنە جیهانییەکانەوە دەتوانێ تا ڕادەیەک ئەم ئابلۆقەیە کەم ڕەنگ بکاتەوە. لانیکەم ئەم بۆنە جیهانیانە هاندەرێکن بۆ تاکی کورد کە مەترسییەکانی سەر ڕێگای نەتەوەکی هەست پێ بکا. ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکیش دەتوانێ ئەم دەرفەتە پێک بێنێ.




> **گرنگترین و گەورەترین بەڵگە بۆ ئاسیمیلە کردنی زمانی کوردی لە لایەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستانەوە ئەوەیە کە ڕێگا نادەن تاکی کورد هەر لە منداڵییەوە بە زمانی دایکیی خۆی بخوێنێ**

# شۆڕشمان نەکرد بۆ دواوە بگەڕێینەوە



کوێستان فتوحی

به لەناوچوونی سیستمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، ژنانی ئێران مەسیری ژیانیان گۆڕا و چارەنووسێکی لێڵ و تاریکتر لە پێشوو بەنسیبیان بوو. هەموو ئێنقلابەکانی جیهان ئەوە نیشان دەدەن کە ئێنقلاب کاریگەرییەکی چارەنووسسازی لەسەر وەزعییەتی ژنان (بە باری باش یان خراپ)ی ئەو وڵاتە دەبێ کە ئێنقلابی لێکراوە. ساڵی ١٣٥٧ کاتێک شۆڕشی خەڵکی ئێران لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێ کردو خومەینی کەسایەتییەکی دوورخراوە و کینەیی گەڕایەوە ئێران و ڕێبەریی شۆڕشی ئێرانی بەدەستەوە گرت، خەڵک خومەینییان بە فریشتەی ڕزگاریدەری خۆیان دەزانی و خەونیان بەم ساتەوەختەوە دەدی، بەڵام ئەو فریشتەیە! و دارودەستەکەی هەر زوو نییەتی خۆیان لەگەڵ مافو ئازادییەکانی خەڵکی ئێران نیشان داو ستەم و هەڵاوردنەکان دژی خەڵکی ئازادیخواز بە فۆرمێکی دیکەوە دەستی پێکرد. بەتایبەتی یەکێک لە دیوە تاریکەکانی دەسەڵاتی تازە کە هێشتا بەتەواوی جێگیر نەببوو، دژایەتی بوو لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی ژنان. ئەو مافو ئازادییانە کە ژنانی ئێران بە خەبات و تێکۆشانی بێوچانو چەندین ساڵەیان لە دەورانی ڕێژیمی پاشایەتی‌دا بەدەستیان هێنابوو، یەک لە دوای یەک بە دەستووری ئایەتوڵڵای نوێنەری خوا لەسەر زەوی! کەوتنەبەر شاڵاوی کۆمەڵێک مەزهەبیی بیر وشک و دەستدرێژی کرایە سەر سەرەتاییترین مافەکانیان.

هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی بەدەسەڵات گەیشتنی خومەینی و دارودەستەکەی ژنان کەوتنە نێو هەلومەرجێکی زۆر دژوارتر لە پێشوو. خومەینی و ڕێژیمەکەی سەرەتا دوو دڵ بوون لە هێزی دەسەڵاتەکەیان، کە ئایا دەتوانن خێرا هەموو ئامانجەکانیان بپێکن؟ بەڵام لە پێوەندیی لەگەڵ ژنان‌دا هیچ دوودڵییەکیان نەبوو. بەناوی پەیڕەوەیی لە ئایینی ئیسلام هەر هەنگاوێکیان لەم پێناوەدا هەڵدێنایەوە بە قودرەتەوە هەڵیان دێنایەوە و لە هەستی مەزهەبیی خەڵکیش کەڵکیان وەردەگرت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەر دەسەڵاتێکی مەزهەبی، لە هەنگاوی یەکەمدا بەرتەسک کردنەوەی مافو ئازادییەکانی ژن بووە. ئەمە بێ دوو دڵی خومەینی و دارودەستەکی بە پشتیوانی مەزهەبو خەڵکی مەزهەبی دەستیان پێکرد.



ڕێژیمی شا ڕووخا، شکەنجەگەران و جینایەتکارانی ساواک کەوتنە زیندان، خەڵکێک کە لە ڕووخانی دەسەڵاتی پەهلەویی‌دا نەخشیان هەبوو و هەستیان بە ڕزگاریی لە کۆت‌و بەندی چەندین ساڵەی ئەو ڕێژیمە دەکرد، بێ ئەوەی ڕێژیمی تازە بناسن شادمان و سەرمەستی سەرکەوتن و بەئاکام گەیشتنی شۆڕشەکەیان بوون. ژنانیش وەک باقی چین‌و توێژەکانی دیکە نەخشێکی بکەرانەیان لە بەئاکام گەیشتنی شۆڕشی ١٣٥٧دا هەبوو، ئەوانیش دڵخۆش بوون بەو سەرکەوتنە. نەیاندەزانی بە هەڵاتنی ڕۆژی نوێیان لێ دەکرێتە تاریکستان. خومەینی هەر زوو پەیامی خۆی بە ژنان دا « خوشکانی ئێمە دەبێ بە سیمایەکی ئیسلامییانەوە دەرکەون» ئەم پەیامە نیەتێکی شوومی لەخۆی‌دا حەشار دابوو. هەر دوای ئەم قسەیەی خومەینی بوو، لە هەموو شوێنێک لە لایەن مەئموورانی دەوڵەتەوە کێشە بۆ ژنانی بێ‌سەرپۆش دروست دەکراو ڕێگەی سەرکاریان لێ دەگیرا. دیارە ئەمە وەک ڕاسپاردەی خومەینی زۆر بە جیدییەتەوە بەڕێوە دەچوو، هەتا ساڵی ١٣٦٣ کە لە مەجلیس وەک قانوون پەسند کرا و حیجابی زۆرەملی داسەپاو حوکمی ٧٤ زەربە قامچی بۆ هەر ژنێک کە ئەم قانوونە بەڕێوە نەبا دیاری کرا.

خومەینی و پەیڕەوانی نەیانشاردەوە کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ژن مەوجوودێکی عەقڵ ناتەواوە و دەبێ لەژێر ئەمر و فەرمانی پیاودابن. ئەم شەڕە جنسییەتییش سەرچاوەکەی لە کتێبی «پیرۆز»دا بۆی گەڕابوون کە ئەمری بە ژنان دەکرد لەبەرابەر بێگانەدا دەبێ خۆیان داپۆشن. لە ڕوانگەی ژنان‌و لایەنگرانی مافی مرۆڤەوە شێوەی پۆشینی جلوبەرگ بنەما و سەرەکیترین حەقی ئینسانە، داسەپاندنی ئەم بڕیارە دەستدرێژییەکی ئاشکرایە بۆ سەر ئازادیی ئینسان. ئەمە خیانەتە بە دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە.

حەسەن ڕووحانی سەرکۆماری ئێستای ئێران لە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی‌دا دەنووسێ: *تەرحی داسەپاندنی حیجاب لە ئیدارەکانی پێوەندیدار بە ئەرتەشەوە، دەبوو من جێبەجێی بکەم، بۆیە لە هەنگاوی یەکەم‌دا هەموو ژنانی کارمەند جێگرتوو لە یەکێک لە ستادەکانی ئەرتەش کە نزیک بە ٣٠ کەس بوون، کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ پێ هێنان و پاش قسەو باس پێم گوتن لە سبەینێوە بە سەرپۆشەوە دەبێ بێنەسەرکار. ژنانی کارمەند بێجگە لە دوو یان سێ کەس نەبێ هەموو دەستیان کرد بە هاتوهاوار ئێعتراز، بەڵام من بەتوندی ڕاوەستام و گوتم: بە نیگابانی بەر دەرکە دەسپێرم ڕێگە لە ژنانی بێ سەرپۆش بگرێ بێنە ژوورەوە. دوای ئەوە لە هەموو ئیدارەکانی ستادی ئەرتەش لە هەموو شارەکان ئەم دەستوورە بەڕێوە چوو، ژنانی کارمەند ئێعترازیان دەردەبڕی، بەڵام من زۆر لێبڕاوانە پێم دەگوتن: «ئەوە دەستوورە و سەرپێچی کردن خیلافە« دواتر بۆم شی دەکردنەوە کە مەسەلە چارشێو نیە مەسەلە ئەوەیە سەرو ملتان دەبێ داپۆشرێ! پاشان دەستوو بە هەموو دژبانییەکان درا ڕێگە لە ژنانی بێسەرپۆش بگیرێ بۆ سەر کارەکانیان. (١)*

بە قسەی خومەینی‌و لایەنگرەکانی، ژنانی ئێران لەلایەن ڕێژیمی پەهلەوییەوە، ئابڕوویان لێ سەندرابۆوە، (کەشفی حیجاب ١٣١٤) بۆ سەندنەوەی ئەو ئابڕووە دەبوو ژنان خۆیان لە چارشێوی ڕەشەوە بپێچن. یەکێک لە ستراتیژیی و پرۆژەکانی دەسەڵاتی تازە ئەوە بوو ژنان لە زۆر بواردا مەحدوود بکاتەوە، پرۆژەیەک کە ئێستاش پاش ٣٦ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمەکەی خومەینی هەر بەردەوامە. بۆ ئەم مەبەستەش بە ناوی پارێزگاری لە پاکداوێنیی ژنان، سەرەتا داسەپاندنی حیجاب بیانوویەکی باش بوو بۆ ئەو ئامانجە. - ڕێژیمی ئێران بۆ مەبەستە چەپەڵەکانی خۆی هەموو کات کەڵکی لە باوەڕە مەزهەبییەکانی خەڵک وەرگرتوە-

بەڵام ژنانی وشیار ئەم سووکایەتییەیان پێ قەبووڵ نەدەکرا، هەر دوای بڕیاری حیجابی داسەپاو لە لایەن خومەینییەوە، بە هەزاران ژن ڕژانە سەر شەقامەکان و دەتوانین بڵێین لە ماوەیەکی کورت‌دا شۆڕشێکی ژنانە لە تاران و شارەگەورەکانی ئێران لە دژی ئەو بڕیارەی خومەینی دەستی پێکرد. ژنان لە خۆپیشاندانی دژی حیجابی زۆرەملی‌دا دەیانگوت «مل دان بە حیجابی زۆرەملی، نمادی تەسلیم بوونە. ئێمە شۆڕشمان نەکردوە بەگەڕێینەوە بۆ دواوە، مەسەلە حیجاب نیە، مەسەلە ئازادییە»، ئێمە نەک هەر بۆ خواستەکانی خۆمان، بەڵکوو لە دیموکراسی ڕاستەقینە دیفاع دەکەین و تەسلیمی ئەو بڕیارە نابین».

بۆ یەکەم جار لە لایەن ژنانەوە دروشمی ئازادی و بەرابەری لە شەقامەکان‌دا دەگوترایەوە. خومەینی پەیامەکەی ژنانی بە گوێ گەیشت و لەگەڵ نوێنەرانی ژنان کۆبۆوە، بەڵام بەئاکام نەگەیشتن‌و نارەزایەتییەکان درێژەیان پێدرا. ئەو حەرەکەتەی ژنان لەو سەروبەندەدا یەکێک لە دروشاوەترین لاپەڕەکانی مێژووی بزووتنەوەی ژنان دژی ستەمی ڕەگەزییە لە ئێران‌دا.



**مخابن زۆر لە هێزە چەپەکانی ئێران و پیاوان بە گشتی هاوڕێیەتیی شۆڕشەکەی ژنانیان نەکردو تەنانەت ڕۆژئاواش بە تایبەتی فەڕانسە کە دڵیان بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران‌و دەسەڵاتی خومەینی خۆش کردبوو، بێجگە لە ژمارەیەک ڕێکخراوە و کەسایەتیی فێمێنیستیی ڕۆژئاوا، لە ئاست خرۆشانی ژنانی ئێران لەوکاتەدا هەڵوێستیان نەگرت و پشتیوانییان لێ نەکردن، تەنیا وەک ڕووداوێک لە ڕاگەیەنەکانیان‌دا باسیان لێکرد بۆیە دەکرێ بڵێین ژنانی ئێران لەو هەلومەرجەدا تەنیا مانەوە**

حەرەکەتی مافخوازی ژنان لە کاتێک دا کە تەنیا سێ حەوتوو بوو شۆڕشی خەڵکانی ئێران تاج و تەختی پاشایەتی تێکەوە پێچا بوو و دەسەڵاتی تازە بە هۆی نەناسراوی لە پشتیوانییەکی بەرینی خەڵک بەهرەمەند بوو، شەهامەت و ئازایەتییەکی بێ‌وێنەی دەویست بە خومەینی بڵێی نا! خومەینییەک کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی ئێرانیش لەوکاتەدا کەم‌و زۆر بە کەسایەتییەکی ڕوحی و مەعنەویان دەزانی. دیارە ئەوکاتە کەم بوون ئەوانەی لە جیهانبینی ئەو پیاوە تێدەگەیشتن. بەڵام ئەوە ژنان بوون لە دوای بەدەسەڵات گەیشتنی خومەینی بۆیەکەم جار لە پێناوی ئازادی‌و مافی چارەنووسی خۆیان‌دا «نا» یان پێ گوت.

بەڵام بێبەزەییانە کەوتنەبەر هێرشی گۆپاڵبەدەستانی خومەینی، لێیان درا، بریندار کران، دەسبەسەر کران، بێحورمەتییان پێکرا. مێهدیی بازرگان سەرۆک وەزیر لەو کاتەدا وەدەنگ هات ... «شێواوی بەهۆی چارشێو! زۆر پێکەنینیە! بەڵام دیسانیش پێویست ناکا لە ژنان بدرێ!» دیارە ئەو باش دەیزانی کێشەکە لە مەسەلەی حیجاب گەورەترە. مخابن زۆر لە هێزە چەپەکانی ئێران و پیاوان بە گشتی هاوڕێیەتیی شۆڕشەکەی ژنانیان نەکردو تەنانەت ڕۆژئاواش بە تایبەتی فەڕانسە کە دڵیان بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران‌و دەسەڵاتی خومەینی خۆش کردبوو، بێجگە لە ژمارەیەک ڕێکخراوە و کەسایەتیی فێمێنیستیی ڕۆژئاوا، لە ئاست خرۆشانی ژنانی ئێران لەوکاتەدا هەڵوێستیان نەگرت و پشتیوانییان لێ نەکردن، تەنیا وەک ڕووداوێک لە ڕاگەیەنەکانیان‌دا باسیان لێکرد. بۆیە دەکرێ بڵێین ژنانی ئێران لەو هەلومەرجەدا تەنیا مانەوە.

پاش سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی ژنان دژی حیجابی زۆرەملی، خومەینی بەپەلە ئەو قانوونانە کە تارادەیەک پشتیوانی ژنان بوون بۆ نموونە قانوونی پشتیوانی لە بنەماڵە یەک لەو قانوونانە بوو، بەبێ ئەوەی قانوونێکی دیکەی لە جێگە دابنێ هەڵوەشاوە ڕاگەیاند. هەر دوای ئەو بڕیارەی خومەینی، پیاوی ئێرانی ئازاد بوو لە یەک کات دا دەتوانێ ١- ٢-٣و ٤ ژن بکاتە هاوسەری خۆی‌و هەرکات پێویست بێ یەک لایەنە بەبێ ئەوەی بچێتە دادگا لە هاوسەرەکەی جیا بێتەوە، ئەمە لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام ڕەوایی پێدرابوو، لەگەڵ ئەوەش‌دا ژنان ئەمەیان بە سووکایەتییەکی زەق و ئاشکرا بە خۆیان دەزانی.

بڕیاری سیاسی: ژنانی دادوەر کاری دادوەرییان لێسەندرایەوە....

بڕیارێکی دیکە: خزمەتی سەربازیی ژنان هەڵوەشاوە ڕاگەیەندرا، کە ئیمکانی پەروەردەو فێربوون‌و کارو سەربەخۆیی ماڵیی بۆ هەزاران کچی جەوان پێک دێنا لێیان زەوت کرا. بە قسەی ئایەتوڵڵا «باش نیە ژن سەباز بێ و دوایە پلەکانی سەربازیی ببڕێ و ببێتە فەرماندەی پیاو»! ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئەو قانوونانەی دەورانی ڕێژیمی پێشوو هەم لە بواری سیاسی‌و هەم کۆمەڵایەتی کە تارادەیەک پیشکەوتوانە بوون و دەسکەوتی خەباتی ژنان خۆیان بوون، لەلایەن ڕێژیمی تازەوە هەڵوەشاوە ڕادەگەیەندران و بەو بڕیار و قانوونانەی کە بنەمای ئیسلامییانەیان هەبوو، جێیان دەگیرایەوە.

پاش ٣٦ ساڵ ژیان لە ژێر سایەی حکوومەتێکی ئیسلامی دا ژنان لەگەڵ ئەوەی حیجابی زۆرەملی بەسەریان‌دا سەپا، بەڵام ئێستاش نەچوونەتە ژێر باری ئایدۆلۆژیای خومەینی و یارانیەوە. گەورەترین خەباتی ژنانی ئێران لەگەڵ هاوباوەڕانی خومەینی، ئەوە نیە ئەوان موسیقا دەژەنن‌و گۆرانی دەڵێن، تابلۆکانیان بە ڕەنگی ئازادی دەنەخشێنن، زانکۆکانیان لە یەکسانی تێپەڕاندوە و ئازاری هەڵاواردن و مەینەتییەکانیان بە عەشقی زانین، ئارام کردۆتەوە. ئەوەنیە ڕازی نین تەنیا لە پەنجەرەوە لە ئازادی بڕوانن، بەڵکوو خۆیان دەگەڕێن بەداوی ئازادی داو لە نێو پێپێسی شانۆنامەکان‌دا ئازادی دەنووسنەوە و دابەشی دەکەن. کۆماری ئیسلامی تا ئێستا بە هیچ ئایەت و قانوونێکیان نەیتوانیوە سەرکەوێ بەسەر ئەم خەباتەی ژنان‌دا.

**(١) ماڵپەڕی «مفید نیوز»**

# هەناردەی شۆڕش یا دژی شۆڕش



ئارەش لورستانی

وەرگێڕان بۆ کوردی: ئاڵەشین

« ئەمڕۆ هێندێک نیشانە لە هەناردەی شۆڕشی ئیسلامی لە ناوچەکە، لە بەحرینەوە تا ئێراقو سووریەو یەمەنو سەرووی ئافریقا بەدیدەکەین». ئەمە بەشێکە لە قسەکانی قاسم سولیمانی فەرماندەی سوپای قودس کە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ لە کرمان، کردنی. پرسیارەکە لێرەدایە کە هەناردەی شۆڕش (صدور انقلاب) یانی چیو بەڕاستی شۆڕش هەنارده دەکرێ؟ یان ئەوەی پێکهاتن و دامەزرانی گرووپە تیرۆریستو بنئاژۆخوازەکانی وەک سوپای پاسداران، داعش، بوکوحەرام، ئەلقاعیدە، حیزبوڵڵای لوبنانو... دەبنە هۆی بەلاڕێدابردنی شۆڕشە جەماوەرییەکانو بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەوتە دژە شۆڕشەکانی لێدەکەوێتەوە؟

تایبەتمەندییەکانی حکوومەتی جەماوەری چین؟ ئەم حکوومەتە لە سەر چ بنەماو سەرەتییەک گەلاڵەو پرۆژەکانی خۆی دادەڕێژێ و جێبەجێیان دەکا؟ ئەرێ دەستێوردانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی و دەرەوەی وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەت سووریە، عێراق، لوبنان، یەمەن و ... پشتیوانی لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان یا لاوازکردنی ئەو وڵاتە موسوڵمانانەی دژی ئایدئۆلۆژی کۆماری ئیسلامین، واتای هەناردەی شۆڕشە، یا تەڤگەرێکە ڕێک پێچەوانەی شۆڕشی ١٣٥٧و وەک دژی ئەو شۆڕشە دەناسرێ؟ ئەرێ وەبەرهێنانو پشتیوانی بەرینی ئابووری، سیاسی، سەربازیو زانیاریو هەواڵگری لە پێناو پروپاگەندەو برەودان بە هزرە شیعییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینو هێندێک ناوچەی ئافریقایی بەڕاستی خیانەت بە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی ئێرانو سەقامگیرکردنی دژەشۆڕشەکان لەسەر دەستی کۆماری ئیسلامی نییە، لە کاتێکدا خەڵکی ئێران دەستەویەخەی نالەبارترین هەلومەرجی ئابووری، فەرهەنگیو، ژینگەییو سیاسین؟

ئەو شۆڕشە چۆناوچۆن هەنارده دەکرێ؛ کە سوپای قودسو بە کرێگیراوانی بەڕێوەبەری بن؟ ئەرێ نورۆێژ، سوئید، سوئیسو... کە لە دابینی خۆشبژێوی، تەناهیو ئاسایش بۆ هاووڵاتیانیان لە سەرووی هەموو وڵاتانی جیهانەوەن، پێویستیان بە هەناردەی شۆڕش هەیەو هەست دەکەن دەبێ شێوازی ژیانی خۆیان بە سەر وڵاتانی دیکەش بسەپێنن؟ ئابووری زیندووی وڵاتانی خۆشبژیو، مەزنترین فاکتەری پرۆپاگەندەیی ئەوانە یان ئابووری ئێران کە قەیراناویترین هەلومەرجی خۆی دەگوزەرێنێ؟ ئەو ئابووریەی کە گەندەڵی بۆتە شتێکی ئاسایی و گەورەترین هۆکارو وەگەڕخەرەکەشی سوپای پاسدارانە؟

ئایا لە بەر چاوگرتنی مافی مرۆڤ لە سوئید، زیاتر کاریگەری لە سەر بیروڕای گشتی جیهان هەیە؛ یا سەرکوتی بەربەرینی مافی مرۆڤ لە ئێران، بە جۆرێک کە تەنانەت ڕێگە بە ئەحمەد شەهید، نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکانیش نادرێ سەردانی وڵاتەکەیان بکاو بەردەوام لە لایان گەورەبەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە هێرشی دەکرێتە سەرو ڕاپۆرتەکانی بە نادروست لە قەڵەم دەدرێن. وڵاتێک کە بە ناحەزترینو دزێوترین شێواز دەگەڵ ڕەخنەگرانی خۆی دەجوڵێتەوەو لە ریزی خراپترینی ئەو وڵاتانەیە؛ کە ئازادی ڕادەربرینیان نییەو زۆرترین ڕۆژنامەنووسی بەندکردوە؛ ئایا دەتوانێ هزرو داهاتوویەکی ئینسانی بۆ جیهان بە دیاری بێنێ و بە قەولی خۆی شۆڕش هەنارده بکا؟ گەلۆ سیستمی وەک کۆماری ئیسلامی کە لە پەروەندی میکۆنووس‌دا بە تیرۆریزمی دەوڵەتی مەحکووم کراوەو زۆربەی گەورە بەرپرسەکانی لە لیستی تیرۆریستییە ناسراوە نێودەوڵەتییەکان دان؛ دەتوانێ لە وێژاری‌دا خاوەن لۆژیک و لە کرداری دا ڕاستگۆ بێ؟

شکی تێدا نییە ئاکار و کرداری کۆماری ئیسلامی دەری دەخا ئەو سیستمە لە چەمکی هەناردەی شۆڕش بۆ پڕوپاگەندەو دەسڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەو خوڵقاندنی قەیران کەڵک وەردەگرێ. بە پێچەوانەی بانگەشەی ئەو دەسەڵاتە؛ هەناردەی کۆماری ئیسلامی ڕێک تەڤگەرێکی دژەشۆڕشییە کە دەگەڵ بە تاڵانبردن و بە لاڕێدا بردنی شۆڕشی جەماوەری ساڵی ١٣٥٧ دەستی پێکردو ئێستاش تێچووەکەی لەسەر شانی خەڵکی ئێرانو ناوچەکەیە.

قسە لەسەر تەڤگەری دژەشۆڕشی کۆماری ئیسلامی زۆر لەوە زیاترە بتوانین لە وتارێکو، تەنانەت کتێبێکدا شرۆڤەو لێکی بدینەوە. لە درێژەی ئەم باسەدا تەنیا نموونەیەک لە ئاکامی دروشمی «هەناردەی شۆڕش»ی کۆماری ئیسلامی دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی بۆ خوێنەران روونو دیارتر بێ. شەڕی ٨ساڵەی ئێرانو عێراق کە بە هێرشی سەددام دەستی پێکرد، یەکێکە لە باشترین ئەو نموونانەی کە نە پشتگوێ دەخرێو نە حاشاشی لێدەکرێ. سادق زیباکەلامو هەندێکی دیکە لە ڕەخنەگرانی نێوخۆی سیستمی کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لەلایان ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانییەوە وەبن باڵ دراون؛ بە بەگونجاو زانینی هەلو مەرجی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی کە بە هۆی گەمارۆ ناوکییەکانو دانوستانی ١+٥ شلەژاوەو لە ئاکامدا کەشی بۆ چەندجەمسەری دەسەڵات خۆش کردوە؛ توانیویانە دوای ٣٦ ساڵ هەندێک ڕاستی هەڵسەنگێننو بیدەنە بەر بێژنگو دان بە هەڵە کارەساتبارەکانی وەک شەڕی ٨ ساڵەی ئێرانو عێراق، داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکاو... دابنێن.

سادقی زیباکەلام دەڵێ هۆکاری هێرش کردنی سەددام بۆ سەر ئێران چەمکی هەناردەی شۆڕشە کە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ لە لایەن ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییەوە هاتەگۆڕێ (مەبەست، وتە و وێژاری ڕوحوڵڵا خومەینییە لەسەر هەناردەی شۆڕش، کە یەکەم جار ئەو هێنایە گۆڕێو زیباکەلام ڕاستەوخۆ ناوی نەهێناوە). بە بڕوای سادقی زیباکەلام هەناردەی شۆڕش و هەڵخڕاندنی وڵاتە موسڵمانەکانی ناوچەکە، وەک عیراق کە گڵکۆی زۆربەی ئیمامە شیعەکانی لێیەو یەکێک لە گەورەترین ناوەندە مەزهەبییەکانی جیهانی ئیسلامی (حەوزەی عیلمیەی نەجەف). لەو وڵاتەیە، بووە هۆی نیگەرانی حیزبی بەعس.

دوای داگیرکردنی باڵویزخانەی ئامریکا لە ڕێکەوتی ١٣ی ڕەزبەر ١٣٥٨، واتە کەمتر لە ساڵێک پاش شۆڕشی ٥٧ کە دەستبەسەر بوونی ٦٦ دیپلۆماتی ئامریکایی بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژی لێکەوتەوە، حکوومەتی ئەو کاتی عیراق بە سەرەنجدان بەو کێشەو ئاریشە کۆنانەی هەمیشە دەگەڵ ئێرانی هەبووو، هەروەها بە هۆی ئەوەی حیزبی بەعس بە تایبەت سەددام خەونی بە ڕێبەرایەتی کردنی جیهانی عەرەبییەوە دەدیت هەلەکەی بە گونجاو زانیو لە ئاکامدا ڕێکەوتی ٢٢ی سپتامبری ١٩٨٠ (٣ی پوشپەری ١٣٥٩) پێک هەڵپڕژانە تاقولوقەکانی سەر سنوور، بە هێرشی هاوکاتی هێزی ئاسمانی عێراق بۆ سەر دە فرۆکەخانەی سەربازیو مەدەنیو، هەروەها هێرشی زەمینی عیراق لە هەموو سنوورە هاوبەشەکانەوە شەڕی گەورەی ئەو دوو وڵاتەی لێکەوتەوە.

هۆکاری سەرەکی ئەو شەڕە، دوژمنایەتی نێوان سەددام حسێنو روحوڵڵای خمینی، ڕیبەرانی ئەم دوو وڵاتەو، گرینگتر لەوەش داخوازی سیاسیو ناکۆکی سنووریی نێوانیانو جیاوازی ئایدولۆژیکی دوو وڵات بوون، کە لەگەڵ ئەوەش‌دا هەردووکیان خەونیان بە هەناردەی بیرو بۆچوونو بەرینکردنەوەی سنووری دەسترۆشتوویانەوە دەدیت. ئەو شەرە لە ئاکام‌دا دوای نزیک بە هەشت سال، گەلاوێژی ١٣٦٧ بە ڕێکەوتنی هەرتک لایەن لە سەر ئاگربڕو هەروەها تێچووی گیانیی یەک میلیون کەسو ١٩٠ میلیارد دۆلار زیان گەیشتنی بە هەردوو وڵات، کۆتایی پیهات .

بەم چەشنە دەبینین ئەو هەناردەکردنەی (شۆرش) کۆماری ئیسلامی پروپاگەندی بۆ دەکا؛ چییەو چ کیشەو ئاریشەیەکی بۆ خەلکی ئێرانو پێشکەوتنی وڵات بە دیاری هێناوەو ئەو وێژارە هەناردەی شورش نیە، بەڵکوو وێژار و گوتاری دەسەڵاتی دژی شۆرشە لە ئێران.



**سیستمی چەمکی هەناردەی شۆڕش بۆ پڕوپاگەندەو دەسڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەو خوڵقاندنی قەیران کەڵک وەردەگرێ بە پیچەوانی وڵاتانی بانگەشەی ئەو دەسەڵاتە؛ هەناردەی کۆماری ئیسلامی ڕێک تەڤگەرێکی دژە شۆڕشییە کە دەگەڵ بەتاڵان بردن و بە لارێ بردنی شۆڕشی جەماوەری ساڵی ١٣٥٧ دەستی پێکردو ئێستاش تێچووەکەی لەسەر شانی خەڵکی ئێرانو ناوچەکەیە**

## ڕۆژهەڵاتی ئێران

## پێکهاتەیەکی دووفاقە و ناکارا



حەسەن شێخانی

زانستی سیاسیی مۆدێرن پێناسەی خۆی هەیە و مێژووەکەی بۆ فیلسوفی ئیتالی نیکۆلۆ ماکیاوێلی لە سەدەی ١٦ی زایینی دەگەڕێتەوە. ماکیاوێلی سیاسەتی لە ئاسمانەکانەوە هێنایە سەر زەوی و وەک دیاردەیەکی زەوینی شیکردنەوەی بۆ کرد؛ ئەمەش بوو بە سەرەتایەک بۆ سێکۆلاریزم و چەمکی سیاسەتی دێموکراتیک. ئەمەو چەندین تایبەتمەندیی دیکە سیاسەت و دەوڵەتی مۆدێرن لە دەوڵەتەکانی بەر لە مۆدێرن جیا دەکەنەوە.

ئەگەر چاو لە هەیکەلی ڕێکخراوەیی کۆماری ئیسلامی بکەین، دەبینین کە لە فۆرم گەلێکی ڕێکخراوەیی نوێ کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام ئەم هەیکەلە خاوەن ئاڵۆزییەکە و بە جۆرێک پێوەندییەکانی نێوان دامودەزگاکانی ڕێکخراوە کە ناهێڵێ ئەم فۆرمە نوێیانەی حکوومەتداری کارایی واقعیان هەبێ.

یاسای بنەڕەتی کە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی تێدا دارێژراوە، خاوەن یەکگرتوویەکی فکری و فەلسەفی نییە و ئەمەش لە روانین و کردەوەی دەسەڵاتدارنی ئەو ڕێژیمەدا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە. کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەک داڕێژراوە و پێناسە دەکرێ کە سەرێکی بە ئاسمانەوە بەندە و، سەرەکەی دیکەشی بە زەوینەوە. دوو سەرچاوەی ڕەوایی مێتافیزیکی و ماددی بۆ خۆی داناوە؛ بە پێچەوانەی سیستمە دێموکراتیکەکان کە ڕەوایی خۆیان لە خەڵک وەردەگرن، کۆماری ئیسلامی لە پێش هەموو شتێک دا خۆی بە نوێنەری خوا لە سەر زەویی دەزانێ و لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژیی شیعییزمی سیاسی دا خۆی پێناسە دەکا.

یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی گشتێکی یەکپارچە نییە و ئەمەش لە بنیات و دامەزراوەکانی دا خۆی دەردەخا. بنیات و دامەزراوە هەڵنەبژێردراوەکان بە سەر ئەو بنیاتانەی، کە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک دا هەڵبژاردنیان بۆ دەکرێ، زاڵن و ئەمەش بڕستی لە ڕەهەندیی دێموکراتیکی سیستم بڕیوە.

بیری سیاسیی کۆماری ئیسلامی، هەڵگری پارادۆکسێکی جەوهەرییە. ئەمەش یەکدەست کردنی سیستم نامومکین دەکا و دووبەرەکی و نایەکگرتوویی لە نێوخۆیدا بەرهەم دێنێتەوە.

سەڕەرای ئەوە کە ٣٦ ساڵ لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی تێدەپەڕێ، بەڵام بە هۆی چییەتیی دژبەیەکی ئەو ڕێژیمە، باڵەکانی ڕێژیم خوێندنەوەگەلێکی جیاواز لە شۆڕشی ١٣٥٧ و ئامانجەکانی دەکەن. لە روانگەی توندڕەوەکانەوە، ریفۆرمخوازەکان دەیانەوێ شۆڕشی بە گوتەی خۆیان ئیسلامی، لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران‌دا قەتیس بکەن و لە نێوخۆش دا لە نێوەرۆکی خۆی بەتاڵ بکەنەوە. توندڕەوەکان هێشتاش لە سەر چییەتیی سەروونەتەوەیی شۆڕشی ١٣٥٧ پێ دادەگرن و وازیان لە خواستی هەنارده کردنی شۆڕش نەهێناوە و ئەمەش لە ئاژاوە نانەوە و یارمەتیدانی گرووپە توندئاژۆکانی ناوچەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. لە بەرامبەردا ریفۆرمخوازەکان خوێندنەوەیەکی واقعیتر لە شۆڕشی ١٣٥٧ دەکەن. خوێندنەوە جیاواز و دژبەیەکەکان تەنیا تایبەت بەو پرسە نین بەڵکوو لە زۆر بوار و پرسی دیکەش دا بەرچاو دەکەون. باڵی دەسترۆیشتووی نێو سیستم، لە رابردوودا قەتیس ماوە و بەم پێیەش ئەولەوییەتەکانی ڕێژیم پێناسە و دیاری دەکا.

لە دنیای مۆدێرن دا دەوڵەتەکان سەلاحییەتی پێویستیان هەیە و لە بەرامبەر خەڵکیش دا وەڵامدەر و بەرپرسیارن. واتە شوێنی بڕیاردان دیارە و ئەگەر لە بوارێک دا کەم و کووڕی و گیروگرفتێک بێتە ئارا، خەڵک دەزانن کێ بەرپرسیارە و دەزانن ڕەخنە و داواکارییەکانیان ئاراستەی کێ بکەن. بەڵام لە کۆماری ئیسلامی دا بە هۆی باڵادەستیی بنیاتە هەڵنەبژێردراوەکان، دەسەڵاتەکانی دەوڵەت سنووردارە و لە بواری جۆراوجۆردا ناوەندگەلێک بڕیار دەدەن کە لە بەرامبەر خەڵک و مەجلیس دا وەڵامدەر نین و خۆیان بەرپرسیار نازانن. ئاڵۆزیی سیستمی کۆماری ئیسلامی توانا و ئیمکاناتێکی زۆر بە فیڕۆ دەدا و ئەمەش وایکردووە کە ئەو ڕێژیمە نەتوانێ قۆناغەکانی پەرەسەندن ببڕێ و هەتا ئێستاش ئێران لە خانەی وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندن دا بمێنێتەوە. لە ئێران‌دا زۆر گرفت هەن کە کەس لە هەمبەریان‌دا خۆی بە بەرپرسیار نازانێ و هەر دامەزراوەیەک خەتاکە دەخاتە ئەستۆی ئەوی دیکە.

لە مۆدێرنیتەی سیاسی دا ئاسایش و خۆشبژێویی خەڵک لە سەرووی ئەولەوییەتی دەوڵەتەکان دا جێ دەگرێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی لە پێناو ئامانجە لابەلاکانی دا بە ئاسانی ئاسایشی خەڵکەکەی قوربانی دەکا. وڵاتی ئێران لە ئەنجامی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دا بۆتە جەهەننەمێک کە خەڵکەکەی بە ئاواتی ژیانێکی ئاسوودە، بە جێی دێڵن و ڕێگەی هەندەران دەگرنەبەر. ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کاریگەریی هەیە و حیسابی لە سەر دەکرێ، بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەتێکی ئاسایی و عاقڵ نییە و ئامادەیە لە پێناو ئامانجەکانی دا خەڵک و وڵاتەکەی بکاتە قوربانی.

وەک دەردەکەوێ کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی دەوڵەتانی مۆدێرن، پێکهاتەیەکی دووفاقی هەیە. تەنیا سەرچاوە و پێگەیەکی زەوینی بۆخۆی قایل نییە، بەڵکوو روانینێکی مێتافیزیکی و بەر لە مۆدێرنیشی بۆ دەوڵەت هەیە. خاوەن بیرێکی سیاسیی یەکگرتوو و تەبا لەگەڵ سەردەم نییە. ئۆرگان و بنیاتەکانی بە پێی دەسەڵات و بەرپرسایەتییان، خۆیان بە وەڵامدەر و بەرپرسیار نازانن؛ ئۆرگانی وا هەیە دەسەڵاتی زۆرە، بەڵام کەس ناتوانێ لێپرسینەوەی لێ بکا. بە گشتی سیستمی کۆماری ئیسلامی، سیستمێکی خەڵکیی و شەفاف نییە کە بە میتۆدێکی زانستی و بە لە بەرچاو گرتنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان، لە سەر پرسەکان ساغ بێتەوە و هەموو ئیمکان وتواناکان لە پێناو گەشەسەندنی وڵات دا بخاتە کار.

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان وهەواڵی چالاک بوونی داعش



**عومەر باڵەکی**

ماوەیەکە لە هەواڵەکانی کوردستاندا گوێ بیبیستی ئەوە دەبین کە لە هێندیک ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کەس یا کەسانێک چونەتە ڕیزی گرووپی تیرۆریستی داعشەوە.

ئەگەر ئەو بابەتە تەنیا وەک هەواڵێک چاوی لێ بکەین ڕەنگە شتێکی زۆر سەیر نەبێ، چونکە لە کۆمەڵگایەکی بەربەریندا هەمووجۆر فکرو ئەندیشەی چاکو خەراپی تێدا هەڵدەکەوێو بە پێی ئەو هەواڵانە، ئەوانەی چونەتە نێوداعش دەچنە خانەی ئەو کەسانە کە ڕۆژانە لە کۆمەڵگای خۆیاندا تاوانی دژە ئینسانی دەخوڵقێنن. بەڵام ئەوی جێگای سرنجەو پێویستی بە هەڵوێستە کردنە ئەوەیە کە چۆن کەس یا کەسانێک کە کوردن‌و بە زمانی کوردی قسە دەکەن‌و لە کوردستان گەورە بوو،ن پێگەیشتوون‌و ئاگایان لە نەهامەتی‌و کوێرەوەری خەڵکی کوردستان هەیەو دەزانن کە دەوڵەتی ئیسلامی عیراق‌و شام لە ماوەی نزیک بە یەک ساڵدا چۆن دڵڕەقی‌و بێبەزەیی خۆیان لە ئاستی کوردو کوردستانیان گەیاندە لوتکەی وەحشیگەری‌و ئەوەش دەزانن کە کارو کردەوەکانی داعش لە کوردستان‌و دنیادا بێزراوەو کەس تەئیدیان ناکا مەگەر تاقمو گروپی دژە ئینسانی.

ئەگەر وەڵام ئەوە بێ کە ئەو جۆرە کەسانە مەسەلەی نەتەوەو نیشتمانیان بۆ گرینگ نییەو ئەوەی بۆیان گرینگە دین‌و مەزهەبی خۆیانە کە هاندەریان بۆ پێویست بوونیان بەو جۆرە گرووپانە، ناتوانێ پاساویەکی دروست و بەجێ بێت، چونکە هەموومان دەزانین کە نزیک بە ٩٥٪ خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگری ئایینی ئیسلام‌و لە هەموو مێژووی دوورو نزیکدا هیچ دەسەڵاتو لایەنێک بەربەستی لە بەرامبەر بەجێهێنانی وەزیفەو ئەرکی دینی کە پێوەندی بە تاکو کۆی کۆمەڵگەوە هەبوو، دروست نەکردووەو تاکی کورد زۆر بە ئازادانەو سەربەستانە وەزیفەی ئایینی‌ومەزهەبییەکانی خۆی بەجێهێناوە.

ئەگەر چاو لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین دەبینین بەشی زۆری کەسایەتییە ئەدەبی‌و فەرهەنگی‌و نەتەوەییەکان ڕێبەرانی ئایینی‌و مەزهەبی کوردستان بوون‌و زمان‌و ئەدەبی کوردی‌و گەشەکردنی شعوری نەتەوایەتی، قەرزداری ئەو کەسایەتییانەیە. لە مێژووی هاوچەرخماندا لە قۆناخێکی دیاری خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبینین کە ڕێبەرانی ئایینی‌و مزگەوتەکان هەم ئەرکی پەروەردەی خوێندن‌و نووسینی منداڵانی کوردیان بەتایبەتی کە گوندەکان وەئەستۆ گرتووەو هەم پێگەو پەناگەی ئازادیخوازانی نەتەوەیی بوون.

هەر بۆیە چوونی کەس یان کەسانێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نێو گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان ناتوانێ هەڵگری ئەو پاساوە بێت کە لەسەرەوە باسمان کرد.

ئەو باسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردو کارناسی هەیە لە بواری کۆمەڵناسی‌و دەروونناسییەوە کە لە توانای ئەو نووسینە بەدەرە، بەڵام بە کورتی دەتوانین چەند هۆکارێک دەستنیشان بکەین کە هاندەر دەبن بۆ ئەوەی کەس یان کەسانێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو لەو گرووپو تاقمە توندڕەوانەی وەک داعش بکەن.

هەر ئاڵوگۆڕێک لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی کە لە کۆمەڵگەیەکدا دێتە پێشێ دەسەڵاتو سیستمی سیاسی زاڵ بەسەر ئەو کۆمەڵگەیە کاریگەری ڕاستەو خۆی لەسەرهەڵدان‌و گەشەکردنی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا هەیە. کۆماری ئیسلامی کە ماوەی ٣٦ ساڵە دەسەڵاتداریەتی ئێران دەکاو

**هەر ئاڵوگۆڕێک لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی کە لە کۆمەڵگەیەکدا دێتە پێشێ دەسەڵاتو سیستمی سیاسی زاڵ بەسەر ئەو کۆمەڵگەیە کاریگەری ڕاستەو خۆی لەسەرهەڵدان‌و گەشەکردنی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا هەیە**

ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەهۆی سنووری دەستکردەوە بەشێکە لە ئێران، زۆر سروشتییە هەر ئاڵوگوڕێک لە ئێراندا ڕوو بدا چ لە بواری سیاسی یان کۆمەڵایەتی پانتایی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەگرێتەوە.

ئەگەر چاو لە سیستمی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی بکەین دەبینین کە پڕە لە هەڵاواردن‌و لە پەراوێزخستنی گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کاتێک بە قانوون مەزهەبێک لە ئایینی ئیسلام دەبێنە مەزهەبی ڕەسمی‌و ڕێبەرو سەرکۆمارو تەواوی کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەو سیستمە دەبێ خاوەنی ئەو مەزهەبە بن‌و مەزهەب‌و ئایینی دیکە لە بەرچاو ناگیرێ‌و لە پەراوێز دەخرێن‌و لەو ڕێگەیەوە لە مافە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیش بێبەش دەکرێن زۆر سروشتییە پێڕەوانی مەزهەب‌و ئایینی دیکە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە هەر فورسەتو هەلێک کە بۆیان هەڵبکەوێ کەڵک وەربگرن بۆ دژایەتی کردنی ئەو بۆچوونەو قانوونانەی کۆماری ئیسلامی چونکە لە بواری مەزهەبی‌و ئایینی خۆیان بە غەدر لێکراو دەزانن. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە پاساو بێت بۆ ئەو کەسانە کە چوونەتە نێو داعش بەڵکوو دەتوانێ ئەو هەڵاواردنە هۆکارێک بێت بۆ دانی بڕیاری لەو بابەتە لەلایەن تاکەکانەوە.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی دیکەوە مەسەلەکە تاوتوێ بکەین ڕەنگە باشتر ڕوون بێتەوە کە سیستمی کۆماری ئیسلامی لە خوڵقاندنی ئەو بابەتانەدا لە کۆمەڵگەدا بەرپرسیارە. چونکە ئەوی زیاتر کەس یان کەسانێک هان دەدا بۆ تاوان‌و تاوانکاری کۆمەڵێک هۆکاری وەک بێکاری‌و هەژاری‌و پەرەگرتنی فەرهەنگی ترس‌و تۆقاندنە کە لە ماوەی ٣٦ ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی کردوویەتیە دەستمایەی مانەوەی دەسەڵاتداریەتی خۆی. کاتێک ئاماری هەژاری بە قسەی خودی کاربەدەستانی ڕێژیم لە ١٢میلیون کەس تێپەڕ دەبێ‌و گەنجێک بە هۆی بێکاری وهەژاری ناتوانێ ژیانی هاوبەش پێک بێنێ یان ژیانی لێ تێکدەچێ‌و یان تەنانەت ناتوانێ بژێوی ژیانی خۆی پەیدا بکا، لەکاتی ئاوادا ڕوو لە کاری تاوانکاری دەکا، تووشی مادەهۆشبەرەکان دەبێ‌و گوێ بۆ هەموو جۆرە وتارو قسەیەک ڕادەگرێ‌و تێکەڵ بە هەموو جۆرە تاقمو دەستەیەکی توندڕەوو تیرۆریست دەبێ بۆ ئەوەی دەروازەیەکی بە ڕوودا بکرێتەوە لە بێکاری‌و بێ‌دەرەتانی ڕزگاری بێت‌و لە کاتی واداو لە کۆمەڵگەیەکی‌بەوشیوەییە گرووپو ڕێکخراوی وەک داعش ئەو هەلە دەقۆزنەوەو کاری لەسەر دەکەن بە وادەی جۆراوجۆر ئەو گەنج‌و لاوانە فریو دەدەن‌و تێکەڵ بە خۆیانی دەکەن.

ئەگەر هەڵسەنگاندنێک بکەین لە نێوان ئەو کاتانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و هێزە سیاسییەکانی دیکە لە پانتایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حوزووری ئاشکرایان هەبووو کارو باری خەڵکیان ڕادەپەڕاند کەمتر خەڵکی کوردستان بەتایبەتی گەنج‌و لاوان روویان لە تاوانکاری‌و تاقم‌و ڕێکخراوی تیرۆریستی دەکرد.

لەگەڵ ئەوەدا کوردستان ئابلۆقەی ئابووری لەسەر بووو بژێوی ژیانی خەڵک بە زەحمەت پەیدا دەبوو، بەڵام خەڵک دەسەڵاتو بەڕێوەبەری کوردستانیان بە هی خۆیان دەزانی‌و هەوڵیان دەدا خۆیان لەگەڵ کەم‌و کورتییەکان بگونجێنن‌و بە کەمترین ئیمکانات ژیان تێپەڕ بکەن. بەڵام سیاسەتی بە ئەمنییەتی کرانی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وای لە کوردستان کردوە کە ماددە سڕکەرەکان‌و دزی‌و قەتڵ‌و تاوانکاری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕوو لە زیادبوون بکاو کۆماری ئیسلامی بە جێگەی چارەسەرو بنبڕ کردنی هۆکارەکان، زیاتر هەوڵ دەدا بە پەرەپێدانی ئەو هۆکارانەی کە تاوانیان لێ‌دروست دەبێ، ئەو تاوانە چوونە نێو داعش بێ یان قەتڵ‌و دزی‌و شتی لەو بابەتە فەرق ناکا.

کاتێک گەنجێک یان لاوێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەست بە شعووری نەتەوەیی خۆی دەکاو چ لە ناوخۆی وڵات بیهەوێ کاری سیاسی بکاو چ ڕوو لە پێشمەرگایەتی بکا، هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەونە هەڕەشەو گوشار خستنە سەر بنەماڵەی ئەو گەنج‌و لاوانە بۆ ئەوەی لە کاری سیاسی دووریان بخەنەوە. بەڵام ڕۆژانە لەبەر چاوی هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی کەسانی سەر بە ڕێکخراوە بناژۆخوازو توندڕەوی ئایینی‌و مەزهەبی لە نێو خەڵکدا تەراتێن دەکەن نەک کێشەیان بۆ دروست ناکەن بەڵکوو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ یارمەتیشیان دەدەن بۆ ئەوەی بەهێز بن‌و ئەو سیاسەتەیان تەنیا لە ڕاستای ئەوە دایە کە گەنجێکی کورد بەرەوکاری سیاسی بە ئامانجی نەتەوەیی‌و نیشتمانی هەنگاو نەنێ.

لە کۆتاییدا ئەوە ئەرکی کۆمەڵگەی کوردەوارییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە گژ ئەو دیاردەیەدا بچێتەوەو هەرکەس‌و بنەماڵەیەک لە بەرخۆیەوە زیاتر وریای منداڵەکانی خۆیان بن کە بە هۆی ئەو هۆکارانەی کەلە سەرەوە باسمان کردو کۆماری ئیسلامی تێدا تاوانبارەو دەیان هۆکاری دیکە ڕوو لە گرووپو تاقمی وەک داعش نەکەن‌و لەو شوێنانەی کە بەناوی دین‌و مەزهەبەوە تەبلیغ بۆ ئەو جۆرە تاقمو گرووپانە دەکرێ لەسەر مامۆستایانی ئایینی‌و پێش‌نوێژی مزگەوتەکانە کە بە گژ ئەو دیاردە نامرۆڤانەو دژە ئایینەدا بچنەوەو ئەرکی نەتەوەیی‌و ئایینی خۆیان بەجێ بگەیەنن چونکە مامۆستایانی ئایینی بە پێی ئەرکێک کە هەیانە ڕێنوێنی‌و ڕێنیشاندەری خەڵکەن، دەبێ گەنج‌و لاوی کورد لەوە تێبگەیەنن کە ئەرکی ئەوان پارێزگاری لە نەتەوەو ئەو کەلتوورو فەرهەنگەیە کە بە درێژایی مێژووی چەند سەدساڵە دروست بووە کە لە کوردستان هەموو ئایین‌و ئایینزاکان لە تەنیشت یەکتر بە برایەتی ژیاون‌و کەس ئەو مافەی بە خۆی نەداوە کە مافی کەسانی دیکە پێشێل بکاو پێویستە بەوکەسانەو بنەماڵەکانیان بگوترێ کە چونەنێو داعش نەک زیان بە خۆیان دەگەیەنێ بەڵکوو زیان بە کەس‌و کارو بنەماڵەشیان دەگەیەنێ، چونکە چارەنووسی ڕێکخراوو گرووپو تاقمی لەو بابەتە تەنیاو تەنیا تێداچوون‌و فەوتانەو ئەوی لە دوایان جێ‌دەمێنێ تەنیاو تەنیا نفرەتو بێزارووییە لە ناو خەڵکو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## لە ڕۆژهەڵاتەوە...

## دوو ئەزموون‌و دەرفەتیکی لە دەستچوو!



**خالید محەممەدزادە**

نووسینی ئەم یاداشتە هاوکاتە لە گەڵ ساڵیادی ٣٦ ساڵەی ڕاپەڕینی ١٩٧٩ی ئێران، کە تێیدا ڕۆژهەلاتی کوردستان بە کاریگەری لەم ڕاپەڕینە ڕووبەرووی گۆرانکاری گەورە بوویەوە. گۆڕانکارییەک کە لە سەدەی بیستەم بە دووهەم گۆڕانکاری گەورە لە کوردستان دوای دەیەی بیستی هەتاوی کە دامەزرانی کۆماری کوردستانی لێکەوتەوە دێتە ئەژمار.

لە یەکەم گۆرانگاری سیاسی دەیەی (٢٠)ی ئێران، ئەگەرچی هەموو ناوچەکانی کوردستانی نەگرتەوە، بەڵام کوردەکان ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە بۆ دامەزرانی کۆمارێکی پڕ لە دەستکەوت کە هەتاکوو ئێستاش دەستکەوتەکانی جێی شانازیی کوردن، بەڵام گۆرانکارییەکانی کۆتایی دەیەی (٥٠)ی هەتاوی‌و ڕزگاری هەر چوار پاریزگا کوردییەکەو پاش ٣٦ ساڵ لەم یادکردنەوە، کوردەکان کە دێن یادی ئەم دەرفەتە دەکەنەوە، خۆ لەوە دەبوێرن کە لەو دەرفەتە چییان چاندو چییان بەرهەم هێنا، قسە کردن لەم دەرفەتە دەگوازرێتەوە بۆ قسەکردن لە سەر بەربەرییەتی حکوومەتی ناوەندی لە کوردستان، بە بێ قسەکردن لە دەستکەوتو کارکردی ئەو فەزا کوردییە کە ئاخیندرابوو بە زیاد لە ڕێکخراوو گرووپو مەحفەلێکی سیاسی.

ڕەنگە خەڵکێک لە بەر بە ئەستۆنەگرتنی بەرپرسیارەتی بە سەهمی خۆی، لە گەل بەراوەرد کردنی ئەم دوو ئەزموونە نەبن، بەڵام تاکحیزبی ئەگەر لە دەیەی(٢٠)ی هەتاوی دەستکەوتی گەورەی لێدەکەویتەوە، فرە حیزبی لە (٤٠)ساڵ دواترو لە جوغرافیایەکی بەرینتر، پرش‌و بڵاوی‌و نایەکگرتوویی لێ‌دەکەویتەوە بە جۆرێک کە کوردستانی بوون‌و میحوەرییەتی خواستی گشتی، جێگەی خۆی دەدات بە خواستی مەحفەلی ڕەنگرێژکراو بە ئایدئۆلۆژیای هاوردە کە هەوڵیان دەدا کۆمەڵگا لە خۆیان بتوێننەوە.

دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵاتی دوای ساڵی ٥٧ ببوو بە شوێنی هەناردەو هاوردەکردنی دەیان ئایدئۆلۆژیاو پێکهینانی ئەمارەتی حیزبی کە تێیاندا پرسی کوردبوون‌و کوردستانی بوون نەیدەتوانی کۆکەرەوەی کۆی ئەم هێزانە بێ، ئەوەندەی ئایدئۆلۆژیاو بەرژەوەندی حیزبی دەوری تیادا دەبینی. تەنانەت بۆ دانیشتن لە گەڵ وەفدی حکوومەت، زیاد لە وەفدێک دەبینرا. لە بەرەنگاربوونەوەی هێرشی حکوومەتیش هەموو حیزب‌و لایەنەکانیش وەک یەک‌و لە گەڵ یەک بەشداری ئەو بەرەنگاربونەوەو پاراستنەی کوردستانیان نەدەکرد، بە جۆرێک کە هەندێکیان بە تەواوی باوەڕیان بە بەڵێنیەکانی حکوومەت بۆ چارەسەری هێنابوو کە دواتر ئەم باوەربوونە، بە ئینشعاب لە نێو بەشێک لەم هێزانەو توانەوە لە ژێر ماشێنی سەرکوتی حکوومەت کۆتایی هات.

ئەگەر داخوازییەکانی کورد لە دەیەی ٢٠ی هەتاوی‌و لە کۆماری کوردستان داخوازی نەتەوەیی ڕوو بە ناوەند دەبن، داخوازییەکانی قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ٥٧ بارگاوی دەکرێن بە داخوازی حیزبی‌و ناکۆک لە گەڵ یەک‌و تا ڕادەیەکی زۆر دوور لە خواستی نەتەوەیی کە دواتر شەڕی نێوخۆیی لێکەوتەوەو لەو لاتریش، حکوومەتی ناوەندی وەک یەک هەموویانی دەکردە قوربانی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی.

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هەر دو قوناغ هەم لە ڕووی زەمەنی، جوغرافیا، پانتایی کارکردنی سیاسی‌و ئاستی خواستو چاوەڕوانییەکان لە گەڵ قۆناغی شۆرشی ٥٧ی لە کوردستان هەیە، ئەگەرچی لە دواجار هەر دوو بۆشاییەکەو هەر دوو دەرفەتەکە بێ بەزییانە سەرکوت کران، بەڵام کوردەکان(٤٢) ساڵ دوای کۆماری کوردستان‌و بە پێچەوانەی دەیەی بیستی هەتاوی دەست خاڵی لە قۆناغی دەیەی ٥٠ هاتنە دەری بە جۆرێک کە لە ئێستا نابیستین باس لە دەسکەوتەکانی ئەو قوناغە بکرێت لە ڕووی بەرهەمهێنان‌و بونیادنانەوە. ئەمە لە حالێکدایە کە کۆماری کوردستان‌و ئەو فەزا کراوەی بۆ چالاکی هەبوو تەنیا ١١ مانگی خایاند، بەڵام لە دوای شۆرشی ٥٧ بۆ ماوەی (٣) ساڵ زیاتر شارەکانی کوردستان بە دەست خەڵک‌و هیزە سیاسییەکانەوە بوون‌و تا زەمەنیکی دریژتریش گوندەکان بە دەست پیشمەرگەوە بوون‌و کوردستان ناوچەی ئازاد کراوی هەبوو.

ئەگەر ڕۆژهەڵاتی دەیەی ٢٠ی هەتاوی لە نێوخۆی دا کرا بە قوناغی کۆکردنەوەی هەموو وزەو توانا کوردییەکان بۆ تەعبیرلە کوردبوون‌و ئومێدیک بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی دەیەی ٥٠ی هەتاوی بوو بە شوێنی لێدانی هەر پرۆژەیەکی کوردبوون تا ئاستی داواکاری بۆ دەرکردنی کوردەکانی باشور لە ڕۆژهەلات!

قسەکردن لە سەر ئەم دۆخە تێپەڕیوە دەبێت بمانگەینەتە ئەو قەناعەتە کە دەبێت چەترێک بۆ کۆکردنەوەی هەمووان هەڵبدرێت بە دەر لە هەر چەترێکی ئیدئۆلۆژیک، ئەویش چەتری کوردستانی بوونە هەم ڕوو بە نێو خوو هەم ڕوو بە دەرەوە، کە لە دواجار کۆی هێزەکانی ئەم کۆمەڵگایە هەستکردن لە بەرپرسیارەتی حیزبی بگوازننەوە بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارەتی گشتی بۆ لەبارنەچوونی دەسکەوتەکانی حەوزەی گشتی.

# نزیکبوونەوە لە دواساتەکانی دانووسانە ئەتۆمییەکەی ئێران و ڕۆژئاوا



مەسعود ڕەواندووست

به نزیکبوونەوە لە کۆتاییەکانی ماوەی دیاریکراو بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئێران و ڕۆژئاوا لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئەم وڵاتە و لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ڕێبەرانی ئێران و ئەمریکا هەڵوێست و بۆچوونی خۆیان لەسەر گەیشتن بە ڕێککەوتن و ئەنجامی دانووسانەکان ڕاگەیاند.

باراک ئۆباما، سەرۆک کۆماری ئەمریکا ڕایگەیاند کە مەسەلەی گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران ئیتر فەننی نیە و پێوەندیی بە ئیرادەی سیاسییەوە هەیە. لە لایەکی دیکەوە چەند ڕۆژ پێشتر خامنەیی ڕایگەیاند کە بە ڕێککەوتن ڕازییە، بەڵام ڕێککەوتنێکی باش. ناوبراو وێڕای پشتگیری لە هەوڵەکانی تیمی دانووستاندکاری ئەتۆمیی ئێران، ڕایگەیاند کە خوازیاری ڕێککەوتنێکە کە بە زیانی ئێران نەبێ و نەبێتە هۆی سووکایەتی بە ڕێژیمەکەی.

ئەم قسە و هەڵوێستانە لە کاتێکدایە کە دوای ئەوەی لە نوامبری ٢٠١٣دا ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لە نێوان ئێران و وڵاتانی ١+٥دا هاتە ئاراوە، دانووسانەکان دووجار بە بۆنبەست گەیشتوون و دوو لایەن دوو جار ماوەی وتووێژەکانیان درێژکردۆتەوە. دوایین دەرفەتیش ٣١ی مارسی ئەمساڵ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر چوارچێوەیەکی گشتی بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و، ڕۆژی ٣١ی ژوئەن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر وردەکارییە فەننییەکان دیاریکراوە.

لە حاڵێکدا کە هەر دوو لایەن خۆیان بە گەیشتن بە ڕێککەوتن پابەند نیشان دەدەن و جۆرێک خۆشبینی لە قسەکانیاندا بەدی دەکرێ، قسەکانی دوو ڕێبەر لە نزیکبوونە لە دوا دەرفەتەکاندا هەم بە جۆرێک تاکتیک و فشاری سیاسی و ڕەوانی و خستنەوەی تۆپەکە لە مەیدانی بەرامبە بۆ دانی ئیمتیازی زیاتر تەفسیر دەکرێ و هەم جۆرێکیش نیگەرانیی دوو لایەن لە ئەگەری نەگەیشتن بە ڕێککەوتن نیشان دەدا.

پێداگریی دوو لایەن لەسەر گەیشتن بە ڕێککەوتن لەم ماوەیەدا و دژایەتی لەگەڵ درێژکردنەوەی وتووێژەکان هەم لەلایەن بەرپرسانی ئەمریکایی و هەم لە زمانی جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران و هەروەها دژایەتیی چین لەگەڵ درێژکردنەوەی وتووێژەکان، فشارە ڕەوانییەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن زیاتر دەکا و جیددی بوونی دوو لایەن لە گەیشتن بە ڕێککەوتن نیشان دەدا. بەڵام هاوکات قسەکانی خامنەیی و ئۆباما وێڕای ئەوەی بە جۆرێک مانۆڕی سیاسیی دواساتەکان لەقەڵەم دەدرێن، جۆرێک نیگەرانی و ترسیان پێوەدیارە کە دەتوانێ بە دڵی نەیاران و دژبەرانی ڕێککەوتن لە ئێران و ئەمریکا شرۆڤە بکرێ.

ئاشکرایە هەم لە ئێران و هەم لە ئەمریکا زۆر کەس و لایەن دژی ڕێککەوتنی نێوان ئێران و ئەمریکان و هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ڕێگرتن لەو ڕێککەوتنەی بە دڵخوازی خۆیانی نازانن. لە ئەمریکا کۆماریخوازەکان و تەنانەت هێندێک لە دیموکراتەکانیش نیگەرانیی خۆیان لە ڕێککەوتنێکی لاواز کە نەتوانێ ئاشتییانەبوون و بە ئاشتییانە مانەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران گارانتی بکا ناشارنەوە و فشار دەخەنە سەر ئۆباما و داوای لێ دەکەن لە بەرامبەر ئێراندا توندتر و جیددیتر بێ. هاوکات بە نزیکبوونەوەی ئێران و ڕۆژئاوا لە ڕێککەوتن، ئیسرائیلیش بە هەڕەشە و فشار بۆ سەر ئەمریکاییەکان و لە هەر ڕێیەکەوە پێی بکرێ هەوڵ دەدا ڕێگە لە گەیشتنی دوو لایەن بە ڕێککەوتن بگرێ. ئیسرائیل پێیوایە نێوەرۆکی ئەو ڕێککەوتنەی قەرارە نزیک مانگ و نیوێکی دیکە بێتە ئاراوە ناتوانێ ڕێگەی گەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی بگرێ و مەترسییەکان بۆسەر مان و مەوجوودییەتی ئیسرائیل بڕەوێنێتەوە و هەر بۆیە بە مافی خۆیانی دەزانن بێ وەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێککەوتنە هەموو ڕێگەیەک بۆ پاراستنی خۆیان بگرنەبەر. لە نێوخۆی ئێرانیش دەوڵەتی ڕووحانی لە گەیشتن بە ڕێککەوتن جیددییە، بەڵام لە بەرامبەردا بناژۆخوزان و ئوسولگەراکان کە لە ئاکام و ئاسەوارەکانی ئەم ڕێککەوتنە لەسەر پێگە و بەرژەوەندییەکانیان لە ململانێ جەناحییەکاندا نیگەرانن بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لەباربردن و دژایەتی کردنی دانووسان و ڕێککەوتنەکانیان داوە.

بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەو دژایەتییانە، هەروەک گوترا قسەکانی دوو ڕێبەر جگە لە لایەنە تاکتیکییەکەی هەڵگری جۆرێک نیگەرانیشە لە بە ئاکام نەگەیشتنی دانووسانەکان. لە ئێران قورسایی باری گەمارۆکان کە ڕێژیمی بە چۆکداهێناوە و خەریکە پشتی ئابووریی ئەم وڵاتە دەشکێنێ، هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی ڕێژیمی تاران دوای سەپاندنی تێچوویەکی زۆر قورس بەسەر خەڵک و وڵاتی ئێران لە دوو دەیەی ڕابردوودا، پاشەکشە لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بکا و بۆ خۆدەربازکردن لە داڕمان و ڕووخانی ژێرخانەکانی حکوومەت ئامادەی خواردنەوەی جامی ژەهرێکی دیکە بێ. بە تایبەت ئێستا کە دابەزینی نرخی نەوت گوشارێکی دووهێندەی خستۆتە سەر پایە لەرزۆکەکانی ئابووریی ئێران، خامنەیی پێی باشە بە مەرجێک سیمای نێوخۆیی ڕێژیم بپارێزرێ و بە وتەی خۆی ڕێژیمەکەی سووک نەکرێ «نرمش قهرمانانه!!» بکەن و بەو ڕێککەوتنە بگەن کە ئەو بە باشی دەزانێ. بێگومان ڕێبەرانی ڕێژیم ئەزموونی خواردنەوەی جامی ژەهری خومەینیان لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا هەیە کە بە شکست و مایەپووچیی ئەم وڵاتە لە دوای شەڕەکە تەواو بوو، هەر بۆیە سرووشتییە ئەمجارە هەوڵ بدەن پێش ئەوەی لە ئاکامی قورستربوونی گەمارۆکان و نرخی نزمی نەوت بکەونە دۆخێکی سەرەمەرگ و لە هاوکێشەکەدا بە تەواوی بدۆڕێن بەوە ڕازی بن کە زەرەر لە نیوەڕا بگەڕێتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە ئۆباما دەگەڵ ئەوەی هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم پەروەندەیە لە ماوەی سەرۆک کۆماریی خۆیدا کۆتایی پێبێنێ و بیکاتە خاڵێکی بەهێز لە کارنامەی خۆی و دیموکراتەکاندا، نیگەرانی ئەوەشی هەیە کە ئاکامی هاوکێشەکە پێچەوانە بێتەوە و ڕێککەوتنەکە بەو ئەنجامە نەگا کە ئەوان چاوەڕوانی دەکەن، یان هەر بە ئەنجام نەگا. هەر بۆیە قسەکانی ئۆباما کە دەڵێ پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران ئێستا ئیتر تەنیا سیاسییە و پێوەندیی بە ئیرادەی سیاسییەوە هەیە جۆرێک تۆمەتبارکردنی لایەنی بەرامبەر بە بێ ئیرادەیی و فشارخستنە سەرە بۆ هەنگاو هەڵێنانەوە بەرەوپێش و لە لایەکی دیکەشەوە جۆرێک خۆدزینەوەیە لەوەی هەموو بەرپرسیارەتییەکان لە ئەگەرە نەخوزراوەکاندا بە تەنیا وەئەستۆ بگرێ.

کەوابێ ئەم پەروەندەیە هەم بۆ دەوڵەتی ئۆباما و هەم بۆ دەوڵەتی ڕووحانی کە جگە لە بواری دەرەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی نێوخۆشدا خەریکی ململانێی سیاسیی توندن، دوو لایەنی دەرەکی و نێوخۆیی هەیە و سەرکەوتن یان شکستی هەرکامیان لە مەیدانی دەرەوە و ڕێککەوتنی ئەتۆمیدا چارەنووسی سیاسی و داهاتووی لایەنەکانی دیکەی گۆڕەپانی سیاسیی نێوخۆش دیاری دەکا.

هەر بۆیە دەگەڵ ئەوەی ڕواڵەتی هاوکێشەکان ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتن بەهێز نیشان دەدەن دەبێ چاوەڕوان بمێنینەوە و بزانین ئەکتەرەکانی دیکەی ئەم مەیدانانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕێککەوتنەکە دەبێ و چارەنووسی ئەم پەروەندەیە و لە ئاکامدا زۆر هاوکێشەی دەرەکی و نێوخۆیی دیکەی ڕێژیمی تاران بە چ ئاقارێکدا دەبەن.



# پێوەندیی قووڵی شەڕو ڕەوینەوەی داتەپینی ئابووری



تەهای ڕەحیمی

دەگەڵ پشکوتنی بیری مرۆڤ و، هەتا ئەو شوێنەی بیرەوەرییەکانی مرۆڤ هێزیی پێی دەشکێ، شەڕ وەک دیاردەیەک بە هەموو ڕەهەند و جۆرەکانییەوە لە ژیاندا هەبووە و هەتا هەتایەش دەبێ. ئەگەر سەردەمێک شەڕ بە بێپلانی لە پێشدا دیاریکراو و ، زیاتر لە سەر بەرژەوەندی گرووپەکان، یان چاوچنۆکی فڵان پاشاو فیسار ئیمپراتۆر ڕووی دەدا، بەڵام هەنووکە، تەنانەت چەند سەدەیە شەڕە گرنگو بەرچاوەکان نەک بە هۆی ئەو هۆکارە کلاسیکانەوە، بەڵکوو بۆ ڕاگرتنی دیاردەیەک، یان گەڕخستنەوەی دیاردەیەکی دیکە دێتە گۆڕێ. بۆ وێنە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێران و بە تاڵانبردنی لە لایەن توندرۆ ئیسلامییەکانەوە، کە دروشمی «هەناردەی شۆڕش»ی بە دوای خۆیدا هێنا، وڵاتانی ناوچەکەو تەنانەت جیهانیش وەخۆ کەوتن، تا بەر بەو وزە ئازادبووەی شۆڕش بگرن، کە لەوانەیە پێشهاتێکی نەخوازراو بۆ جیهان بخولقێنێ، کە لە پێشەوەچوون دایە. هەروەها ئەگەر ئاوڕ لە دوو شەڕی گەورەی جیهانی بەتایبەتیش شەڕی دوویەمی جیهانی بدەینەوە، لێمان ڕوون دەبێتەوە، لە بنەڕەتدا هۆکاری ئەو شەڕانە داتەپینی ئابووری و قەیرانە داراییەکان بوون هەتا کێشەو ئارێشەی نێوان فڵانە پاشا و وڵات. بەڵێ دابەزینی نرخی پشک لە ٤ی سیپتامبەری ١٩٢٩ خاڵی دەسپێکی قەیرانێک بوو کە شەڕی دوویەمی جیهانی بە دوای خۆیدا هێنا. ڕەنگە ئەو وتەیەی فۆکۆیا لە جێی خۆی دابێ کە گوتوویە «شەڕ مامانی مێژوویە«، بۆ لە دایکبوونی جیهانێکی دیکە پێویستمان بە گۆڕانی قووڵ و ئەستوونییە، کە ئەویش هەڵتەکانی کۆمەڵگەی بە زۆربەی پێکهات و سترەکتۆرەکانییەوە گەرەکە. ئەم پەڕینەوانە قولابەش تەڕدەکەن، ئەویش چ تەڕکردنێک. قەیرانی هاوچەرخمان ساڵی ٢٠٠٨ چەخماخەی لێدراو، گەورەترین ئابووری و زلهێزی جیهانی تووشی تاسان کرد. ئەو قەیرانەش وەک قەیرانەکەی پێش هەڵاییسانی شەڕی جیهانی دووەم لە چەقی بازرگانی زەبەلاحە ئابووری دونیا، واتە وال ستریت هەڵیداو هەندەی پێ نەچوو بەرەو ئۆروووپا تەشەنەی سەندو دابەزینی پشکی بورس و هەروەها مایەپووچ بوونی بانکەکانی بە دوای خۆیدا هێنا. هەروەک باوە، لەم چەشنە کاتانەدا، خەڵک زیاتر دەستپێوەدەگرێ، کڕین و فرۆشتن کز دەبێ، بەرهەمهێنراوەکان لە ئەنباری بازرگان و دوکانداراندا کەڵەکە دەبن، کارگەکان کاڵاو کەلوپەلە بەرهەمهاتووەکانیان بە سەر دەستدا دەمێنێتەوە، هەر بۆیە دەگەڵ ئەم قەیرانە، قەیرانی بێکارییو دەرکردنی هەزاران و بگرە زیاتریش کرێکارو پرسنێلی بەرهەمهێن و خاوەن پیشە، کێشەو ئارێشەیەکی زۆر بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگە زیاد دەکەن. بە گشتی ئەگەر ئەم قەیرانانە ڕێگەچارەیەکیان بۆ نەدۆزرێتەوە، وزەی بەرەڵڵاکراو لە شەقامەکان، قانوون و هەرچی دامەزراو و دەسکەوتە دەگنخێنێ، هەتا دەتوانین بڵێین گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایش و تەناهی نەتەوەیی و دواتریش مرۆڤایەتی. لە قەیرانەکانی پێشووو بەتایبەت قەیرانی ١٩٢٩دا بینیمان شەڕێکی گەورە بوو بە مەڵحەمی ئەو دەردە گرانە، ئەگەرچی مرۆڤ تێچوویەکی زۆریشی بۆ دا. قەیرانی ئابووری ٢٠٠٨ و ڕیکودی دارایی ئەمریکاو ئۆرووپا بێشک بەو شێوەیەی کە ئێستا دامرکاوە، ئەگەر شۆڕشی عەرەبەکان و قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆرووپای بەسەردا نەهاتبووایە. ئەگەرچی هەروەک دەزانین کەمکردنەوە خەرجییەکانی دەوڵەت و ئەو ڕێکارە چاوچنۆکانەیەی ئۆرووپاییەکان گرتیانەبەر تا ڕادەیەک باری لاری ئەو وڵاتانەی ڕاست کردەوە، بەڵام تا کۆتایی ڕێگە ئەم بارە بەراستی ناڕوا، هەر بۆیە ماستەرپلانی شەڕ، کە دیارە ڕەنگە ئامانج و هۆکاری دیکەشی لە پشتەوە بێ، لە لایەن ژوورە پشکنینەوەیی و توێژینەوەییەکانی وڵاتە خاوەن پرۆژەکان، داڕێژراو بوون بە کردە. ڕەنگە بێ ئینسافی بێ ئەگەر هۆکارەکانی دیکە وەک پەیماننامە سەقەتەکانی سایسپیکۆ، لۆزان، نەبوونی دیموکراسی و تۆلێرانس لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان و مل بە ملە ناوچەییەکان لەو ئاژاوانە لەبەر چاو نەگرین، بەڵام خۆ ئەو هۆکارانە ماوەیەکە لە هەناوی ئەو کۆمەڵگەیانەدا جینگڵ دەدەن‌و کوڵ بە تەواوەی ئەو گڕکانانە دەدەن، کەچی نەبوونە هۆی پەرەگرتنی شەڕی بێ سنووری وڵاتان. لێکۆڵینەوەو بنکۆڵی هۆکاری ئابووری لەسەر هەڵاییسانی شەڕەکانی ئەم قۆناخە لە بڕستی وتارێک و چەند نووسراوێک و نووسەرێکی ئاماتۆر بەدەرن، بەڵکو ئەمانە دەبێ بە گوێرەی تیۆرییە ئابوورییەکان و هەڵکشان و داکشانە داراییەکان لە جەنجەڕ درێن، هەتا ئامار و داتای وردتر و پەسندتر بدەنە دەست. بەڵام ئەزموونەکانی پێشوو ئەوەمان پێدەڵێن شەڕ تێپەڕگەی کاروانی ژیانە بەرەو ئەودیوی سنوورەکانی دووبارەبوونەوە. هەر چەند ئەمەش بەو مانایە نییە کە پاساوتاشی بۆ ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرانە بێنینەوە، کە بە بەرچاومانەوە، سەدان و هەزاران و بگرە ملیۆنان بەستزمان گەڵای ژیانیان بە دزێوترین شێوە دادەوەرێ. لە خۆڕا نییە، سەرۆکەکانی ڕۆژاواو لە نێو هەموشیاندا بەرپرسانی ئەمریکا باس لە درێژخایەن بوونی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن. لە دواین هەڵوێستی ئۆبامادا ناوبراو داوای لە کۆنگرە کرد ئیزنی سێ ساڵەی بدا لە دەرەوەی کەوشەنی ئەو وڵاتە ئۆپێراسیۆنی سەربازی ئەنجام بدا؛ ئەمە خۆی لە خۆیدا هەڵگری پەیامێکی قووڵە. دەگەڵ ئەوەشدا هەروەک لە دەنگوباس و هەواڵاندا دەبیسین، دەوترێ سەرچاوەی یارمەتی و دارایی خودی ئەو گرووپەی ئێستا بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامییەوە لە نێو جەرگەی ستیراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناقین تەراتێنێتی، لە لایەن ڕۆژاواشەوە دابین دەکرێ. دەگەڵ هەمووی ئەوانە ئەگەر بزوێنەری شەڕی نوێ توانیوێ ئازارشکێنێک بێ بۆ ئابووری چەماوی جیهان، لە هەمەن کاتدا، بووە بە هۆکارێک بۆ بەتاڵبوونەوەی ئەو پەیماننامانەی خێرو بەرەکەتیان بۆ کورد بە نێوچاوانەوە نەبووە. هەروەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێداوە، سایس پیکۆ کە کوردستانی لە دووە کرد بە چوار، بە کردە، بەتاڵ بووەتەوە، کە دیارە ئەمەش زیاتر بەرهەمی ئەو ئاڵۆزییانەیە، دەگەڵ ئەوانەشدا، هەموو ئەو چوار وڵاتە داگیرکەرەی کوردستان خەون بە پاراستنی دۆخی ئاراییەوە دەبینن، هەتا لێکترازانی تانوپۆی ئەو مافوورەی ڕایانخستوە، کەوتوونە باری تەنگانەوەو دژوارترین قۆناخی ژیانی سیاسی خۆیان تێدەپەڕێنن. لە ڕۆژاوا، گەلی حاشالێکراو و بێناسنامەی کورد، هەنووکە بەسەر گەورەترین و وەحشیترین دیاردەی مرۆڤنوێنی سەردەمدا سەرکەوتووەو، شیرەژنانی بەرگریکاری کوبانی لە کۆشکەکانی فەڕەنسە پێشوازییان لێدەکرێ. لە تورکیە چ بە هۆی هۆکاری نێوخۆیی و چ لەبەر هۆکاری ناوچەیی و ڕەوشی ئاڵۆزی جیهانی بێ، خەریکە هەنگاوی بەبڕشت هەڵدەهێنرێتەوە، هەرچەند خاویشن. باشووری کوردستان بە تێچوویەکی کەمەوە سنوورەکانی گەیاندۆتە نزیک ئەو دەشتە لم و بێڕوونانەی لەسەر کاغەز شەڕی بۆ دەکردو، ئەگەر ساغبوونەوەی نێو ماڵی کوردو، دەسکەوتی بەرتەسکی حیزبایەتی ئیزن بدا؛ لە خەم ڕەویوەتەوە. هەرچەند ڕۆژهەڵاتیشە؛ دۆخی ناڵەباری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و ...... کۆمەڵگەی ئێران، کە دیاریی کۆمارە تاقانەکەی سەردەمە، زوو یان درەنگ هەڵتەکانێکی قووڵی بەبەرەوەیە. هەروەک دەشزانین ئەم شەڕەی شەپۆلەکانی دەمی بە دیواری دەسکردی سنوورەکانی ئێرانەوە ناوە، لە بنەڕەتدا گرژترین و قووڵترین کێشەی ئایدیۆلۆژیکی دەگەڵ شیرازەی دەسەڵاتی تاران هەیەو، هەر ئەمەشە تارانی وا لێکردەوە دەوروبەری ئاوڕ دا، هەتا خۆی ئاور نەگرێ، کەچی خۆشی وەک دووپشک کەوتووەتە نێو بازنەیەکی گڕو بڵێسە، کە ئاکامو دواڕۆژی لێڵ و نارروونە.

# بەلاڕێداچوونی شۆڕشێک



شاخەوان ڕەحیمی

هەر شۆڕشێ هەندێ هۆکاری بنەڕەتی هەیە کە دەبێتە هۆی نارەزایەتی دەربڕینی کۆمەڵگاو ڕاپەڕین لە لە هەنبەر دەسەڵات. چارەسەرنەکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا لە لایەن دەوڵەت لە لایەک و ئێزننەدان بە خەڵکو بزووتنەوە دیموکراتیکەکانی نوێنەری خەڵک بۆ چارەسەری ئەو کێشانە لە لایەکتر، کێشەکان قووڵو قووڵتر دەکات. لەم بۆنبەستە سیاسیی‌یەدا ئەگەر هێزەکانی دژ بە دەسەڵات بتوانن خوێندنەوەیەکی درووستیان لە کۆمەڵگاو دەسەڵات هەبێ، خۆیان لە گەڵ بزووتنەوەکانی دیکە لە یەک جبهەدا ڕێک بخەن‌و گرینگتریش ئەوە کە خاوەن ئاڵتێرناتیڤێک بن، سەرکەوتووبوونی شۆڕش چاوەڕوانکراو دەبێ، ئەمانە ئەو پێویستیانەن کە نەتەنیا لە مەیدانی پراکتیک، تەنانەت لە ئاستی گوتاریش‌دا لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ی گەلانی ئێران نەماندیت .

شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێران دەتوانین بڵێین هەم درێژەی داخوازییە دیموکراتیکەکانی سەردەمی مەشرووتە بوو کە بە کوودتایەک سەرکوتکرابوو بەڵام مەیلی داخوازییەکان هەر وەک خۆی مابووەوە و هەم سەرکوت کرانی درندانەی چین‌و توێژو شوناسە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بۆ بەدەسهێنانی کۆمەڵگایەکی کراوەتر، ئەو ڕاپەڕینەی وەک زەروورەتێک لێ‌کردبوو. ڕەزاشا کە ڕۆڵی لە ئێران تەنیا وەک نوێنەرێکی وڵاتانی ڕۆژئاوا بوو و هەموو هەوڵیشی بەدەسهێنانی ڕەزایەتی ئەوان بوو، قەت گوێی لە هاواری نەتەوە بندەست ولایەنە نارازیەکانی کۆمەڵگا نەگرتو بە میلیتاریزەکردنی زۆرتر تەنیا هەوڵی مانەوەی خۆی لە دەسەڵات‌دەدا.

دۆخی بلووکبەندی جیهانی لەو سەردەمەدا هۆکارێکی دەرەکی لە بەلارێداچوونی شۆڕشی ٥٧ بوو . سیاسەتی درووستکردنی دەوڵەت–نەتەوە کە بە یارمەتی ڕۆژئاوا لە ناوچە پەرەی‌پێدرا ئەمجارە هەر لە لایەن خۆیانەوە بە بیانووی دیموکراتیک نەبوونی دەوڵەتی ڕەزاشا پشتیوانی لێ‌نەکرا و هێنانە کایەی سیستمێکی ئیسلامی بەدواوە بوو کە ئامانجەکەشی تەنیا درووستکردنی « کەمەربەندی سەوز « بوو کە بتوانێ کۆنترۆڵی ئاڵو گۆڕەکانی ناوچە بەدەس خۆیەوە بهێڵێتەوە . بۆیە دەتوانین بڵێین کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتاوە بانگەشەی دژایەتی سیستمی جیهانی دەکرد ، ئەبزار و بەرهەمی دەستی ئەوان بوو و ئەم دروشمانەش وەک دەمامکێک بۆ شاردنەوەی دەسەڵاتخوازی خۆی بەکاری دێنا.

زۆر بە کورتی دەتوانین هۆکارە دەرەکی و نێوخۆییەکانی بەلارێداچوونی شۆڕش بۆ ئەم هۆکارانە بگەڕێنینەوە بەڵام ئەو خەسارگەلە کە دوای هاتنەسەرکاری دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی خۆلقاون خەسارگەلێکن بە قەد تەمەنی چەند نەسڵ و کەمڕەنگبوونی شوناسی چەندین نەتەوە و ئایینی جیاواز کە کاریگەری ڕۆخێنەری لە سەر کۆمەڵگای ئێران بە گشتی داناوەو پێویستە کاریگەریەکانی چ لە ڕەوتی هاتنەسەرکار و چ پاش لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی باسیان لە سەر بکرێ .

## کەڵکوەرگرتن لە مەزهەب لە لایەن ویلایەتی فەقیە

شۆڤێنیزمی مەزهەبی هەر لە سەرەتاوە هەر بە شێوەی دەسەڵاتی پێش لە خۆی هەوڵی دروستکردنی دەوڵەت–نەتەوێکی ناوەندگەرای دا بەڵام لە فۆرمێکی مەزهەبی‌دا .

هێزە ئیسلامییەکان بە ڕێبەرایەتی خۆمەینی بە کەڵکوەرگرتن لە هەست و مەعنەویاتی مەزهەبی خەڵک ، ئایدیای خۆیان بە سەر کۆمەڵگایەکی بێ پیلان و بێ ڕێکخستن‌دا سەپاند. خۆمەینیان بە پارێزەری هەموو ئارمانەکانی شۆڕش ناو دەبردو وەها ڕواڵەتێکی تەقدیسیان لەو پیشان دەدا کە گوایا بە تاقی تەنیا دەسەڵاتی پاشایەتی ڕووخاندوەو مۆژدەی کۆمەڵگایەکی بەهەشتی بۆ خەڵک پێیە .

دوای شۆڕشی ٥٧ چالاکە ئیسلامییەکان شیعەگەری‌یان لە جەریانێکی کۆمەڵایەتی و ئۆپۆزیسیۆنێکی موحافیزەکارهێنا دەرێ‌و گۆڕییان بە ئایدۆلۆژیەکی دۆگم و تۆندرەوی سیاسی. خۆمەینی تا پێش لە بەدەسەڵات گەییشتنی لە هیچکام لە وتارەکانیا باس لە سیستمێکی ئیسلامی نەکردبوو، ئەو شتانە کە زۆرتر بانگەشەیانی بۆ دەکرد لە ئاستی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، عەداڵەت و سەربەخۆییەکی سیاسی لە ئێران بوو و بەس، بەڵام هەر دوای بەدەسهێنانی دەرفەت و بە کەڵک وەرگرتن لە نەبوونی پیلانێک لە لایەن لایەنە سیاسی‌یەکانی دی کاری خۆیان عەمەلی کردو بوونە هۆی بەفیڕۆدانی ڕەنجی شۆڕشی کە خاوەنەکەی کۆمەڵگا بوو بەڵام ئاکامەکەی بۆ تاقمێ ئاخوند مایەوە.

بۆ بەدەسهێنانی مەشرووعیەت لە ڕێفراندۆمێکی نادیموکراتیکانەو لە قاڵبی پرسیارێکی بێ‌بنەمای دوو وڵامیدا دەسەڵاتیان بۆ خۆیان زەوت کرد. هەرچەند نەتەوەی کورد و پارتە بە ئەزموونەکانی زۆر وشیارانە هەر لە سەرەتاوە ڕێفراندۆمەکەیان بایکوت کرد بەڵام قورسترین و دژوارترین ئەرکەکانیش کە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هەموولایەنەو تەنیایی لە بەرانبەر ڕژیمێکی دڕندە بوو کەوتە سەرشانیان. هەڵبەت گیرووده‌بوونی کۆمەڵگای ئێران بەو وەزعە پڕ لە کارەساتە کە تەنیا لە لایەن بەرەی کوردەوە چاوەڕوانی دەکرا نابێ تەنیا بۆ خەڵکی نائاگا و ڕژیم بگەڕێنینەوە، بەڵکوو نەزانکاری هەندێ حیزب و لایەنی چەپی ئێرانیش کاریگەری نەرێنیان بوو کە بە هۆی خوێندنەوەی هەڵەیان لە کۆمەڵگا و بارودۆخ و ماهیەتی کۆماری ئیسلامی، خۆیان لە گەڵ ڕژیم لە یەک جبهەدا بەرانبەر بە ڕۆژئاوا دادەنا و لە لایەکی تریش ئۆتۆپیای گەییشتن بە دەسەڵات هەموو دروشمە شۆڕشگێڕی و دیمۆکراسیخوازانەکانیانی لە بیر بردبوونەوەو و لە نێو ڕژیم‌دا یا تووانەوە ، یا کاتێک وەخۆ هاتنەوە کە ئێدی درەنگ ببوو .

هێزی پشتیوانی کۆماری ئیسلامی، ڕەهبەریە و ڕەهبەری پێشبەری هەموو بەرژەوەندیە سیاسی‌یەکانی ڕژیمە. بە کۆنترۆڵکردنی سیستمی ئابووری، نیزامی و سیاسی و تەنانەت قەزایی ڕێگا بە دەستێوەردانی هیچ هێزێکی دیکە نادا. لە کاتی پێویست و نارەزایەتی‌دا لایەنە نیزامی‌یەکان وەک ماشێنێکی سەرکوتکەر ڕۆڵ دەگێڕن . لە سێدارەدانی زیندانیە سیاسی‌یەکان، تێرۆرەکانی دوای شۆڕش لە لایەن « گرووپە تەوحید «یەکان، سەرکوتی نارەزایەتی‌یە مەدەنی‌یەکان، قەتڵە زەنجیرەییەکان و ڕووداوەکانی زانکۆ و دروستکردنی ئەتمۆسفێرێکی تۆقێنەر بە ئەشکەنجە و زیندانی کردن بەشێکن لە جینایەتەکانی ڕێژیم لە کاتی هاتنەسەرکاریەوە.

تیئۆری ڕەهبەری وەها هێزی گرت کە دەبوایە هەر کەس گوێ‌ڕاگری فەرمانەکانی ئەو بێت ، لە بەر ئەوەی کە ڕەهبەری درێژەدەری خەتی ئیمامەت و سیمایەکی پێغەمبەرانەی هەیە و هەبوونی ئەو، زامنی یەکگرتوویی ئێرانە، لە حاڵێکدا کە تیئۆری ویلایەتی فەقیە هیچ پەیوەندیەکی بە یەکپارچەیی ئێرانەوە نی‌یە. ئایدۆلۆژی پڕووپووچی ویلایەتی فەقیهی جێگای لایەنە کۆمەڵایەتی، فەلسەفی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگایەکی سالمی گرتووەتەوە کە نە تەنیا خوازیاری سەپاندنی ئەم بیرۆکە بە سەر تاکەکانی کۆمەڵگای ئێرانن، بەڵکوو خوازیاری هەناردەی ئایدۆلۆژی ئیسلامی سیاسی خۆیشیان بۆ دەرەوەی سنوورەکانن و هەربەدوای شۆڕشیش‌دا دروشمەکانیان کە بۆنیادنانەوەی ئێران بوو بۆ فەتحی کەربەلا و قودس گۆڕدرا. ئیسلامی سیاسی‌یەک کە بووەتە هۆی دوورکەوتنەوەی خەڵک لە ئۆسوولی ئەخلاقی ئیسلامی ڕاستەقینە و جیا لە هەژاری و فساد سوودێکی بۆ کۆمەڵگا نەبووە.

## شۆڤێنیزمی نەتەوەیی لە کۆماری ئیسلامی

بە هەموو تازەگەریەک کە لە ئۆتۆریتەی ویلایەتی فەقیە دەبینین و سروشتی ئەو ڕێژیمەی لە مێژوودا بێ‌وێنە کردووە، لێکدانەوەی کۆماری ئیسلامی بە ڕێژیمێک کە تەنیا مێژوویەکی ٣٦ ساڵەی هەیە، ناتوانێ کامڵ و دروست بێت . هەرچەن ڕێژیم لە باری مێژووییەوە زۆرتر مێژووی دوای ئاشنابوونی ئێران بە ئیسلام ئەساس دەگرێ و کردوویە بە خۆراکی ئایدۆلۆژیکی خۆی بەڵام بە چاوخشاندنێک بە ڕەوشی نەتەوە جیاوازەکان لە ئێران ئاستی شۆڤێنیزمی فارسیەک کە لە زەینیەتیی سیستمە پاشایەتییەکانی پێش لە خۆی بۆی بە میرات ماوە و کەڵکی لێ‌وەردەگرێ ئەبینین. کۆبەندی شۆڤێنیزمی مەزهەبی و ناسیۆنالیزمی فارسی، سەنتزی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە نە چەمکەکانی کۆماری و نە ئیسلامییەکەی نەیتوانیوە گۆڕانێک لە نێوەڕۆکی فاشیستانەی دروست بکات .

کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە شوناسێک بە نێوی شوناسی ئێرانی ناو دەبا و بۆ سەلماندن و سەپاندنی قسەکانیشی لە ئەفسانە و ئۆستوورەوە تا مێژووی هاوبەشی ساختە و دینی هاوبەش کەڵک وەرئەگرێ . ئەگەر شوناسێک بە نێوی شوناسی ئێرانی بوونیشی هەبێ و هەوڵی پەرەپێدانیشی بۆ بدرێ، جیاوازە لە گەڵ سەپاندنی شوناسی نەتەوەیەک بە سەر نەتەوەکانی دیکەدا. ئیتر سەردەمی ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، زمان و فەرهەنگی هاوبەش کە تەنیا ئەبزارێکن بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی تۆتالیتێری و ناوەندگەرا کۆتایی پێ‌هاتووە.

کەمینە، وشە و چەمکێکی نادیموکراتیکانەیە کە کۆماری ئیسلامی بەو تێڕوانینەوە هەوڵی دابەش کردنی کۆمەڵگا دەدا. کەمینە چ لە باری نەتەوەیی، چ مەزهەبە و چ جنسیەتی یانێ هاووڵاتی دەرەجە دوو و دەرەجە چەندەم. تێکەڵ کردنی مەزهەب و ناسیۆنالیزمی فارس بۆ بەهێزتر کردنی هەستی نەتەوەیی و مەزهەبی ناوەندو بیرۆکەی پیاوسالارانەیە و بەم شێوە مۆدێلی کەسایەتی دڵخوازی خۆی بە سەر ژن ، نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان لە ئێران دەسەپێنێ .

لە ڕوانگەی ڕێژیم هەبوونی زمان، فەرهەنگ، ئایین و بیروڕای جیاواز وڵات ناهاوئاهەنگ دەکات، بۆیە هەرکاتیش نەتەوەیەک بە شێوازێکی ڕیشەیی باس لە کێشەکانی دەوڵەتی کردبێت بە بەکارهێنانی سیفەتی جودایی‌خواز، بە بەکار هێنانی بابەتی کۆن و چەواشەکارانەی یەکپارچەیی وڵات، دەنگی نارەزایەتیانی لاوازو سەرکوت کردووە .

دابەش‌کردنی کردنی کۆمەڵگا بە بەشەکانی زۆرینە و کەمینە، لە دوو ڕوانگەی شۆڤێنی مەزهەبی و نەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرێ. هەر لە گەرماوگەرمی هاتنەسەرکاری ڕێژیم هەموو لایەنە سیاسی‌یەکانی دیکە زۆری بۆختانیان بۆ هەڵبەسرا و لایەنێکیان بە ئەبزار بەدەس‌بوونی ئامپریالیزم و خیانەتکار بە ئارمانەکانی پیرۆزی ئینقلاب ناو دەبرد و بە پێی مەترسیداربوون و نەبوونیان لە گەڵ لایەنەکان ڕەفتاریان دەکرد. بە پێی نێوەڕۆکی نادیمۆکراتیکانەیان لە گەڵ دیموکراتیکترین و حەقخوازانەترین لایەن کە بزووتنەوەی میللی–دیموکراتیکی گەلی کورد بوو، توندترین ڕەفتاریان لە خۆیان نواند و هەر لە سەرەتاوە هەتاکوو ئێستاش شەڕێکی ڕەوانی و چەکداری‌یان لە بەرانبەر نەتەوەی کورد دەستپێکرد. کوردستان تەنیا بەشێک لە ئێران بوو کە بە هۆی جەماوەری سیاسی و حیزبە شۆڕشگێڕەکانی، توانایی سازماندانی خۆیان هەبوو، خاوەن بەرنامە بوون و توانیبووشیان فەزایەکی کراوەی سیاسی دروست بکەن. خومەینی کە چاوی دیتنی ئەم ڕەوشەی نەبوو بە فەرمانی جیهادی خۆی تاقە سەنگەری ئازادی‌خوازی ئێران کە دەیتوانی ئۆلگوویەکی زێڕین لە کۆمەڵگایەکی دیموکرات بۆ هەموو ئێران بێت، لە زەوی و ئاسمانەوە هێرشی بۆ کراو هەر لە سەرەتاوە پۆزیسیۆنی خۆی لە بەرانبەر ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان ڕوون کردەوە. دواتریش کە ڕێژیم کە لە ئێنسجامی زۆری خەڵک و حیزبەکانی کوردستان ترسابوو و بە شەڕی چەکداریش نەیدەتوانی ئیرادەی بەربەرەکانەی کوردستان بشکێنێ، بە تیرۆری ڕێبەران و بە شەهید کردنی د ، قاسملوو و د ، شەرەفکەندی هەوڵی لاوازکردنی خەباتی کوردستانی دا. تەنانەت دوای دەیەی حەفتاش کە حیزبە کوردستانییەکان بە هۆی هەلومەرجێکی داسەپاو دەستیان لە شەڕی چەکداری بە شێوازی پێشتر هەڵگرت و بەهێزتر کردنی خەباتی مەدەنی و فەرهەنگی‌یان ئەساسی موبارزاتیان دانا، ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی لە هەنبەر کوردستان هەر وەک خۆی مایەوە و دەتوانین بڵێین ئەمجارە دەستیشی ئاوەڵەتر بوو هەم بۆ میلیتاریزە کردنی زۆرتری کوردستان و هەم بۆ دەستپێکردنی داگیرکەریەکی نوێی فەرهەنگی و زێهنی لە کۆمەڵگای کوردستان.

دەوڵەت – نەتەوە کە بە واتای تواندنەوەی فرەرەنگی نەتەوەیی ، فەرهەنگی و زمانی‌یە و لە لایەن ڕژیم بە ئامانجی ئاسمیلاسیۆن و هێمۆژێن کردنی کۆمەڵگا بە کار دەبرێت. بە بەرفراوان‌بوونی ئەبزارەکانی میدیایی لە دوای شۆڕش و کاریگەر بوونی لە سەر ڕاگواستنی پێکهاتە زەینی‌و فەرهەنگی‌یەکان ، بەردەوام هەوڵی مەزن نیشان‌دانی فەرهەنگی فارسی و تەحقیر و بچووک نیشان‌دانی فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکەیە و سیستماتیک هەوڵی یەکپارچە کردنی پێکهاتەی فەرهەنگی شوناسەکانی ئێران دەدا و لەو ڕەوتەش‌دا میدیای کۆماری ئیسلامی ڕۆڵێکی سەرەکی لە سڕینەوەی شوناسە نەتەوەییەکان و پێچەوانە پیشان‌دانی ڕاستییەکانی کۆمەڵگای ئێران دەگێڕێ. کۆماری ئیسلامی بە لە بەرچاوگرتنی خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵگا و بە تایبەت لە باری ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کە بۆ خۆیشی خوڵقێنەری ئەو کێشانە لە کوردستانە، شەڕی سیستماتیکی خۆی لە هەنبەر کۆمەڵگای کوردستان بەڕێوە دەبا. بە لاواز کردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان هەوڵی بێ ئیرادە کردن و سڕینی فەرهەنگی مقاومەت لە کوردستان دەدا. بێ گومان ئاکامی ئەو سیاسەتانەش کۆمەڵگایەک دەبێ کە تاکەکانی هەستی بەرپرسیاریان لە هەنبەر وڵات نامێنێ و پشتیوانی لە یەکتر ناکەن و نووستاک و زەمینەش زۆر لە بار دەبێ بۆ سیاسەتی « بەسیج سازی» و دروست کردنی چینێک لە نێو کۆمەڵگا کە پشت لە کۆمەڵگای خۆیان دەکەن و دەسکەوتەکانی دەوڵەت ئەپارێزن .

## بۆعدەکانی قەیران لە ئاستی کۆمەڵگا

ناوەندە فەرهەنگی‌یەکان هاوکات لە گەڵ ناوەندە دەوڵەتی‌یەکانی دیکە هەوڵی دروستکردنی مێژوویەکی ساختە دەدەن کە هەر لە منداڵیەوە زەینی منداڵی غەیری فارس شکڵ بدەن و هەست بە بچووکی لە بەرانبەر فەرهەنگی نەتەوەی سەردەست بکەن و هۆکاری دواکەوتووییشیان بە زمان ، فەرهەنگ و نەتەوەی خۆیان بزانن. لاوانی کورد کە بە پاڵوەدان بە هێزی دینامیکی خۆیان لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا دەتوانن ڕوڵ بگێڕن ، ڕوژ لە دوای ڕۆژ بە تووشبوون بە داوی تازەی شەڕی ڕەوانی و تایبەتی ڕێژیم، پاسیڤ و مارژینال دەبن. بڵاوکردنی مادەی هۆشبەر و بێکاری، هەموو بووەنەتە هۆکارێک کە لاوان بەرەو فەرهەنگی لۆمپەنیزم هان بدرێن. کچانی کورد لە وەزعێکی قەیراناوی‌تر لە کەسانی دیکەن، لە بەر ئەوەی کە نە ناوەندە ئامووزشی‌یەکان، نە قەزایی و یاساش پشتیوانی لە مافەکانیان ناکەن و زۆر لەو ژنانەی خۆدەسووتێنن،چارەیەکی دیکە شک نابەن. بێ‌گومان کۆمەڵگایەک کە تا ئەو ئاستەش لاوان و ژنانی تووشی بێ‌شوناسی و بێ‌ئیرادەیی بووبن توانایی مۆبارزەو بەربەرەکانەی لانیکەم درێژخایەنیان لە گەڵ ڕێژیم دژوار دەبێ.

لە کەسێ شاراوە نی‌یە کە سیاسەتە نیزامی و ئابووریەکانی ڕێژیم چەندە یارمەتی بە قووڵتر کردنی قەیرانەکان ئەدا . میلیتاریزە کردنی کۆمەڵگای ئێران و بە تایبەتی کوردستان سلامەتی ڕەوانی کۆمەڵگای لە نێو بردووە و خەسارەکانی لە ژیانی پڕ لە ترس و نائۆمێدانەی خەڵک دەبیندرێ. نەهادە ئیتلاعاتی و سیخوڕییەکان ترس و دڵەڕاوکێیان تا ناو ماڵی هاوڵاتیانیش بردووە. دەغدەغەکانی کۆمەڵگایان لە ئاستی نیازە سەرەتاییەکانی هێشتووەتەوە و مەجالێک بۆ بیرکردنەوە بە هۆکاری ڕیشەیی کێشەکان و چارەسەریانی نەهێشتووە. تاکەکان لەم حاڵەدا بۆ بەدەسهێنانی گۆڕانێ هەرچەن بچووک حازرن هەر کارێ بکەن و ئەگەری هەیە هەر وەک شۆڕشی ٥٧ بە بێ زانیاری سەبارەت بە ئامانجی خۆیان تەنیا لە هەوڵی گۆڕان لە وەزعی ئێستاکە ببن. ئیسراری ڕێژیم لە سەربەرنامە ناوکیەکان و گەمارۆدان لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و هەروەها مۆدیریەتی مافیایی ئابووری لە لایەن سپای پاسداران و ئۆلیگاریشی کۆماری ئیسلامی، ژیانێکی ئاسوودەی بۆ خەڵک نەهێشتووە و بوونەتە هۆی درووست بوونی کۆمەڵگایەک کە بە دەس هەژاری و ناعەداڵەتی ئەناڵێنێ و قەیرانگەلێک وەکوو فاسیلەی چینایەتی، بێکاری، خۆکوژی و زۆر پرسی دیکەی بەدواوەیە کە کۆمەڵگای بەرەو لاوازی زۆرتر بردووە .

## کۆمەڵگا دەبێ چ بکا ؟

بۆ دەرباز بوون لە هەموو ئەم بابەتانە دروست کردنی ئەنگیزەی موبارزە لە نێو کۆمەڵگا پێویستە. تاقە ڕێگای دروست کردنی کۆمەڵگایەک کە توانایی دەربڕینی داخوازیەکانی خۆی ببێت و ئاکامیشیانی لێ‌وەرگرێت، بردنە سەرەوەی ئاستی شوعووری سیاسی و کۆمەڵایەتییە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن کە کۆمەڵگا بەرەو ئیدارەی ژیان و هەڵبژاردنی بڕیارەکان ڕێنوێنی دەکا. دەوڵەت کە هەمیشە شۆعووری خۆی لە سەرەوەی فکری خەڵکی ئاسایی نیشان ئەدا، ئەمە ئەرکی نەهادە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرەکانی کۆمەڵگایە کە ئەم پارادۆکسە بۆ خەڵک ڕوون بکەنەوە. ڕەخنەگرتن لە هەموو سیاسەتەکانی دەوڵەت لە هەموو لایەنەکان ئاستی خۆدئاگاهی کۆمەڵگا دەباتە سەر و لە گەڵ ئەمەش هەڵگرتنی ڕەوشێکی عەمەلی و هاوگەرایانە و یەکگرتوویییەک لە نێو هەموو نەتەوە و چین‌وتوێژەکانی هەنگاوێکی گەورەیە بۆ درووست کردنی بزووتنەوەیەکی دیموکراتیک. کۆمەڵگا دەبێ خۆی لەو شەڕە ڕەوانیە کە بووەتە هۆی ترس لە هەر جۆر ئاڵوگۆڕێک دەرباز بکات. ئامانجی ئەم شەڕە ڕەوانی‌یە ترساندن لە داهاتوویەکی نادیاری تاکەکان و بیرنەکردن بە هەر جۆر چالاکییەکە، چ لە قاڵبی حیزبە سیاسی‌یەکان و چ ناوەندە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌یەکان. بێ‌متمانەیی‌یەک کە لە نێو خەڵکدایە لەم سیاسەتانەوە سەرچاوە دەگرێ و دووڕێگای بێ دەنگی یا نارەزایەتی بۆ خەڵکی هێشتووەتەوە کە بڕیاردانی زەحمەت کردووە بۆیان.

کۆماری ئیسلامیش کە ڕەنگە لە داهاتوودا دوایین قەڵای دیکتاتۆری ناوچە بێت کە لە گەڵ دیمۆکراسی و دیمۆکراسی‌خوازەکان شەڕ دەکا ناتوانێ بە موحافزەکاری و چاوبەستن لە بەهێزتربوونی بزووتنەوە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان، خۆی لە ڕووخان بشارێتەوە. پێویستە ئەو سیاسەتانە کە بە نێوی « نەرمشی قارەمانانە « بۆ نزیک بوونەوە بە ڕۆژئاوا و پاراستنی دەوڵەتی دیکتاتۆری خۆی هەوڵی بۆ ئەدا وەلابنێ و دروشمی « ئاشتی میللیەک «کە باسی دەکا لە ئاستی ناوی دروستی خۆیدا هەوڵی بۆ بدا. بە وەفادار مانەوە بە کۆمەڵگای ئێران و دیمۆکراتیزاسیۆنی نێوخۆیی و ئاشتی لە گەڵ هەموو نەتەوەو چین‌وتوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا پێش لەوە کە وەکوو ئەفغانستان و عێراق و سووریە ، وڵاتی ئێران تووشی دیزاین لە لایەن بێگانەکانەوە بکا، بۆنیادنانەوەی ئێران بەرەو «ئێرانێکی دیموکراتیک و فدراڵ» بۆ خەڵک و بزووتنەوە دیمۆکراتیکەکان بهێڵێتەوە .

سەرچاوەکان :
(نضم از درون و نضم از برون : ملک حسین براتزاده)

# بەفەرمیی ناسینی بەشداریی ڕۆژنامەنووسان لە بەرەکانی شەڕدا

## مافی ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ڕووماڵکردنی ڕوودواوەکانی بەرەکانی شەڕ

نووسینی: ڕەزا موعینی

بەشی دووهەم

و: مادح ئەحمەدی

٢٨ ساڵ دوای کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ ١٣٤٩، مادەی ٧٩ پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١ (پەسەندکراوی ٨ی ژوئەنی ١٩٧٧) بۆ یەکەمین جار لە بەڵگەی فەرمیی مافە نێودەوڵەتییەکاندا باسی "ژۆرنالیست"ی کرد و ئەو کەسانەی "کە لە بەرەکانی شەڕدا سەرقاڵی جێبەجێ کردنی ئەرکی گرنگ و پیشەیی خۆیانن"، وەک کەسانی "مەدەنی" دەناسێنێ. ئەو کەسانە سەرجەم ئەو مافانەی کە بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی لە لایەن کۆنڤانسیۆنەکانی ژنێڤەوە دانیان پێدا نراوە، دەیانگرێتەوە. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە بەرەکانی شەڕدا سەرقاڵی جێبەجێ کردنی ئەرکی گرنگیی پیشەیی خۆیانن، بەو مەرجەی خۆیان لە ئەنجامدانی هەر چەشنە کردەوەیەکی سەربازیی ڕاستەوخۆ ببوێرن، وەک کەسانی سڤیل چاویان لێ دەکرێ".

ئەم پرۆتۆکۆلە ئاوا پێناسەی ئەرکی گران دەکا:" ئەنجامدانی هەرچەشنە چالاکییەکی پیشەیی (میدیایی) لە ناوچەیەکدا کە جەنگی لێیە و یان لەژێر کاریگەریی جەنگ دایە، لە بنەڕەتدا گرانە". پێناسەی ڕۆژنامەنووس لە مادەی دووەمی گەڵاڵەی کۆنڤانسیۆنی پشتیوانی لە ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکی گراندا کە بووەتە بنەمای پێناسەی ڕۆژنامەنووس لەم هاوپێچکراوە و بەڵگەنامەکانی دیکەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەم شێوەیە:" ڕۆژنامەنووس بەو کەسانە دەوترێ کە بەدوایی زانیارییەکاندا دەچن و زانیاری دەست دەخەن و بڵاوی دەکەنەوە و یان ئەو زانیارییگەلە شی دەکەنەوە و بەکاریان دێنن". ئەم پێناسە هەموو "نێردراوە تایبەتەکان، هەواڵنێران، وێنەگران، وێنەهەڵگران، یاریدەدەرانی کاروباری تەکنیکی" کە ئەم کارە پیشەی سەرەکییانە، دەگرێتەوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ١٩٧٦/٨/١ ئەم پرۆتۆکۆلەی پەسەند کردووە.

پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١، مەدەنی بوونی هەواڵنێران لە بەرەکانی شەڕدا تەنیا بۆچوونێک نییە. "بەپێی ئەو پێناسەی کە لە مادەی ٥٠ی بەشی یەکەمی ئەو پرۆتۆکۆلەدا هاتووە، هەواڵنێر کەسێکی مەدەنییە" و سەرجەم ئەو مافگەلەی کە لەم کۆنڤانسیۆنگەلەدا بۆ هاوڵاتییانی مەدەنی ڕەچاو کراوە، ئەویش دەگرێتەوە و لەبەرانبەر هەرچەشنە هێرشێکی چەکداراندا دەپارێزرێ.

ڕۆژنامەنووسی "ئازاد" و ڕیپۆرتێری جەنگ، هەر دووکیان وەک کەسانی مەدەنی دێنە ئەژمار، بەڵام جیاوزییان لەوە دایە کە ڕیپۆرتێری جەنگ لە لایەن لایەنێکی شەڕەکەوە ڕێگەی پێ دراوە و ئەگەر بە دیل بگیردرێ، لایەنی بەرانبەر وەک دیلی شەڕ چاوی لێ دەکا. ئەگەر هەواڵنێر ڕاستەوخۆ دەست بۆ ئەنجامدانی کردەیەکی سەربازیی نەبات، سەرجەم ئەو مافگەلەی کە بۆ هاوڵاتییانی مەدەنی لە کۆنڤانسیۆنەکاندا ڕەچاو کراوە، دەیگرێتەوە. پێویستە بوترێ ئەو هەواڵنێرگەلەی کە ئەرکی خۆیان لەپێناو خزمەت کردن بە لایەنێکی شەڕەکەدا جێبەجێ دەکەن، وەک سەرباز و شەڕکەر دێنە ئەژمار.

گرنگایەتیی ئەوەی کە هەواڵنێران لەو ناوچەگەلەی کە شەڕی لێیە، وەک تاکی مەدەنی بناسرێن، لەو مافە دایە کە وایان لێ دەکا تایبەت بن. بەم بۆنەوە، سەرجەم کەلوپەلە مەدەنییەکانی ڕۆژنامەنووس پارێزگارییان لێ دەکرێ (مادەی ٥١ی پرۆتۆکۆلی هاوپێچی١)، لە بەرانبەر هەر چەشنە هێرش و بە ئامانج گرتنێکی ڕاستەوخۆ پارێزگاریی لێ دەکرێ (تێبینی دووەمی مادەی 51ی پرۆتۆکۆلی هاوپێچکراو) و بەپێی تێبینی سێیەمی مادەی ٨٥ لە کاتێکدا "بە ئەنقەست هێرشی بکرێتە سەر و لە ئەنجامدا گیان لەدەست بدا، یان بریندار بێ، ئەم بابەتە وەک جەنایەتی جەنگی ئەژمار دەکرێ".

نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە هەواڵنێران بە دوو شێوە دەبنە قوربانی. یەکەم: قوربانی جەنگ، واتە ئەو کاتەی کە بەهۆی مەترسییەکانی جەنگەوە زیانی پێ دەگا. بۆ وێنە لە ڕووداوی بۆردومان کردنی شوێنێکدا لە لای هاوڵاتییانی مەدەنیی دیکەدا ئەویش زیانی پێ دەگا. دووەم: قوربانی جەنایەت، لێرەدا کەسەی لە شەڕدا بووتە قربانی جەنایەت، واتە ئەو هەواڵنێرە لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەرکە پیشەیی و گرانەکەیدا بووە و ڕاستەوخۆ هەواڵنێر بوونەکەی بووەتە هۆی ئەوەی بکرێتە ئامانج.

### پارێزگاریکردن لە هەواڵنێران لە شەڕە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکاندا

لە مێژوودا جەنگێک بە ناوی جەنگی سێیەمی جیهانی تۆمار نەکراوە. سەرەڕای ئەوەش جەنگی یەکەمی عێراق لە ساڵی ١٩٩١دا کە بە جەنگی کەنداو ناسراوە، دەستپێکی کۆمەڵێک شەڕ بوو کە ئیتر جیهان گەرەکی نەبوو ئەو جەنگگەلە بە ناوی خۆیەوە تۆمار بکا. ئەو جەنگگەلەی کە لە وڵاتێکدا ڕوو دەدەن، بەڵام ڕاشکاوانە و بە بەشداری هێزی سەربازیی فەرمی و یان ئەوەی لە لایەن وڵاتانەوە پشتگیری دەکرێ، جەنگی جیهانین. پێناسە کردنی ئاستی پابەندبوونی لایەنەکانی جەنگ بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و هەروەها ڕێگری کردن لە خولقاندنی تاوان لە بەرەکانی شەڕدا، گرنگایەتیی دەرکەوتنی جۆری جەنگمان بۆ شی دەکاتەوە. بەشێک لەو تاوانگەلە ناوی "جەنایەتی جەنگیان" لەسەر داناوە کە لە یەکەمین دادگای تاوانی نێونەتەوەیی نورێنبێرگدا (بڕگەی ب مادەی ٦ی پەیڕەوی نورێنبێرگ) بۆ دادگایی کردنی نازییەکانی ئەڵمانیا، وەک کردەیەک کە دەبێتە هۆی پێشێل کردنی ئەو یاسا و ڕێسا باوگەلەی کە تایبەتن بە جەنگ، پێناسە کراوە. ئەمە هێرش کردن و تێکدانی شوێنە مەدەنییەکان، کوشتنی خەڵکی مەدەنی و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە و ستەمکارانە لەگەڵ دیل و بریندارەکان و... دەگرێتەوە.

لەو ناوچەگەلەی کە شەڕی تێ دایە، هەواڵنێر سەرەڕای ئەنجامدانی ئەرکەکەی خۆی بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان و بڵاوکردنەوەیان، شایەتی شوێنێکە کە بەهۆی ڕاگەیاندنی "باری نائاسایی"یەوە (هەلومەرجی جەنگ)، لایەنەکانی شەڕ دەستیان بۆ پێشێلکردنی سەرجەم ئەو مافگەلەی کە لە لایەن جاڕنامە نێودەوڵەتییەکان و ڕێسا باوەکانی جەنگ و مافی بنەڕەتی مرۆڤەوە دانیان پێدا نرا، ئاوەڵایە. ئەرکی ڕیپۆرتێر ئەوە نییە بەرگری لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی لایەنەکانی شەڕ بکات، بەڵام ئەوەی لە بەرەکانی شەڕ بە چاوی خۆی بینیویە، دەتوانێ لەمەڕ ئەنجامدانی تاوان و جەنایەتی جەنگی و یان ئەنجامدانی تاوان دژی مرۆڤایەتی لە لایەن لایەنەکانی شەڕەکەوە، شایەتی بدات.

بەشی پێداچوونەوەی دادگای تاوانی نێونەتەوەیی بۆ پرسی یۆگۆسلاڤیا، لەمەڕ دۆسیەی "جاناتان ڕاندال"، ڕۆژنامەنووسی پێشووی واشنگتن پۆست، بەم شێوە ئەو ڕۆڵە پێناسە دەکا:" لەو ڕووەوە کە ئەو هەواڵنێرانەی کە لەبەرەکانی شەڕدان ڕۆڵێکی قورسیان لە ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ لای ڕوودواوە ترسناکەکانی جەنگ هەیە، بە جێبەجێ کردنی ئەرکی خۆیان لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دان. ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە بڵاوکراونەتەوە زۆر جار بوونەتە سەرچاوە بۆ لێکۆڵەرانی دادگاکان، هەروەها بەدواداچوون و ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵنێرانە دەتوانێ خزمەت بەو ئۆرگان و کەسانەوە بکا کە داکۆکی لە پاراستنی یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکەن و دەتوانێ ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی خوڵقێنەرانی جەنایەتی جەنگی سزا بدرێن. دەبێ گرنگی بە کاری ڕیپۆرتێرەکانی جەنگ بدرێ و بپارێزرێن." [١]

پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١ی کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ، پرسی پاراستنی هەواڵنێران، تەنیا لە شەڕە نێونەتەوەییەکاندا دەستەبەر دەکا. لە هیچ کام لە کۆنڤانسیۆنە چوارلایەنەکانی ژنێڤ (مادەی ٣لەمەڕ پاراستنی تاکەکان و ئامانجە مەدەنییەکان لە کۆنڤانسیۆنەکانی ژنێڤدا هاوبەشە) و لە پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ٢ی (١٩٧٧) کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ کە پێوەندیی بە قوربانییەکانی شەڕی نەتەوەیی (ناوخۆیی)یەوە هەیە، باسی هەوالنێران نەکراوە. سەرەڕای ئەوەش ژمارەیەک لە مافناسان بە پشتبەستن بە پرۆسە دادوەرییەکان و بەتایبەت ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن دادگای تاوانی نێونەتەوەیی یۆگۆسلاڤیاوە دەرکراون، "پرسی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان" لە شەڕە ناوخۆیی و یان نەتەوەییەکاندا، بە هاوتای دوژمنایەتییە نێونەتەوەییەکانی دەزانن. ئەم دەستە لە مافناسان بە پشتبەستن بە مادەی ١٣ی پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ٢ی (١٩٧٧) کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ، لەمەڕ "پارێزگاریی گشتی" لە خەڵکی سڤیل لە شەڕە ناوخۆییەکاندا، پێیان وایە کە "پێداگری لەسەر مەدەنی بوونی هەواڵنێران لە پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١ پرۆسەیەکی دادوەرانە و پێویستە" و پێویستییەکانی پاراستنی مافی هاوڵاتییانی مەدەنی ڕۆژنامەنووسانیش دەگرێتەوە. بەم جۆرە ئەو مافەی لە شەڕە نێونەتەوەییەکاندا بۆ ڕۆژنامەنووسان لەبەرچاو دەگیردرێ، لە شەڕ و تێکهەڵچوونە ناوخۆییەکانیشدا بە هەمان شێوەیە. [٢] ئەوان هەروەها بە پشتبەستن بە پێناسەی دادگای تاوانی نێونەتەوەیی بۆ پرسی یۆگۆسلاڤیا، لە ڕێکەوتی ٢ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٩٥دا بۆ یەکەمین جار، پێناسەیەکی



گشتگیریان لەمەڕ شەڕی سەبازی و ناوچە جنگییەکان پێشکەش کرد:" تێکهەڵچوونی سەربازی لە نێوان دەوڵەتان، یان لە نێوان بەرپرسانی حکومەت و گرووپە ڕێکخراوە چەکدارەکاندا بەشێوەی بەردەوام و یان تێکهەڵچوونی سەربازی لە نێوان ئەم گرووپگەلەدا لە ناو حکوومەتێکدا سەرهەڵ بدات." هەروەها بەپێی پەیڕەوی دادگای سزای نێونەتەوەیی لە شەڕە نێودەوڵەتییەکاندا کە تێدا هاتووە:" تێکهەڵچوونی چەکدارانە بەشێوەی بەردەوام لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێک و بەرپرسانی دەوڵەتێک لەگەڵ گرووپە چەکدارە ڕێکخراوەکاندا و یان تێکهەڵچوونی گرووپە چەکدارە ڕێکخراوەکان لە نێوان خۆیاندا"، پێیان وایە کە نابێ لە کردەوەدا سنوور لە نێوان شەڕە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنووسان دابنرێت. [٣] مادەی ٢٩ی بڕیاری دادگای تاوانی نێونەتەوەیی بۆ پرسی یۆگۆسلاڤیا، باسی "پێویستی وەرگرتنی مۆڵەت و یان ئەوەی لەژێر چەتری پاراستنی یەکێک لە لایەنەکانی شەڕ"دا هەواڵنێر بچێتە بەرەی شەڕەوە، نەکردووە.

دەکرێ ئەم پێناسە ئاوا ڕاڤە بکەین کە بەشێوەی گشتی سەرجەم هەواڵنێران لە هەموو شەڕەکاندا دەگرێتەوە.

بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی دێسامبری ساڵی ٢٠٠٦دا، بەڵگەیەکی گرنگیی دیکەیە بۆ دابین کردنی ئاسایشی هەواڵنێران لەو ناوچەگەلەی کە شەڕی لێیە. [٤] ئەم بڕیارنامەیە لە ڕووی یاساییەوە شتێکی بەو پشتگیرییانەی مافە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستانەکان لەمەڕ پاراستنی ڕۆژنامەنووسان لەو ناوچەگەلەی کە شەڕی لێیە، زیاد نەکردووە. گرنگیی ئەم بڕیارنامەیە لەوەدایە کە یەکەم، ئەو ئۆرگانەی کە ئەم بڕیاری پەسەند کردووە، ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، دووەم، ناچار کردنی دەوڵەتان بەوەی کە دەبێ ئەو مافگەلە بپارێزن و ئەگەر پێشێل کران لێ بکۆڵنەوە و بەدواداچوونی بۆ بکەن و سێیەم، ساڵانەی سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بارەوە ڕاپۆرتی هەیە. بەو بۆنەوە کە هەندێ لە وڵاتانی ئەندامیی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دادگای تاوانی نێونەتەوەییدا ئەندام نین، لەم بڕیارنامەیەدا ئاماژە بە ناوی ئەم دادگایە نەکراوە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی بە دادگا نێونەتەوەییەکان داوە کە بەدواداچوون بۆ هەندێ لەو تاوانگەلە بکەن کە دەرهەق بە ڕۆژنامەنووسان ئەنجام دەدرێن. یەکێک لە پاڵنەرەکانی پەسەندکردن و پێداگری ئەم بڕیارنامەیە لەسەر پاراستنی ڕۆژنامەنووسان، ئەو بوو کە ڕێژی کوشتنی ڕۆژنامەنووسان لە بەرەکانی شەڕدا لە ماوەی سێ دەیەی داوییدا زۆر زیادی کردبوو.

دوای دوو جەنگی جیهانی و بە تایبەت لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، سەرەکیترین قوربانیان شەڕ خەڵکی سڤیل و مەدەنی بوون، " لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە سەرجەم قوربانییەکاندا ١٥ لەسەدی خەڵکی سڤیل بوون، ئەم ڕێژەیە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا گەیشتە ٦٥ لەسەد و بێگومان ئەمڕۆ گەیشتووتە دورووبەری ٩٠ لەسەد. بۆ وێنە لە شەڕی بۆسنەدا، خەڵکی سڤیل بەهۆی ئێنتیمای نەتەوەیی و ئاینیی و یان تەنانەت بەهۆی بیروباوەڕی سیاسییەوە، وەک ئەوەی لایەنگری دەوڵەتن یان ئۆپۆزسیۆن و دەبوو بترسن و بە ئەنقەست دەکرانە ئامانج." [٥] بیست ساڵ دوای جەنگی ناوخۆیی یۆگۆسلاڤیا، بێگومان لەگەڵ شەڕەکانی دیکە لە عێراق و ئەفغانستان و... دەتوانین بڕوا بەوە بکەین کە ئەم ڕێژەیە لە کوشتنی خەڵکی سڤیل ڕاستە. بەگوێرەی ئەم ڕێژەیە، کوشتنی ڕۆژنامەنووسانیش لە بەرەکانی شەڕدا زیادی کردووە. لە ساڵی ١٩٥٥ەوە تا ساڵی ١٩٧٦، واتە لە ماوەی ٢٠ ساڵ شەڕی ڤیتنامدا، ٦٣ ڕیپۆرتێری جەنگ کوژران. لە ساڵی ١٩٩١ەوە تا ساڵی ١٩٩٥، واتە لە ماوەی چوار ساڵی شەڕی یۆگۆسلاڤیای پێشوودا ٤٥ هەواڵنێر کوژران. ئەم ژمارەیە لە شەڕی ناوخۆیی ئەلجەزایردا لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٩٣ تا ١٩٩٦، گەیشتە ٧٧ ڕۆژنامەنووس. لە ڕەواندا لە دەستپێکی جینۆسایدی ٦ی ئاڤریلی ١٩٩٤ تا مانگی جوولای هەمان ساڵ، واتە لە ماوەی ٤ مانگدا ٤٨ ڕۆژنامەنووس کوژران. لە سووریا لە ماوەی دوو ساڵدا ٣٥ ڕۆژنامەنووس کوژران. لە ئەفغانستان لە ماوەی کەمتر لە ١٤ ساڵدا ٣١ کەس کوژراون، بەڵام لە عێراق کە ئێستاشی لەگەڵ بێ گەورەترین گۆڕستانی ڕۆژنامەنووسانە، لە ماوەی ١٤ ساڵی ڕابردوودا ژمارەی ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکان سنووری ٢٥٠ کەسی تێپەڕ کردووە! لەم ئامارەدا ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بە بارمتە گیراون حیساب نەکراوە. [٦]

بە بارمتەگرتنی هەواڵنێران کە لەماوە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا لەو ناوچەگەلەی کە شەڕی لێیە برەوی پەیدا کردووە، لە ڕاستی دا بە واتای بە بارمتەگرنی گەڕیانی ئازادانەی زانیارییەکانە. بە ترساندن و بەشدار نەبوونی هەواڵنێران لە بەرەکانی شەڕ، کەس ئاگای لەو نییە کە لە هەندێ لە ناوچەکان چ دەقەومێ. ئەم بازرگانییە زۆرەکییە، جیا لەوەی زیانی گەورە بە قوربانی دەگەیێنێ، تاوانکارییەکی ئەنقەستە لە پێشێلکردنی مافی ڕۆژنامەنووساندا وەک هاوڵاتییانی سڤیل. بەپێی پێناسەی مافە نێونەتەوەییەکان لە هەندێ حاڵەتدا ئەم ڕەفتارانە دەتوانێ بەڵگەی جەنایەتیی جەنگی بێ و لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا کە بە زۆر ڕۆژنامەنووس "بێسەروشوێن" دەکەن، دەتوانین ناوی تاون دژی مرۆڤایەتی لەسەر دابنێین.

The Iraq War: The Heaviest) Death Toll for the Media" Since World War II, March 2003 – August 2010

http://en.rsf.org/irak-the-iraq-war-the-heaviest-death-07-09-2010,38294.html

**1 - جاناتان ڕندال، هەواڵنێری پێشووی ڕۆژنامەی واشنگتن پۆست، لەمەڕ چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ دوو کەس لە ڕێبەرانی سێربیا لە ساڵی 1992دا بەمەبەستی شایەتی دان لە لایەن دادوەرە بانگ کرا و ئەویش ئامادە نەبوو بچێتە دادگا. لەبەر ئەوەی دادگا قەبووڵی کرد کە جاناتان ڕندال مافی خۆیە شایەتی نەدا و داواکاری دەزگای قەزایی ڕەت کاتەوە، ئەمە وەک بەڵگەیەک بۆ پاراستنی "پیشە و سەرچاوەی زانیاری هەواڵنێران" فەرمییەتی وەرگرتووە. تا ئەمڕۆکەش وەک پرۆسەیەکی دادوەرانەی نێونەتەوەیی لە کاری هەواڵنێران لەو ناوچەگەلەی شەڕی لێیە چاو لێ دەکرێ و پارێزگاری لە زانیاری و سەرچاوەکانی دەکرێ.**

**بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**

TPIY – Procureur c. Radoslav Brdjanin et Momir Talic (IT-99-36), Dicision relative a l'appel interlocutoire 11 decembre 2002

http://en.rsf.org/pays-bas-le-journaliste-jonathan-randal-11-12-2002,04500.html

2- Dictionnaire Paratique du droit Humanitaire – Francoise Bouchet – Saluliner

3- Philippe Petit- protection des journaliste dans les zones de conflit arme.

**4 - وەرگێڕدراوی فارسی بڕیارنامەکە**
http://rsf-persan.org/article17212.html

5 - Actualisation de la protection des journalistes en mission perilleuse dans les zones de confit- Jean pilippe Petit

**6 - ئامارەکان لە ماڵپەڕی هەواڵنێرانی بێ سنوور وەرگیراوە.**

ئەدەب و هونەر

کوردستان

ژمارە: ٦٥٠

٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٣

١٩ی فێوریەی ٢٠١٥

# بواری فەرهەنگ و هونەر پاش ٣٦ ساڵ

# لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی



عەلی لەیلاخ

ئەم ڕێبەندانە ڕێک سی وشەش ساڵ بەسەر تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێران تێپەڕدەبێ، کۆمارێک کە هیچ کات هەڵگری باری مانای کۆمار نەبووە و بەشێکی زۆر لە ویست وداوکارییەکانی خەڵکی ئێران کە بۆ بە هەوینی شۆرشی ١٣٥٧و لابردنی دەسەڵاتی پاشایەتی هێشتاکە لەجێگەی خۆی ماوەتەوەو جێبەجێ نەکراون. لە کەس شاراوە نیە کە گەلانی ئێران وبەشێکی زۆر لە ڕێکخراوە سیاسییەکان کە لەم شۆرشە بەشدارییان کرد وفیداکارییان نواند ئێستاکە بە تەواویی بەم قەناعەتە گەیشتوون کە ئەوەی ویستان بەدی نەهات و بەڵکوو لە هەموو بارێکەوە تووشی نەهامەتی بوون. ئەگەر بمانهەوێت لە چەندین ڕوانگەوە سەرنجی دۆخی ئێستاکەی کۆماری ئیسلامی بدەین و لێکدانەوەیەکی خێراییمان هەبێت، وردبینێکی وای ناوێت چونکە هەلومەرجی کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی ئەم کۆمارە لە باری سیاسی و ئابووری وفەرهەنگی وکۆمەڵایەتییەوە خۆی دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە دەرئەنجامەکە تا ئێستا بێجگە نەگبەتی و مەینەتی هیچ نەبووە. لە هەزارەی سێیەمدا ئێران بۆتە زیندانی جیابیران و ئایدۆلۆژیایەکی داخروی مەزهەبی بەتەواوی پەلیهاوێشتوە نێو هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگاوە ئەگەرچی پرسی سەرەکیی ئەم بابەتە ئاوڕدانەوەیەکە بەسەر ڕەوشی فەرهەنگ وهونەری کۆمەڵگەی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەڵام بە پێی زانستی کۆمەڵناسی دەسەڵاتی سیاسی ڕێژیمی حاکم کاریگەریی هەیە بەسەر هەموو بوارەکانی دیکە بەتایبەتی بواری هەستیاری فەرهەنگ وهونەر.

وەک دەزانن دەسەڵات لە ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بە هۆی هێندێک هۆکاری ناوەکی ودەرکی گۆڕانی بەسەردا هات ودوای لە ناوچوونی سیستمی پاشایەتی و تاڕادەیەک بە پێی ویستی زلهێزانی جیهانی، کۆماری ئیسلامی بوو بە خاوەنی سەرەکیی ئەم شۆرشە تائێستاش. دەسەڵاتدارنی ئەم سیستمە هەر لەسەرەتاوە لە ڕێی مەزهەبەوە دیکتاتۆریەتێکی سیاسییان بەسەر خەڵکی ئێران داسەپاند. هەرچەشنە نارەزایەتی و جیابیریان خستە خانەی(ضد انقلاب)وخۆیانیان بە نوێنەری خودا دەزانی لەسەر زەوی و نامرۆڤانەترین شێوەی لە ناو بردنی دژبەرانی خۆیانیان بە کارێکی ئینقلابی ناوزەد دەکرد. تەنانەت ماشێنی ناوبردن و سڕینەوەی جیابیران زۆرجار کەسەنزیکەکانی ئینقلابیشی گرتەوە. سازکرتنی کاریزمایەک لە خومەینی و بە مەرجەع کردنی ڕێبەری نیزام بۆ هەموو بوراێک بوو بە هۆی ئەوەکە بە بیانووی بەزاندنی هێڵی سووری نیزام! زۆرێک لە دژبەران ونارازییانی نیزام بخرێنە پەراوێزەوە .

بەربەرە هەلومەرجی سیاسیی کۆماری ئیسلامی کە لەسەرەتاوە دیکتاتۆریی ئایینی بوو، پاش چەند ساڵیک پاڵی دابە توتالیتاریزمێکی گشتگیر. بە لە بەرچاو گرتنی مانای توتالیتاریزم بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەوشی فەرهەنگو هونەر چۆناچۆنەوکۆمەڵگەی فەرهەنگی و ئەدەبی ئەم وڵاتە لەچ ئاستێکدا دەژین.کە دەتوانین بەم شێوە پۆلێن بەندی بکەین؛

- لەساڵی٥٧هەتا ٥٩ واتە دەسپێکی شەڕی ٨ساڵەی ئێران وعیراق

لەم دووساڵە کە سەرەتای بەسەرکارهاتنی کۆماری ئیسلامییە، هەر زۆ زەبرێکی زوور لە کۆمەڵگەی هونەرمەندان درا چونکە لە ڕوانگەی داخراوی مەزهەبییەوە هونەربەگشتی و بەتایبەتی موسیقا و سینەمایان بە هۆی بێ ئیخلاقی و گەندەڵی کۆمەڵایەتی دەزانی. باشترین بەڵگەش بۆ ئەم ڕوانینە قسەیەکی «خومەینی»یە لە وتووێژێکدا کە دەڵێ: مۆسیقی مێشکی منداڵانمان گەنیو دەکات و دەبێ وەکوو مادە هۆشبەرەکان بە تەواوی بسڕێتەوە! (دیدار با کارکنان بخش مالی و تولید سازمان صدا و سیما-٢٨ تیر ١٣٥٨) هەر ئەم شێوە ڕوانین و سیاسەت کردنە بوو بەهۆی تەرەبوون و هەڵاتن وکپ کردنەوەی دەنگ و ڕەنگی بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان وچالاکییە هونەرییەکان. ئێستاشی لەگەڵ بێ نیشاندانی ئامێری موسیقایی لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک دەتوانین بیژین: قەدەغەیە.

هەڵگیرسانی شەری ئێران وعیراق لە لایەکوگرنگی وکاریگەریی هونەر بەسەر بیروزەینی کۆمەڵگە لە لایەکتر حاکمیەتی ناچارکرد بۆ نەرمی نواندن بەرانبەر بە کاروباری فەرهەنگی و هونەری بەڵام بە ئەگەرومەرجی ئەوەکە بە تەواوی لە خزمەتی بانگەشەی ئینقلاب و ڕەوایی بەخشین بە شەڕیماڵوێرانکەر لە ژێرناوی (هونەری دیفاعی موقەدەس) واتا دەبێ سەرجەم کاروچالاکییەکان بە لەبەرچاو گرتنی بنەمای ئیسلامی لە ڕەهەندوکاناڵی ئەم چەمکەدا بێت هەرچەشنە ڕەخنەگرتن یان گلەیی لە سیاسەتی حاکم نەتەنیا قەدەغەبوو، بەڵکوو بە تۆمەتی دژی شۆڕش بوون بە توندی سەرکوت دەکرا. بە کورتی ئەم شێوە ڕوانینە هەتا ساڵانی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران وعیراق بە گشتی بەسەر کۆمەڵگەی فەرهەنگ و هونەر زاڵ ببوو، تا ڕادەیەک کە قەڵەمەکان یان دەبوا گوێ لەمستی حاکمیەت بوایان یان دەبوا لەوپەڕی بێ ڕێزی و بێ دەرەتانیدا بە بێ دەنگی بمێنەوە.

_ساڵی٦٨هەتا کۆتایی سەرۆک کۆماریی ڕەفسنجانی

بەدوای مەرگی خومەینی دەسەڵاتی مەزهەبی شیعە بۆ پاساوهێنانەوە و بۆ بەرەنگاری لەگەڵ هەرچەشنە جیابیریی بە هاوکاری هێندێک لایەنی ئەمنی و فەرهەنگی ڕێژیم، ولایەتی فەقی وەکوو بنەماومەرجەعێک زەق کرایەوە هەتا بتوانن درێژە بە توتالیتەی سیاسی بدەن وپێش لە هەر چەشنە گۆڕانکارییەکی فەرهەنگی وکۆمەڵایەتی بگرن. ڕەوشی فەرهەنگ و هونەر لەم دەورانە هێشتا لە ژێر کاریگەریی سەردەمی شەڕی ٨ساڵەداماوەتەوە، بەتایبەت لە دوو ژانری ئەدەبیات وسینەمادا.

-دەورانی بەناو چاکسازیی(١٣٧٦\١٣٨٤)واتە سەرۆک کۆماری محەمەدی خاتەمی

ئەم ٨ساڵە کە بە نیسبەت ساڵانی پێشوو بە باشترین دەورانی کۆماری ئیسلامی لە بواری سیاسی وفەرهەنگییەوە ناوی لێدەبرێت و هەست بە هێندێک جیاوازی لە حەوزەی سانسۆر و ئازادی ڕادەربڕین دەکرێت بە بەراورد لە گەڵ قوناخەکانی پێشووتر سەردەمێکی چاکتر و قبووڵترە بۆ چالاکانی بواری فەرهەنگ و هونەر. چونکە لەم سەردەمە بنکە و ئەنجومەنە ئەدەبییەکان لەم دەرفەت وفەزای کراوەی سیاسییەدا باشترین کەڵکیان وەرگرت بۆ تێکۆشان و چالاکی فەرهەنگی و ئەدەبی، لەسەرەتاوە دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە چاپ کران و ئاڵوگۆڕێک بەسەر کۆمەڵگادا بە دی دەکرا، بەڵام زۆری نەخایاند کە بەرەبەرە قەڵەمە ڕەخنەگرەکان سەرکوت کران و ڕۆژنامەکانیش داخران. تێرۆری دەیان کەسایەتی فەرهەنگی و سیاسی ئەمجارە بەپێچەوانەی دەهەی٦٠هەرلەناوخۆی وڵات، ڕەشترین خاڵە لە کارنامەی دەوڵەتی بەناو چاکسازیی‌دا.

-سەردەمی دەوڵەتی بناژۆخوازوسەرۆک کۆماری ئەحمەدنیژاد

دەگوترێ:کە ئەم ٨ساڵەی دەسەڵاتداریەتی ئەحمەدنیژاد بە چراسەوز نیشاندان و پاڵپشتی سەرانی سەرەوەی دەسەڵات واتە ڕێبەری و لیدرەکانی نیزامی ئیسلامی ئێران بۆ بەرگریی کردن لە پەرەستاندنی مفاهیمی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و پرسی ژنان و ئازادی ڕادەربڕین و هتد. کە بەڕاستی بە مەترسییان دەزانی بە جۆرێک فلاشبک لێدانێک بوو بۆ گەڕانەوە بەرەولای بنەما سەرەکییەکانی ئینقلاب و پەرەپێدان بە دەسەڵاتی ئیدولۆژیای ئیسلامی و داسپاندنی دیکتاتۆری ئایینی. هەر بۆیە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە ئەمجارە بەتوندی هێرش کرایە سەر کۆمەڵەی فەرهەنگی بەتایبەت لە کوردستان وکەمتر لەیەک یەکساڵ بەشێکی زۆر لە چالاکییە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان بە تەواوی کۆتاییان پێهات. سێبەری ڕەشی ئەم ٨ساڵە بوو بە هۆی کۆچ کردن و زیندان ڕۆیشتن و ئاوارەبوونی دەیان و سەدان چالاکی فەرهەنگی و مەدەنی. ویستی دەوڵەتی ئەحمەدی نیژاد ئەوە بوو کە چرۆی جیابیری و نارەزایەتی و ڕەخنەگرتن،کە تازە سەری هەڵدابوو هەر بەکرچ وکاڵی بن بڕبکات.



ئێستاکەش لە ٣٦ساڵەیی تەمەنی کۆماری ئیسلامی کە یەک ساڵ بەسەر دەوڵەتی بەناو (تدبیروامید) تێدەپەڕێت نەتەنیا هەلومەرجی نالەباری فەرهەنگی و هونەریی ئێران بەگشتی و بەتایبەتی کوردستان گۆرانێکی بە خۆیەوە نەدیوە، بەڵکوو هێشتا هونەرمەندان ونووسەران وخاوەن بیران بە دەردی سانسۆرو ڕەشبینی و داخراوەیی دەسەڵاتدارانەوە دەناڵێنن. ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی مافی مرۆڤی کورد لەسیاساڵی سانسۆر لە سیاچاڵەکانی ڕێژێم نیشان لە بێ هیوایی دەوڵەتی هیواوئومیدە.

بنەرەتی ترین مافی گەلانی ئێران کە هەمان خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکییە لێیان زەوت دەکرێ و هەرچەشنە چالاکییەکی هونەری کە هەڵگری هەستو خۆشەویستی نەتەوەیی بێت بۆ گەلانی نافارس بە جیاییخواز (تجزیەطلب) تومەتبار دەکرێن. خەماویترین سیکانسی شانۆی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی بێ شک دۆخی ژنانە بە تایبەتی کچ و ژنانی چالاک لە بواری فەرهەنگ و هونەر. دەنگی ئاوازی هونەری ئەم چینە وەکوو ڕەنگی خۆیان و ئازارەکانیان هێشتاکە قەدەغەیە و تەنانەت کەمترین مافی خۆنواندنیان لە بواری فەرهەنگ هونەر بەبێ ئەگەرومەرجی ئایینی پێ نادرێت. قسەی کۆتایی مارف ئاغایی وتەنی:ماڵ زیندانی تاکەکەسی

نیشتمان زیندانی گشتی! ئەتۆکامیان هەڵدەبژێری؟





# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 650 febr 2015



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137

polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## بەر لە ماڵاوایی

### پەیامی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان،
### بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی
### پەنگاوەکان(تالابها) و ڕۆژێکم بۆ زرێبار!

به ناوی یەزدانی بێ هاوتا
ئێوارەیە دڵ پڕ خەمە کۆساری مەریوان
هەرگیز وەکوو ئەمڕۆ نەبووە شاری مەریوان
خەڵکێ لە پەنای کێوی سەری گۆلی زرێبار
خەمبار دەگریێن و دەکەن شیوەن و هاوار
خەو بەسیەتی دەروێش دەسا هەستە درەنگە
نازانی دڵی مەردمی ئەم شارە چ تەنگە؟

سڵاو چاوە شینەکەی شارە خنجیلانەکەم. سڵاو ناسنامە و گەورەیی و شکۆ و سەربڵندی مەریوانەکەم. سڵاو هەڵقوڵاوی خوێنشیرینترین کانییەکانی جیهان. ڕەنگی تۆ شینتر لە ڕەنگی هەموو ئاسمانەکان. سینگت باوەشی جوانترین لەیلووپەڕ و شلێرەچۆمە سپی و زەردەکانی کوردستانە. هەنگەڵت قورۆقی قامیشڵان و سنۆ و لەبانانە. فراوانتر لە سینگی دایک، هەموو لەش و دەمار و هەناوی خۆت کردە ژیان بۆ هەزاران مرۆڤ و باڵەندە و گیانلەبەر و, ڕەنگاورەنگی و جوانیەکی بێوێنەت بەخشیە دەڤەرەکەمان. هۆ زرێبارە تەلیسماویەکەی چیرۆک و ئەفسانەکانی وڵاتە دێرینەکەی ڕۆژهەڵاتم. دیمەنی سێحراوی ئابلۆقەی دارستان و چیا گەردنکەشەکانت، گرەوی لە هەرچی نگار و نگارکێشی سروشت بردوەتەوە.

کام چاوت پڕ نەکرد لە تەماشای جوانی شەپۆلانت و کام هەناسەت تێر نەکرد لە شنە و سروەی بەربەیانت؟ کام ڕوومەتی گەش باوەشی نەکرد بە شەونمی بۆن خۆشی زێڕینی ژیان بەخشت؟ سەیرانگا و جێژوانی ئەویندارانت، هەزاران چیرۆک و فیلم و وێنەی بێ وێنەی بۆ مێژوومان تۆمار کرد و کامێراکان تاسەی حەز و ئاواتیان لە بەخشەندەیی و دڵبەرینی تۆ ئەشکاند.

زرێبارەکەم؛ کێ هەیە نەزانێ کە بە درێژایی تەمەنی پڕ بەخشەندەییت، خوای ژیان و بێگەردی و ڕووناکی و دلۆڤانی و دەهەندەیی بۆ دەڤەر و ناوچەکەمان بوویت. ئەی پڕبەهاترین دیاری خوای سروشت و جوانی؛ کە تۆ مایەی غروور و شوناس و شانازی و مێوانەوازی مەریوانەکەمانی، چ ڕووی داوە ئەمڕۆ، چ قۆماوە ئەمڕۆ؟

بەڵێ؛ زۆر بە داخەوە هەواڵی دڵگەزێن و ناخۆشی نەخۆشینت ئەوا چەند ساڵە بوەتە خەمێکی پڕ گران و، چاوی دڵسۆزان و هۆگرانی تۆی پڕ کردوە لە ئەسرین و، تەماشای ڕەنگی زەرد و لاوازی جەستەت، ڕۆحی شەکەتی نیشتمانی مات و پەرێشان کردووە. ناسپاسی و ستەم، دەسدرێژی و خەیانەت؛ شینایی و زوڵاڵی چاوەکانی لێڵ کردوی و خەم و تەمێکی خنکێنەر ناخی توند گووشیوی و ناهوشیاران و ناحەزانت بە ڕۆحێکی شەیتانیەوە چوونەتە جەستەی فەیلەقووس و، گوایە تۆڵەی دەروێشی هەژار و ماندووی دیرۆکت لێ ئەکەنەوە.

زرێبارەکەم؛ سەد مەخابن ئەمڕۆ؛ چەندە بەرزو چەندە قووڵ و چەندە بەرین و چەندە جوان و هەر هەموو چەندەکانی ترت، تێکەڵی مێژوو بووە و ئەمیستا لە لایەکەوە، ساڵیانێکی دوور و درێژە، بەنداوێکی نگریس کە بووەتە پەتی سێدارەت لە بەردەمدا هەڵواسراوە و لە لایەکی دی، پیسایی و کیمیایی و ژار و زبڵ و غەدر و دەسدرێژی و نابەرپرسی و بێهەڵوێستی و ناسپاسی بوەتە دیاری و پێشکەشی شەوانەڕۆژی چێژبەران و میوانان و سەیرکەران و نابەپرسان و حەزبەرانت.

زرێباری تەمگرتوو! گرژ مەبە گەر بڵێین ئەمڕۆ تۆیان خۆش ناوێ و کەوتوویتە بەر ڕق و نفرەتێکی بێ پایانی نابەرپرسان و نادڵسۆزانی ناهوشیار و قازانج پەرەست.

بەڵام، زرێباری بەخشەندە و دلۆڤان؛ ئەمڕۆ ئێمە وەک ئەنجومەنی سەوزی چیا لە مەریوانی زرێبار، لە بەردەم دڵی تەنگ و ڕەنگی زەرد و جەستەی خەستە و گیانی پڕ ئازارت، لە گۆڕەپانی شەرمەزاری و پەشیوانیدا، لە قووڵایی دڵمانەوە هەست بە پەرێشانی و دەرد و ئازارە سەختەکانت دەکەین و هاوارمان دەخەینە پەنای فەریادە پەنگ خواردوەکانت و دەنگ هەڵ دەبڕین و داوا دەکەین؛ مەردمی بەشەرەف، مەریوانیەکان؛ هوشیار هوشیار ببنەوە، زرێبار ناسنامە و شوناسی مەریوان و مەریوانیە، زرێبار مێژوو و فەرهەنگ و ڕەسەنایەتی ئێمەیە. کەی ڕەوایە ناسنامە و فەرهەنگ و مێژووی خۆمان بسڕینەوە؟ پاشەڕۆژی شاری بێ ناسنامە چۆن ئەبێ و نەوەکانی داهاتوو ئەبێ چ داوەریەکمان لە سەر بکەن؟ ئاگادار بن؛ زرێبار لە بەر مەترسیەکی پڕمەترسی و جوانە مەرگی دایە. ئەویش لە سەر دەست و لە بەر چاوی ئەم بەرەی ئێمە.

بۆیە ئێمە وەک ناوەندێکی ژینگەپارێز بەڵێن ئەدەین؛ هەرگیز زرێبار فەرامۆش ناکەین، ئێمە بۆ بووژاندنەوەی زرێبار و بەرگری لە هەر کارەساتێکی نەخوازراو، دەنگمان دەخەینە پەنای دەنگی هەموو ناوەندە ژینگەپارێزەکانیتر و هەموو دڵسۆزانی ژینگە و سروشت و زرێباری تەم گرتوومان. پێش ئەوەی ئاستەنگەکان لە چارە دەر بچن و ئەزموونە تاڵ و کوشەندەکەی دەریاچەی ورمێ، بسەپێ بە سەر زرێباریشدا، بەرپرسان و کاربەدەستان هوشیار دەکەینەوە، نابەرپرسی و کەمتەرخەمی بەسە، چیتر بێدەنگ نابین، نە خەڵکی ناهوشیار و قازانج پەرەست و دەستدرێژیکار و، نە دەسەڵاتی بەرپرسیار، چیتر مافی ئەوەیان نیە نگینی جوانی گۆنای مەریوانی کوردستانەکەمان کاڵ بکەنەوە و ڕەوتی ژیانی شارێک بەرەو هەڵدێر و نەمان پاڵ تێوە نێن.

**زرێبار؛ فەرامۆشت ناکەین!**
**ئەنجومەنی سەوزی چیا مەریوان – ٤ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی**
**بە داخەوە ئەم پەیامە لە مەراسیمی " ڕۆژێکم بۆ زرێباردا " نە خوێندرایەوە.**
**وەرگیراو لە ماڵپەڕی ئەنجومەنی سەوزی چیا**

## مەریوان، شارێک بۆ لێ فێربوون



**مەنسوور مرووەتی**

دوابەدوای بانگەوازی «ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان» ڕۆژی هەینی رابردوو، ڕێکەوتی ٢٤ی ڕێبەندان هەزاران کەس لە خەڵکی شاری مەریوان لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا بە ناوی «ڕۆژێکم بۆ زرێبار» لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە. لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە




بەشداری ڕێکخراوە مەدەنییەکانی دیکەی مەریوان و چەندین ڕێکخراوی مەدەنی و ژینگەپارێزیی شارەکانی دیکەی کوردستان بەڕێوەچوو، هاونیشتمانانی مەریوانی دیمەنێکی وەها جوانیان لە هەوڵێکی مەدەنیانە بۆ ڕزگار کردنی گۆلی زرێوار خستە روو کە جگە لە شانازی پێوەکردن جێگای تێڕامان و لێ




فێربوونیشە.

ئەگەرچی مەریوان لە بواری خەباتی مەدەنیدا رابردوویەکی پرشنگداری هەیە، بەڵام جێی خۆیەتی کە ئاوڕێک لە چالاکیەکانی ئەم چەند ساڵەی چالاکانی ئەم شارە و بە تایبەتی هەوڵ و تەقەللاکانی «ئەنجومەنی سەوزی چیا» بۆ پاراستنی ژینگەی وڵاتەکەمان بدەینەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە جگە لە ماوەیەکی کورت نەبێ و ئەوەیش بە هەزار گیروگرفت، چالاکانی کورد هیچکات مەجالی ئەوەیان پێ نەدراوە کە لە ڕێگای دامەزرانی ڕێکخراوە مەدەنییەکانەوە پەرە بە کاروباری خۆیان و خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن، بەڵام لە هەر دەرفەتێک بۆ خەباتی مەدەنی خۆیان کەڵکیان وەرگرتوە و دەکرێ بڵێین کە خەڵکی مەریوان لەو بارەوە ڕچەشکێن و تا ئێستایش پێشڕەو بوون و هەن. نموونەی بەرچاویش بوونی ڕێکخراوەگەلێک وەکوو ئەنجومەنە جۆربەجۆرەکانی ئەدەبی، هونەری، ژینگەپارێزی، ژنان، زانستی، خوێندکاری و ڕۆشنبیریی جۆربەجۆر لەم شارەدا و بەڕێوەچوونی فستیواڵی ساڵانەی شانۆی سەرشەقامە کە نە تەنیا لە ئێران و کوردستان بەڵکوو لە ئاستی وڵاتانی ناوچەدا لە مەریوان بەڕێوە دەچێ.

بەڕێوەبردنی چالاکی بە شێوەی ڕێکخراوەیی یەکێک لە خاڵە بە هێزەکانی خەباتی مەدەنیە کە چالاکانی مەریوانی چاک لەوە گەیشتوون و بۆ ئەوە دەبێ کە سەرنجی تایبەتیی بدرێتێ. دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە لە شارەکانی دیکەی کوردستان کاری هاوشێوە نیە و نەکراوە

بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد، هەموو ئەو ئێن جی ئۆ و ڕێکخراوانە کەوتنە بەر پەلاماری ناوەندە ئەمنیەتییەکان و زۆربەی بەڕێوەبەرانی تووشی زیندان و تەریک خستنەوە و دەرکران لە وڵات و داخستنی شوێنی کارەکانیان بوونەوە کە دەکرێ کار بۆ وەگەڕ خستنەوەی ئەنجومەن و ڕێکخراوەکانی مەدەنی لە هەموو شارەکان بکرێ.

ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ئەم شارەو یەک لەوان ئەنجومەنی سەوزی چیا ڕێکخراوگەلێکن کە سەرەڕای تێچووی زۆر، باشترین تایبەتمەندییان ئەوەیە کە هیچکات دەستەوەستان نەبوون و بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئەم شارەو چالاکییە جۆراوجۆرەکانیان لە هیچ هەوڵێک درێغییان نەکردوە، بۆ وێنە دەکرێ بڵێین هەوڵەکانی چەند ساڵەی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان بۆ ڕزگار کردنی دارستانەکان کە هەرجارە و دەستێکی« دیار و نادیار» ئاگری تێبەردەدا، نموونەیەکی بەرچاو لە خەمخۆری و چالاکیی مەیدانیی چالاکانی ئەم شارەیە.

ڕێوڕەسمی «ڕۆژێکم بۆ زرێبار»یش کە ئەم ئەنجومەنە ڕێکخەری سەرەکیی بوو، بێگومان یەکێک لە کارە سەرکەوتوەکانی ئەنجومەنی چیای سەوز بوو کە ئەویش دەبێ سەرنجی خۆی بدرێتێ.

یەکەم شتی سەرنجراکێشی ڕێوڕەسمی «ڕۆژێکم بۆ زرێبار» ئەوەبوو کە لە منداڵەوە بگرە تا لاوان و بەساڵاچوانی ئەم شارە بە کچ و کوڕ و ژن و پیاوەوە بەشداریی ڕێوڕەسمەکەیان کرد و وێکڕا سوێندیان خوارد کە خاوەنداری و پارێزگاری لە زرێوار بکەن. کەوایە با هەمووان وەکوو خەڵکی مەریوان لە هەر ڕێگایەکەو لە هەر بوارێکەوە کە بۆمان دەکرێ خاوەنداری لە وڵاتەکەمان بکەین.

خاڵێکی دیکە کە دەبێ سەرنجی پێ بدرێ ئەوەیە کە ئەم ڕێوڕەسمە ڕەنگینە بە ئارامی کۆتایی پێهات و بەڕێوەبەران و بەشداران ئاراستەی ڕێوڕەسمەکەیان بەشێوەیەک ئیدارە کرد کە ئیزنیان بە هیچ کەس و لایەنێک نەدا کە بەهانەیەک دروست بکەن بۆ پەلاماردانی خەڵک و تێکدانی ڕێوڕەسمەکە. چونکە نموونەی وەها زۆرن لە کوردستان کە هێزە ئەمنیەتییەکان بۆ خۆیان و بە بەهانەیەک ڕێوڕەسمەکانیان تێکداوە و لە ئەنجامدا لە پیلانەکانیان‌دا سەرکەوتوون و خەڵکانێکی زۆریان تووشی لێپێچینەوە و زیندان و دەربەدەری کردوە.

لە کۆتایی‌دا وێڕای ماندوو نەبوونی لە هەموو خەڵکی مەریوان و بە تایبەتی چالاکانی بوارە جۆربەجۆرەکانی ئەم شارە، جێی خۆیەتی کە بوترێ، مەریوان شارێکە بۆ لێ فێر بوون.